# ڕێبەری جێبەجێکردنی پرۆسەی بۆلۆنیا لە زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

## ٢٠٢٥-٢٠٢٦




https://qa.su.edu.krd/

بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری و پەرەپێدانی پرۆگرامەکان

**ڕێبەری جێبەجێکردنی پرۆسەی بۆلۆنیا لە زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر**

©بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری، 2026-2025

## سەرجەم مافەکانی ئەم ڕێبەرە بۆ زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر پارێزراوە

سەرجەم مافەکانی ئەم بەرهەمە بۆ زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر ، ئاماداکارانی پارێزراون بە هیچ شێوەیەک ڕێگە نادرێت بە لە چاپدانەوە و کۆپیکردن یان بەکارهێنانی ئەم ڕێبەرە لە لایەن هیچ زانکۆ، کۆلێژ، پەیمانگا، یان هەر دامەزراوە و لایەنێکی تر، هەروەها ڕێگە نادرێت بە بڵاوکردنەوەی بەشێکی یان تەواوی ئەم ڕێبەرە لە سایت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و یاخود خستنە سەر شێوەی دەنگ و کردنی بە ئەپلیکەیشن و سلاید و پاوەرپۆینت و هاوشێوەکانیان. هەروەها ناتوانرێت بەبێ مۆڵەتی نووسراوی پێشوەختەی لایەنی بڵاوکەرەوە بەرهەمبهێنرێتەوە، دابەشبکرێت، یان بگوازرێتەوە، تەنها لە حاڵەتی وەرگێڕانی کورتدا نەبێت، کە لە پێداچوونەوە ڕەخنەییەکان و هەندێک بەکارهێنانی نابازرگانی دیکەدا بەرجەستەکراون کە لە یاسای مافی چاپکردن ڕێگەپێدراوە.

## بۆ سەرجەم لایەنە جێبەجێکارەنی پرۆسەی بۆلۆنیا لەزانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

ئەم رێبەرە وەک بەڵگەیەکی گرنگ و پێویست لە زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر دادەنرێت، کە ئامانجی سەرەکی روونکردنەوە و رێنمایی کردنی هەموو لایەنەکانی( مامۆستا، قوتابی، بەشی زانستی، دڵنیای جۆری، ئەوانیتر) پەیوەست بە جێبەجێکردنی پرۆسەی بۆلۆنیایە. ئەم بەڵگە فراوانەش چوارچێوەی تەواوی پرۆسەکە دەخاتەروو و بەوردی رۆڵ و بەرپرسیاریەتی هەر یەکێک لە بەشداربووان هەروەها چۆنیەتی دانانی کاتژمێرەکانی باری کارو کۆششەکانی قوتابی و دانانی مۆدیوڵە سەرەکییەکان (Core Modules)، مۆدیوڵە هەڵبژاردەکان ( Elective Modules)، مۆدیوڵە گشتیەکان (General Modules)، لەگەڵ رۆڵی بەشەکان لە وانە مۆدیوڵی پێشمەرج (Prerequisites Module) و پەیوەندی مۆدیوڵەکان. بە پێی ئەم رێبەرە، هەموو لایەنەکان دەتوانن لە رێگەی تێگەیشتنێکی روون و تەواوەوە لە پێداویستی و مەرجەکانی پرۆسەی بۆلۆنیا، بەرەو پێشخستنی کوالێتی خوێندن و فێربوون و گەیشتن بە ستانداردە نێودەوڵەتییەکان بەرەو پێش بچن، کە ئەمەش بوونی زانکۆیەکی پێشکەوتوو و هاوشانی زانکۆکانی ئەوروپا دەهێنێتە کایە.

# ناوەڕۆک


سەرجەم مافەکانی ئەم ڕێبەرە بۆ زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر پارێزراوە 1

بۆ سەرجەم لایەنە جێبەجێکارەنی پرۆسەی بۆلۆنیا لە زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر 2

**پێشەکی** 7

**پرۆسەی بۆلۆنیا** 8

**پرۆسەی بۆلۆنیا چییە؟ 8**

**بنەما سەرەکییەکانی پرۆسەی بۆلۆنیا بەم شێوەیەی خوارەوەیە: 8**

**گرنگی بەکارهێنانی ئەم پرۆسەیە بۆ زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر چییە؟ 10**

**پێکهاتەی ئەم ڕێبەرە 12**

**ڕۆڵی بەشە زانستییەکان 12**

**ڕۆڵی مامۆستای زانکۆ 12**

**ڕۆڵی قوتابی زانکۆ 13**

**پێناسەکان (ناساندنی چەمك و دەستەواژەکان) 13**

ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی بەشە زانستیەکان 19

**تەوەرەی یەکەم 19**

**پەرەپێدان و نوێکردنەوەی پرۆگرامی خوێندن 19**

**لقی یەکەم: دەرئەنجامی فێربوون (Learning Outcomes): 20**

**پێکهاتەی دەرئەنجامەکانی فێربوون (لە پرۆسەی بۆلۆنیا): 21**

**١-زانیاری یان زانین ( Knowledge ) ئاماژەیە بەوەی کە قوتابی دەیزانێت و لێی تێدەگات 21**

**٢. کارامەیی (Skill) (ئەوەی قوتابی دەتوانێت بیکات) 22**

**٣.لێهاتووییەکان (Competence) (چۆن قوتابی زانیاری و لێهاتووییەکان بەکاردەهێنێت) 23**

**تەوەرەی دووەم 24**

**ڕۆڵی سەرۆکی بەش، ئەنجوومەنی بەش و لیژنەی پرۆگرامی خوێندن لە دارشتنی دەرئەنجامەکانی فێربووندا 24**

**سوودە سەرەکییەکانی دەرئەنجامەکانی فێربوون 25**

**تەوەرەی سێیەم 26**

**چوارچێوەی بنچینەیی پرۆسەی خوێندنی باڵا لەسەر بنەمای پێواژۆی بۆلۆنیا 26**

**(Higher Education Framework ) 26**

**ئاستەکانی پرۆگرامی خوێندن لە زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر: 27**

**تەوەرەی چوارەم** 30

**ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی بەشە زانستییەکان لە ئاستەکانی خوێندن بە پشتبەستن بە ساڵنامەی خوێندنی ئەکادیمی خوێندن لە هەر وەرزێکدا لە پرۆسەی بۆلۆنیا** 30

**تەوەرەی پێنجەم** 34

**ڕۆڵی بەش لەجێبەجێکردنی سیستەمی گواستنەوە و کەڵەکەکردنی کرێدت** 34

**تەوەرەی شەشەم** 37

**ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی بەشەکان لە بەڕێوەبردنی مۆدیوڵەکان لە چوارچێوەی پرۆسەی بۆلۆنیادا** 37

**شێواز و پێکهاتەی مۆدیوڵەکان کەگشتگیرن لە سەر ئاستی زانکۆ** 38

**شێواز و پێکهاتەی مۆدیوڵەکان کەگشتگیرن لە سەر ئاستی کۆلێژ** 39

**شێواز و پێکهاتەی مۆدیوڵەکان کەگشتگیرن لە سەر ئاستی بەش** 39

**یەکەم- مۆدیوڵە سەرەکییەکان (Core Modules)** 40

**دووەم- مۆدیوڵە هەڵبژاردەکان (Elective Modules)** 41

**مۆدیوڵە گشتیەکان (General Modules)** 42

**ڕۆڵی بەشەکان لە وانە مۆدیوڵی پێشمەرج (Prerequisites Module) و پەیوەندی مۆدیوڵەکان** 43

**تەوەرەی حەوتەم** 44

**ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی بەشە کان دابەشکردنی کرێدیتی ECTS بۆ هەر مۆدیوڵێک** 44

**ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی بەشەکان لە کۆشش لە چوارچێوەی (ECTS) و پرۆسەی بۆلۆنیا** 45

**گۆڕینی کاتژمێرەکان بۆ ECTS:** 46

**باری کارو کۆششی ڕێکخراوی قوتابی: یەکەم:** 46

**دووەم: باری کارو کۆششە نارێکخراوەکانی قوتابی:** 47

**Student Workload (SWL)** 48

**باری کارو کۆششی قوتابی:** 48

**ڕێژەی جۆرەکانی باری کارو کۆششەکان:** 49

**چۆنیەتی دیارکردنی باری کارو کۆششی قوتابی (Student Workload) :** 49

**قۆناغەکانی هەژمارکردنی (ECTS) بەستانداردی (3,6,9).** 52

**تەوەرەی هەشتەم** 56

**تۆمارکردن و ناونووسینی قوتابیان بۆ مۆدیوڵەکان لە هەر وەرزێك** 56

**تەوەرەی نۆیەم** 57

**ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی بەشە زانستیەکان لە هێنانەدی ڕێوشوێنەکانی دڵنیایی جۆری لەناو کۆلێژەکان وەک ناوەندی جێبەجێکردنی سەرکەوتووانەی پرۆسەی بۆلۆنیا.** 57

**تەوەرەی دەیەم:** 58

**ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی بەشە زانستییەکان لە لە بەرزکردنەوەی ئاستی فێربوون و هەڵسەنگاندنی قوتابی سەنتەری لە کۆلێژەکانی زانکۆی سەڵاحەدین بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی بۆلۆنیا** 58

**تەوەرەی یازدەیەم 59**
**ڕۆڵی بەشە زانستییەکان لە هاوکاری و دروستکردنی پەیوەندی لە کۆلێژەکانی زانکۆی سەڵاحەدین بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی بۆلۆنیا 59**
**تەوەرەی دوانزەم 60**
**ڕۆڵی بەشە زانستیەکان لە پەرەپێدان و ڕاهێنانی ستاف لەناو کۆلێژەکانی زانکۆی سەڵاحەدین بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی بۆلۆنیا 60**
ڕۆڵی قوتابی لە سیستەمی بۆلۆنیا 61
**ئامانج لە سیستەمی بۆلۆنیا لە زانکۆکەماندا 62**
**تەوەرەی یەکەم 64**
**پێناسە وناساندنی چەمکەکانی سیستەمی بۆلۆنیا لە زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر بە قوتابیان 64**
**تەوەرەی دووەم 66**
**ساڵی خوێندن لە زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر بە پێی سیستەمی بۆلۆنیا 66**
**تەوەرەی سێیەم 67**
**پرۆگرامی خوێندن لە زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر بە پێی سیستەمی بۆلۆنیا وەک بەرچاوڕونی گشتی بۆ قوتابیان ( Academic Program) 67**
**تەوەرەی چوارەم 68**
**چوارچێوەی بڕوانامەکان لە زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر بە پێی پێواژۆی بۆلۆنیا 68**
**٢. ڕوونکردنەوەی ئاستەکانی ناو خشتەی سەرەوە: 68**
**تەوەرەی پێنجەم 69**
**ڕۆڵی قوتابی لە کۆکردنەوەی (ECTS) 69**
**قوتابی و سیستەمی (کرێدیت– ECTS) 70**
**تەوەرەی شەشەم 71**
**ئەرک و پێداویستی دەوامکردنی قوتابی لە زانکۆی سەڵاحەدین- هەولێر 71**
**تەوەرەی حەوتەم 73**
**خۆتۆمارکردنی قوتابی بۆ پرۆگرامی خوێندنی بوارێکی دیاریکراو (Student Registration for a Degree Program) 73**
**تەوەرەی هەشتەم 74**
**خۆتۆمارکردنی قوتابی بۆ مۆدیوڵ (Student Registration for Module) 74**
**تەوەرەی نۆیەم 75**
**خۆتۆمارکردنی قوتابی بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی (Student Registration for Final Exam) 75**
**تەوەری دەیەم 76**
**کرێی خوێندنی پارێل لە زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر 76**
**تەوەرەی یازدەم 77**

ڕۆڵی قوتابی لە پرۆسەی هەڵسەنگاندن و بەشداریکردن لە چالاکیەکانی فێربوون 77
تەوەری دوازدەم 78
ڕۆڵی قوتابی لە پێش دەستپێکردنی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی وەرز و بەرجەستە کردنی پێداویستیەکانی بەشداریکردن لە تاقیکردنەوەکان 78
تەوەری سێزدەم 79
قوتابی لە پرۆسەی تاقیکردنەوەکان (ماف و ئەرکەکانی) 79
یەکەم: بەشداری لە تاقیکردنەوەکان 79
دووەم: گزیکردنی لە تاقیکردنەوەکان و هەڵسەنگاندنەکان (Cheating in Exams and Assessments) 81
سێیەم: گازندەگرتنی قوتابی لە ئەنجامی تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرز 82
تەوەرەی چواردەیەم 83
سیستەمی نمرەدانان (Grading System) 83
چۆنیەتی دیاری کرنی پەیوەندی نێوان نمرە و ئاستی قوتابی 83
تەوەرەی پازدەم 83
بەخشینی بڕوانامە بە قوتابی لە زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر (Degree Award) 83
تەوەرەی شازدەیەم 84
ماوەی خوێندن لە زانکۆی سەڵاحەدین بە گوێرەی سیستەمی بۆلۆنیا (Duration of study) 84
تەوەرەی حەڤدەیەم 85
مافی قوتابی لە دواخستنی خوێندن و دابەزین بە گوێرەی سیستەمی بۆلۆنیا لە زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر 85
تەوەری هەژدەیەم 86
حوکمە گشتییەکان 86
دەرئەنجام 87
پاشکۆی ژمارەی ناسێنەر و کۆدی تایبەت بە کۆلێژەکانی زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر 88

## پێشەکی

پرۆسەی بۆلۆنیا لە ساڵی (1999)ەوە دەستی پێکردووە و ئێستا زیاتر لە (48) وڵاتی ئەوروپی و دەرەوەی ئەوروپای لەخۆ گرتووە بە مەبەستی دروستکردنی ناوچەیەکی یەکگرتووی خوێندنی باڵا (European Higher Education Area-**EHEA**)، کە تێیدا بڕوانامەکان بە ئاسانی بناسرێن و قوتابی و مامۆستایان ئازادانە بتوانن لە زانکۆکان گواستنەوە بکەن. ئەم پرۆسەیە هەڵگری چەندین گۆڕانکاری بنەڕەتییە لە میتۆدی فێرکردن، خوێندن، هەڵسەنگاندن و چۆنیەتی دیزاینکردنی پرۆگرامی خوێندن. پرۆسەی بۆلۆنیا، وەک گەورەترین چاکسازی لە بواری خوێندنی باڵا لە ئەوروپا و جیهاندا، چوارچێوەیەکی گشتگیری بۆ پەرەپێدانی چۆنایەتی فێرکردن فەراهەم کردووە بۆ بە ستانداردکردنی بڕوانامەکان، و زیادکردنی ئاستی هەماهەنگی و هاوکاری نێوان دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا. جێبەجێکردنی ئەم پرۆسەیە لە زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر و لەلایەن هەموو پێکهاتەکانی زانکۆوە پێویستی بە تێگەیشتنێکی قوڵ و هاوبەش هەیە.

ئەم ڕێبەرە بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی چوارچێوەی گشتی پرۆسەی بۆلۆنیا و ڕۆڵی هەر یەک لە بەشە زانستییەکان، مامۆستایانی زانکۆ، قوتابیان، و لیژنەی تاقیکردنەوەکان و تۆماری قوتابیان داڕێژراوە. پرۆسەی بۆلۆنیا تەنها چەند ڕێکار و ڕێنمایی ساکار نییە، بەڵکو گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی و فەلسەفییە لە چۆنیەتی تێگەیشتن لە ڕۆڵی خوێندنی باڵا لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا. بۆیە، سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە پشت بە تێگەیشتن و پابەندبوونی هەموو بەشدارانی پرۆسەی پەروەردەیی دەبەستێت.

**بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری، 2025-2026**

# ١

# پرۆسەی بۆلۆنیا

## پرۆسەی بۆلۆنیا چییە؟

پرۆسەی بۆلۆنیا (Bologna Process) پرۆسەیەکی گرنگی چاکسازی و یەکخستنی سیستەمی خوێندنی باڵایە لە ئەوروپادا. ئەم پرۆسەیە لە ساڵی 1999 لە زانکۆی بۆلۆنیا لە وڵاتی ئیتاڵیا دەستی پێکرد، کاتێک وەزیرانی پەروەردەی 29 وڵاتی ئەوروپی بەیاننامەیەکی هاوبەشیان لەبارەیەوە واژۆ کرد. ئامانجی سەرەکی پرۆسەی بۆلۆنیا بریتییە لە دروستکردنی ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپی (European Higher Education Area-EHEA) کە تێیدا سیستەمەکانی خوێندنی باڵا هەماهەنگ و بەراورد بکرێن، بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕ و گواستنەوەی قوتابیان و ئەکادیمکارانی لە نێوان وڵاتاندا ئاسانتر بکرێت و دانپێدانانی بڕوانامەکان و کردارەکانی خوێندن و فێربوون بەجۆرییەتیەکی بەرز (High Quality) لە بواری خوێندنی باڵادا بێتە کایەوە.

## بنەما سەرەکییەکانی پرۆسەی بۆلۆنیا بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١. سیستەمی بڕوانامەی ڕوون و بەراوردکار (Easily Readable and Comparable Degrees): بەگوێرەی ئەم بنەمایە دەبێت وڵاتان لەزانکۆکانیاندا سیستەمێکی بڕوانامەی هاوشێوە و ئاسان بۆ تێگەیشتن و بەراوردکردن دابنێن. ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی پاشکۆی دیپلۆما (Diploma Supplement) وە دەبێت کە لەگەڵ بڕوانامەکەدا دەدرێت بە قوتابی و وردەکاری پێویست دەربارەی لێهاتووییەکانی، پێوەرەکانی، و پێگەکەی لە سیستەمی خوێندنی باڵای نیشتمانی تێدا ڕوون دەکرێتەوە. ئەوەش یارمەتی زانکۆکان، کۆمپانیاکان و ڕێکخراوەکان لە وڵاتە جیاوازەکان دەدات، کە بە ئاسانی بتوانن بڕوانامەی قوتابیان بەراورد بکەن و بەهاکەی بزانن.

٢. سیستەمی خوێندن لەبواری خوێندنی باڵادا لە سێ بازنە یاخود ئاستی سەرەکی ( Three-Cycle Degree System) پێکدێت، کە بریتین لە ئاستەکانی: بەکالۆریۆس، ماستەر، و دکتۆرا. بازنە یاخود ئاستی یەکەم (بەکالۆریۆس) بەگشتی 3-4 ساڵ دەخایەنێت و لە نێوان (180بۆ240) یەکە (ECTS)ی پێویستە. (سیستەمی ئەوروپی بۆ گواستنەوەی یەکە)ی پێویستە. بازنە یاخود ئاستی دووەم (ماستەر) بەگشتی 1-2 ساڵ دەخایەنێت

لە نێوان (60 بۆ 120) یەکە (ECTS)ی پێویستە. ئاست یاخود بازنەی سێیەم (دکتۆرا) بەگشتی 3-4 ساڵ دەخایەنێت و کاری توێژینەوەی سەربەخۆ و قووڵ لەخۆ دەگرێت و (180) یەکە (ECTS)ی بۆ دیاریکراوە.

٣. سیستەمی یەکە (Credit System): ئەم بنەمایە بۆ هەژمارکردنی سیستەمی ئەوروپی گواستنەوەی یەکەکان (ECTS) بەکاردێت، کە سیستەمێکی هاوبەشی خاڵە لە هەموو وڵاتەکانی ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپیدا کاری پێدەکرێت. لەم سیستەمەدا سەنگی کاری قوتابی لە هەر بابەتێکدا دەپێورێت و دەکرێت بگوازرێتەوە لە زانکۆیەکەوە بۆ زانکۆیەکی تر. کە ئەمەش یارمەتی قوتابیان دەدات بتوانن بە ئاسانی یەکە بەدەستهاتووەکانیان بگوازنەوە لە نێوان زانکۆ ناوخۆیی و زانکۆکانی وڵاتە جیاوازەکان، بەمەش کرداری جوڵە و گواستنەوەی خوێندنی قوتابیان ئاسان دەبێت.

٤. جوڵەی قوتابیان و ئەکادیمیستان (Promoting Mobility): ئەم بنەمایە هاندانی ئاڵوگۆڕی ئەکادیمی نێوان زانکۆکان ئاسان دەکات و دەبێتە هۆی نەمانی ئاستەنگەکانی بەردەم ئاڵوگۆڕی قوتابیان و مامۆستایان و توێژەران لە نێوان وڵاتاندا. ئەمەش لە ڕێگەی بەرنامەکانی وەک: ئیراسمۆس (Erasmus) و دانپێدانانی هاوبەشی بڕوانامەکان و مافی نیشتەجێبوون و خوێندن لە وڵاتانی جیاوازدا جێبەجێ دەکرێت.

٥. پێشخستنی فێربوونی بەردەوام (Promoting Lifelong Learning): ئەم بنەمایە جەخت لەسەر گرنگی فێربوونی بەردەوام دەکاتەوە، کە بە درێژایی ژیان بەردەوام دەبێت. ئەمەش لە ڕێگەی فەراهەمکردنی هەلی فێربوون و بەرەوپێشچوونی پیشەیی بۆ هەموو تەمەنەکان و پێشخستنی ڕێگەی هەمەجۆر بۆ بەرەوپێشچوون لە خوێندنی باڵا جێبەجێ دەکرێت.

٦. بەشداری قوتابیان لە بەڕێوەبردنی خوێندنی باڵا (Student Participation in Higher Education Governance): ئەم بنەمایە گرنگی ڕۆڵی قوتابیان لە بەڕێوەبردن و بڕیاردان لە خوێندنی باڵادا دەردەخات. ئەمەش لە ڕێگەی بەشداری قوتابیان لە لیژنەکانی دڵنیایی جۆری، هەڵسەنگاندنی بابەتەکان، و ڕێکخراوەکانی قوتابیان لە ئاستی زانکۆ نیشتمانی و بیانییەکان جێبەجێ دەکرێت.

٧. ڕەهەندی ئەوروپی لە خوێندنی باڵا (European Dimension in Higher Education): ئەم بنەمایە گرنگی هەماهەنگی و هاوکاری لە نێوان وڵاتانی ئەوروپی لە بواری خوێندنی باڵا دەردەخات. ئەمەش لە ڕێگەی پێشخستنی بەرنامەی خوێندنی هاوبەش لە نێوان زانکۆکان، توێژینەوەی هاوبەش، و دانپێدانانی بڕوانامەکان لە نێوان وڵاتان جێبەجێ دەکرێت. کە دەکرێت لە کوردستانیشدا لە پاڵ جێبەجێکردنی ئەم ڕەهەندەدا هەوڵ بدرێت بۆ دروستکردنی ڕەهەندێکی نیشتیمانی تایبەت بە زانکۆکانی کوردستان و عێراق، کە لەم پێناوەشدا زانکۆمان وەک هەمیشە دەستپێشخەر دەبێت.

٨. دڵنیایی جۆری (Quality Assurance): ئەم بنەمایە گرنگی دڵنیایی جۆری لە خوێندنی باڵا دەردەخات. ئەمەش لە ڕێگەی دامەزراندنی ڕێوشوێن ومیکانیزمی دڵنیایی جۆری لە سەر ئاستی نیشتمانی و ئەوروپی، هەڵسەنگاندنی بەردەوام، و پێشخستنی ستانداردەکانی کوالیتی بەپێی تۆڕی دڵنیایی جۆری ئەوروپی جێبەجێ دەکرێت.

٩. ڕەهەندی کۆمەڵایەتی (Social Dimension): ئەم بنەمایە گرنگی دەستەبەرکردنی دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو کەسەکان بۆ خوێندنی باڵا دەردەخات بە بێ ڕەچاوکردنی پێشینەی کۆمەڵایەتی یان ئابووری. ئەمەش لە ڕێگەی پێشکەشکردنی یارمەتی دارایی، پشتگیری خوێندن، و پێشخستنی شێوازەکانی گەیاندنی زانست و زانیاری و وەرگرتن و خوێندنی نوێ وەک: خوێندنی ئەلیکترۆنی جێبەجێ دەکرێت.

ئەم بنەمایانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا هەموویان بە یەکەوە وەک چوارچێوەیەکی گشتگیر بۆ چاکسازی و یەکخستنی سیستەمی خوێندنی باڵا لە ئەوروپا کار دەکەن. بۆیە پرۆسەی بۆلۆنیا بەردەوام پەرەی پێ دەدرێت و هەتا ئێستازیاتر لە 48وڵات تێیدا بەشدار بوون. ئەم پرۆسەیە بووەتە هۆی یەکخستنی زۆربەی سیستەمەکانی خوێندنی باڵا لە ئەوروپا و باشتر کردنی کوالیتی خوێندنی باڵا و ئاسانکردنی جوڵەی قوتابیان و مامۆستایان لە نێوان وڵاتان. هەر بۆیەش هەوڵدان و کارکردنی بەردەوام بۆ هێنانەدی ئەم بنەمایانە لە پرۆگرامی خوێندنی زانکۆماندا ڕەنگدانەوەی تەواوی دەبێت لە جێبەجێکرنی سیستەمی بۆلۆنیا لەزانکۆماندا و دەیباتە ئاستێکی باڵاتر لەوەی ئێستا تێیدایە، کە هەر ئەمەش ئامانجی لە پێشینەی زانکۆمانە.

## گرنگی بەکارهێنانی ئەم پرۆسەیە بۆ زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر چییە؟

گرنگی بەکارهێنانی پرۆسەی بۆلۆنیا لە زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر یان هەر زانکۆیەکی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا چەندین لایەنی گرنگ لەخۆ دەگرێت، لەوانەش:

١. بەکارهێنانی ئەم پرۆسەیە بۆ زانکۆکانی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا دەرفەتی هاوبەشی نێودەوڵەتی بەرفراوانتر دەرەخسێنێت. کاتێک زانکۆیەک سیستەمەکانی بۆلۆنیا پەیڕەو دەکات، دەتوانێت بە ئاسانی ڕێککەوتننامەی هاوکاری و ئاڵوگۆڕی زانستی لەگەڵ زانکۆکانی ئەوروپا و ئەو وڵاتانەی، کە هەمان پرۆسە پەیڕەو دەکەن واژۆ بکات. ئەمەش دەرفەتی باشتر ئاسانتر بۆ ئاڵوگۆڕی قوتابیان و مامۆستایان و بەرنامەی خوێندنی هاوبەش دروست دەکات.

٢. بەکارهێنانی سیستەمی (European Credit Transfer and Accumulation System-ECTS) بۆ پێوانەکردنی سەنگی بابەتەکان ڕێگە بە قوتابیان دەدات، کە بە ئاسانی بڕوانامەکانیان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر بگوازنەوە. بۆ نموونە، قوتابیەک کە لە زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر دەخوێنێت دەتوانێت بەشێک لە خوێندنەکەی لەزانکۆیەکی ئەورووپی تەواو بکات و ئەو یەکانەی لەزانکۆی سەڵاحەدین بەدەستیهێناون لەو وانە و بابەتانەی خوێندونی بگوازێتەوە بۆزانکۆ ئەوروپیەکە، یان بە پێچەوانەوە.

٣. دانپێدانانی بڕوانامەکان و ئاستی زانستی: زانکۆکانی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا، کە پرۆسەی بۆلۆنیا پەیڕەو دەکەن، بڕوانامەکانیان لە لایەنزانکۆکانی ئەوروپا و وڵاتانی ترەوەزیاتر دان پێدانراو دەبن. ئەمەش دەرفەتی باشتر بۆ قوتابیان دەرەخسێنێت بۆ درێژەدان بە خوێندن لە ئاستی نێودەوڵەتی یان کارکردن لە دامەزراوەکانی کار لە دەرەوە و کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان.

٤. زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر بە پەیڕەوکردنی میکانیزمەکانی دڵنیایی جۆری بەو شێوەیەی کە لە بۆلۆنیا پرۆسێس هەیە و بەشێکە لەو، دەتوانێت کوالیتی بەرنامەکانی خوێندن بەرز بکاتەوە. ئەمەش متمانەی نێودەوڵەتی بە بڕوانامەکانی زانکۆمان زیاد دەکات و دەرفەتی باشتر بۆ قوتابیانمان دەڕەخسێنێت.

٥. بەکارهێنانی پرۆسەی بۆلۆنیا ڕێگە بە زانکۆکان دەدات، کە بابەتەکانی خوێندن و تواناکانی قوتابیان لەگەڵ پێداویستییەکانی بازاڕی کاری ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بگونجێنن. ئەمەش دەرفەتی کارکردنی باشتر بۆ قوتابیان لە ئاستی نێودەوڵەتی دەڕەخسێنێت.

٦. ئەم پرۆسەیە هەوڵدەدات بنەما هاوبەشەکان بۆ فێربوون و فێرکاری باشتر بکات. بۆ نموونە، جەخت لە سەر فێربوونی بەردەوام، بەشداری کارای قوتابیان، و پەیوەندی نێوان خوێندن و توێژینەوە دەکاتەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی باشتر کردنی ئاستی زانستی و تواناکانی قوتابیان.

٧. بەکارهێنانی پرۆسەی بۆلۆنیا لە زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر هەلی باشتر بۆ توێژینەوەی هاوبەش و پرۆژەی زانستی هاوبەش دەڕەخسێنێت. ئەمەش دەبێتە هۆی بەهێز کردنی ئاستەکانی توێژینەوە و زانست لە زانکۆدا.

٨. بەکارهێنانی پرۆسەی بۆلۆنیا ڕێگە بە زانکۆکان دەدات، کە ببنە بەشێک لە تۆڕ و کۆمەڵەی نێودەوڵەتی زانکۆکان. ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی دەرفەتی بەشداریکردن لە کۆنفرانس و پرۆژەی نێودەوڵەتی و بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان زانکۆکان.

٩. بەکارهێنانی پرۆسەی بۆلۆنیا لە زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر یارمەتی پەرەپێدانی بەرنامەکانی خوێندن و پێشخستنی شێوازەکانی وانەگوتنەوە و هەڵسەنگاندن بە بەکارهێنانی ئەزموونی وڵاتانی ئەوروپا دەدات. ئەمەش دەبێتە هۆی باشتر کردنی ئاستی خوێندن و فێرکردن.

١٠. پرۆسەی بۆلۆنیا جەخت لەسەر ڕەهەندی کۆمەڵایەتی خوێندنی باڵا دەکاتەوە و هەوڵدەدات دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا بڕەخسێنێت. ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی دەرفەتی خوێندن بۆ کەسانی کەمدەرامەت و کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت.

بەگشتی، بەکارهێنانی پرۆسەی بۆلۆنیا لە زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر دەبێتە هۆی کردنەوەی دەرگای زانکۆ بە ڕووی جیهانی دەرەوە و بەهێز کردنی پەیوەندی نێودەوڵەتی و باشتر کردنی ئاستی خوێندن و دابینکردنی هەلی باشتر بۆ قوتابیان. ئەمەش دەبێتە هۆی بەشداری کارای زانکۆمان لە پێشخستنی بوارەکانی زانست و کایەی تەکنەلۆجیا لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی.

## پێکهاتەی ئەم ڕێبەرە

ئەم ڕێبەرە چەند بابەتێکی سەرەکی لە خۆ دەگرێت کە هەر بابەتێکیان ڕۆڵێکی گرنگ و تایبەت لە سەرکەوتنی پرۆسەی بۆلۆنیا لە زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر دەگێڕێت. کە ڕۆڵی سەرەکی بەشە زانستییەکان، لیژنەی تاقیکردنەوەکان و تۆماری قوتابیان، مامۆستایانی زانکۆ و قوتابیان لە جێبەجێکردنی پرۆسەی بۆلۆنیا ڕون دەکاتەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

## ڕۆڵی بەشە زانستییەکان

بەشەزانستییەکان لەزانکۆی سەلاحەدیندا بەردی بناغەی جێبەجێکردنی پرۆسەی بۆلۆنیان. ئەوان بەرپرسن لە پەرەپێدان و نوێکردنەوەی بەردەوامی پرۆگرامی خوێندن بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان. هەر بەشێکی زانستی دەبێت پرۆگرامی خوێندنی خۆی بەگوێرەی دەرەنجامەکانی فێربوون (Learning Outcomes) دیاری بکات و ناوەڕۆکی وانەکان بە شێوەیەک دابڕێژێت، کە مامۆستایان و قوتابیان بتوانن سیستەمی (ECTS) جێبەجێ بکەن. هەروەها، بەشە زانستییەکان بەرپرسن لە دابینکردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ توێژینەوە و داهێنان و پەرەپێدانی پەیوەندی لەگەڵ بازاڕی کار و دامەزراوەکانی دەرەوەی زانکۆ، و دڵنیابوون لە کوالیتی پرۆسەی فێرکردن. لەگەڵ ئەمەشدا، بەشەکان پێویستە بەردەوام لە ڕێگەی سیستەمی دڵنیایی جۆری و هەڵسەنگاندنی بەردەوامەوە پرۆگرامەکانیان پەرەپێبدەن.

## ڕۆڵی مامۆستای زانکۆ

مامۆستایانی زانکۆ ڕۆڵێکی یەکجار چارەنووسساز لە سەرکەوتنی پرۆسەی بۆلۆنیادا دەگێڕن، چونکە ئەوان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ قوتابیان مامەڵە دەکەن و بەرپرسن لە جێبەجێکردنی ئەو گۆڕانکارییانەی، کە پرۆسەکە پێویستیەتی. ڕۆڵی مامۆستا لە سیستەمی بۆلۆنیادا گۆڕاوە لە "گواستنەوەی زانیاری" بۆ "ئاسانکاری پرۆسەی فێربوون". ئەم گۆڕانکارییە بنەڕەتییە پێویستی بە پەرەپێدانی بەردەوامی ڕێگاکانی وانەوتنەوە و هەڵسەنگاندن هەیە. مامۆستایانی زانکۆ بەرپرسن لە بەکارهێنانی ڕێگاکانی فێرکردنی قوتابی-سەنتەری، تێکەڵکردنی تەکنەلۆژیای زانیاری لە پرۆسەی فێرکردندا، پەرەپێدانی سیستەمی هەڵسەنگاندنی بەردەوام و فرەڕەهەند، و هاندانی قوتابیان بۆ بەشداری چالاک لە توێژینەوەدا. مامۆستایان هەروەها ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە گەشەپێدانی

تواناکانی بەکارخستن (Employability Skills) لای قوتابیان لە ڕێگەی بەستنەوەی لایەنی بیرۆکەیی (تیۆری) بە لایەنی کرداری (پراکتیک)یەوە و پەرەپێدانی کارامەییە خۆگەنجێنەکان-نەرمەکان (Soft Skills).

## ڕۆڵی قوتابی زانکۆ

پرۆسەی بۆلۆنیا قوتابی دەخاتە چەقی پرۆسەی فێربوون، بەجۆرێک کە قوتابیان چیتر وەرگرێکی نادیار وبێ ڕۆڵ (Passive)ی زانیاری نین، بەڵکو لە دروستکردنی زانیاریدا بەشداربوویەکی چالاکن. لەم چوارچێوەیەدا، قوتابیان بەرپرسیارێتی زیاتر لە پرۆسەی فێربوونی خۆیان دەگرنە ئەستۆ. کە پێویستە لەسەریان بەشداری چالاکانە لە پۆلدا بکەن، پرۆژەی سەربەخۆ و بە کۆمەڵ (Group) ئەنجام بدەن، و بەردەوام خۆیان بەرەو پێش ببەن و پەرە بەخۆیان بدەن. پرۆسەی بۆلۆنیا جەخت لەسەر پەرەپێدانی کارامەییە گواستراوەکانی (Transferable Skills) وەک: بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، چارەسەرکردنی کێشە، کاری بەکۆمەڵ (گروپ)، و پەیوەندی کاریگەر دەکاتەوە، کە بێگومان ئەمەش پێویستی بە بەشداری چالاکی قوتابیان هەیە، هەروەها قوتابیان ڕۆڵێکی گرنگیان لە پرۆسەی دڵنیایی جۆری هەیە لە ڕێگەی دابینکردنی هەڵسەنگاندن (فیدباک) لەسەر وانەکان و بەشداریکردن لە هەڵسەنگاندنی پرۆگرامەکانی خوێندن.

## پێناسەکان (ناساندنی چەمك و دەستەوژەکان)

ئەو چەمك و دەستەواژانەی کە لەم رێبەرەدا بەکارهاتوون بەم شێوەیەی خوارەوە پێناسەدەکرێن:

**١. وەزارەت (Ministry):** ئاماژەیە بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق.

**٢. زانکۆ (University):** ئاماژەیە بۆ زانکۆی سەڵاحەدین- هەولێر (Salahaddin University-Erbil).

٣. **کۆلێژ (College):** ئاماژەیە بۆ یەکێك لەو کۆلێژانەی کە لە زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر بوونی هەیە. لە چوارچیوەی زانکۆدا پەیکەری زانستی و کارگێڕی تایبەت بە خۆی هەیە.

**٤. بەش (Department):** ئاماژەیە بۆ هەر بەشێکی زانستی(پەتی و مرۆڤایەتی)، کە لە کۆلێژەکانی زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر خوێندنی تێدا دەکرێت و پرۆگرامێکی خوێندنی تایبەت بەخۆی هەیە و بڕوانامە لە بوارێکی دیاریکرودا دەبەخشێت.

**٥. قوتابی (Student):** ئاماژەیە بەو قوتابیەی، کە لە یەکێك لە کۆلێژەکانی زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر لە پرۆگرامێکی خوێندن تۆمار کراوە.

**٦. یەکەی خوێندن (کریدێتECTS) (European Credit Transfer System):** ئامرازێکە بۆ کۆکردنەوە و گواستنەوەی یەکەکانی خوێندن (کریدیتەکان)، کە لەسەر بنەمای کاتی تەرخانکراو بۆ خوێندنی مۆدیوڵێک و کۆشش و ئاکامەکانی پرۆسەی خوێندن دیاری دەکرێت.

**٧. دەرئەنجام و ئاکامەکانی فێربوون (Learning Outcomes):** بریتین لە کۆی ئەو زانیاری و تێگەیشتن و کارامەییانەی قوتابی لە دوای تەواوکردنی پرۆگرامێکی خوێندن یان وەرزێکی خوێندن بەسەرکەوتوویی بەدەستیان دەهێنێت. دەکرێت و بگرە باشتریشە هەر مودیوڵێکی خوێندن ئاکامی فێربوونی تایبەت بەخۆی هەبێت. بەواتایەکی تر مەبەست **لە ئاکامەکانی فێربوون (Learning Outcomes):** کۆمەڵێك دەستەواژەن کە دەربڕی ئەو زانیاری و زانست تێگەیشتن و توانا و لێهاتووییانەن، کە قوتابی لە پاش تەواوکردنی پرۆگرامێکی خوێندن بە دەستی هێناون و فێریان بووە. کە پێویستە ئاکامەکانی فێربوون لە لایەن کۆلێژەوەکانەوە لەسەر کۆمەڵێك بنەمای زانستی و کردەیی دابنرێن، کە وابەستەی خوێندنی قوتابی لە کۆلێژ و بازاڕی کارین.

**٨. مۆدیوڵ (Module):** ئاماژەیە بۆ هەر وانەیەك، کە کۆد و ژمارەی کرێدیتی تەرخانکراوی تایبەت بە خۆی هەبێت و لە وەرزێک لە وەرزەکانی خوێندن لە ناو پرۆگرامێکی ئەکادیمیدا لە یەکێک لە کۆلێژەکانی زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێر بخوێندرێت.

**٩. وەرزی ئاسایی خوێندن (Regular Semester):** ئاماژەیە بە وەرزەکانی خوێندنی یەکەم و دووەم (پایزە و بەهارە) جگە لە وەرزی هاوینە.

**١٠. سێ وەرزی خوێندن -وەرزی سێ مانگی (Trimester):** بریتیە لەو وەرزەی کە بارستاییەکەی (20) کرێدیتە، کە تێیدا ساڵی خوێندن بە سەر سێ وەرزی سێ مانگە دابەشدەکرێت لە جیاتی دوو وەرزی پایزە و بەهارە.

**١١. وەرزی هاوینە (Short Semester):** ئاماژەیە بەو وەرزەی، کە لەماوەی پشوی هاوینەدا ئەنجامدەدرێت.

**١٢. باری کاروکۆششی قوتابی (Student Workload -SWL-):** ئاماژەیە بەوکاتەی کە قوتابی پێویستیەتی بۆ فێربوون لە هەر مودیوڵێکی خوێندن بە لە خۆگرتنی گشت چالاکی و ئەرکەکان کە قوتابی لەناو هۆڵی خوێندن و

لەدەرەوەی هۆڵ ئەنجامی دەدات وەك: (مۆدیوڵەکان، ئەرکی ماڵەوە، ڕاپۆرت، سیمنار، کویزەکان و تاقیکردنەوە بەهەموو جۆرەکانیەوە. هەرچالاکیەکی تر کە پەیوەست بێت بە پرۆگرامی خوێندنی کۆلێژەوە. بە واتایەکی تر مەبەست لە کۆشش (Workload)، هەڵسەنگاندن و پێوانەکردن و خەمڵاندنی ئەو ماوەیەیە کە قوتابی بە شێوەیەکی ئاسایی بۆ بە ئەنجام گەیاندنی کۆی چالاکیەکانی فێربوون پێویستیەتی وەك: (چالاکی ناوپۆل و کرداری و سیمینار وراپۆرت و پرۆژە و مەشقکردن و خوێندن بە کۆمەڵ و بەتاکەکەسی وئەرکی ماڵەوە و دیراسەتکردنی کەیس و هەرچالاکیەکی تر کە پەیوەست بێت بە پرۆگرامی خوێندنی کۆلێژەوە) بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئاکامەکانی فێربوون لە ماوەی خوێندنی زانکۆدا.

**١٣. هەڵسەنگاندن (Assessment):** بریتیە لە کۆمەڵێك شێواز و ڕێچکە(میتۆد)ی جۆراوجۆر وەك پرۆژە، سیمنار، ڕاپۆرت، کویز، بەشداری ڕۆژانە، ئەرکی ماڵەوە، تاقیکردنەوە بە هەموو شێوەکانی، و هەرچالاکیەکی تر، کە پەیوەست بێت بە پرۆگرامی خوێندنی کۆلێژەوە، کە تێکڕا بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی قوتابی و بەرەوپێشچوونی لە مۆدیوڵێکی دیاری کراودا بەکار دێن و دڵنیایی دەدەن کە قوتابی ئاکامەکانی فێربوونی دیاریکراوی بۆ هەر بابەتێك بەدەستهێناوە.

کە ئەمەش دابەش دەبێت بۆ سەر دوو بەشی سەرەکی ئەوانیش بریتین لە:

**أ- (هەڵەسەنگاندنی پێگەیەنەر- Formative Assessment):**

کە کۆمەڵێك ئامرازی هەڵسەنگاندن لەخۆی دەگرێت لە میانەیاندا خاڵە بەهێز و لاوازەکانی ئەدای قوتابی لە وەرزێکی خوێندن لە هەر مۆدیوڵێك دیاری دەکات، هەروەها ئەوەش دیاری دەکات، کە تاچەند قوتابی بەرەو بەدەستهێنانی ئاکامەکانی فێربوون چووە و بەدەستیهێناون. بە شێوەیەکی گشتی هەڵەسەنگاندنی پێگەێنەر لەو ئەرك و پێسپاردنانە پێکدێت، کە مامۆستای مۆدیوڵ دیاریدەکات و لە لایەن ئەنجوومەنی بەش پەسەند دەکرێت وەك نموونە، ئەو بابەتانە بە هەڵەسەنگاندنی پێگەێنەر دادەنرێن: (تاقیکردنەوەی ڕۆژانە (کویز)، ئەرکی ماڵەوە، ڕاپۆرت، پرۆژەی کار، سەردانی مەیدانی تاوتوێکردنی بابەتێك لە ناو پۆل، دیراسەتکردنی دۆزێك..یان هەر شتێکی تر بەگوێرەی سروشتی بابەتەکە).

**ب- هەڵسەنگاندنی پوختەکار (Summative Assessment) :**

ئاماژەیە بۆ ئەو هەڵسەنگاندنانەی کە لە ناوەڕاستی وەرزی خوێندن و کۆتاییەکەی ئەنجام دەدرێن لە هەر مۆدیولێک. کە دەرئەنجام و دەستکەوتەکانی فێربوونی قوتابی دیاریدەکات و لەڕێگەیانەوە بەتەواوەتی دڵنیا دەبینەوە کە قوتابی بە بێگومانی ئاکامەکانی فێربوونی لەو وانەیەی تاقیکردنەوەی تیادا ئەنجام داوە بەدەستهێناوە.

هەڵسەنگاندنی پوختەکار لە دوو هەڵسەنگاندن پێکدێت لە هەر وەرزێکی خوێندن بۆ هەر مۆدیولێك یەکێکیان لە ناوەڕاستی وەرز ئەنجام دەدرێت پێی دەوترێت تاقیکردنەوەی ناوەندە وەرز (Midterm Exam)، تاقیکردنەوەی دووەم لە کۆتایی وەرز ئەنجام دەدرێت پێی دەوترێت تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرز (Final Exam).

**١٤. هەوڵەکانی تاقیکردنەوە (Exam Attempts):** ئاماژەیە بۆ ژمارەی ئەو تاقیکردنەوانەی، کە قوتابی لە کۆتایی وەرز دووبارەیان دەکاتەوە لە هەر مۆدیولێک.

**١٥. خۆ تۆمارکردن لە مۆدیوڵ (Module Registration) :** ئاماژەیە بۆ خۆ تۆماکردنی قوتابیانی لە بابەت (مۆدیوڵەکانی )کە بۆ هەر وەرزێکی دیاریکراو لە پرۆگرامێکی خوێندندا دانراون.

**١٦. پاشگەزبوونەوە لە مۆدیوڵ (Module Withdrawal) :** بریتیە لە پرۆسەی پاشگەزبوونەوەی قوتابیلە ماوەیەکی دیاریکراودا لە هەر مۆدیولێك کە پێشتر خۆی تیادا تۆمارکردووە.

**١٧. ئاڵوگۆڕکردنی مۆدیوڵ (Module Replacement):** ئاماژەیە بە ئاڵوگۆڕپێکردنی ئەو مۆدیوڵەی کە قوتابی پێشتر خۆی تێدا تۆمار کردووە بۆ مۆدیوڵەێکی تر، کاتێك ڕودەدات، کە ئەو مۆدیوڵەی، کە پێشتر قوتابی خۆی تێدا تۆمارکردووە لە لایەن بەشەوە لەبەر هەر هۆکارێك بێت هەڵپەسێردراوە یاخود لادراوە لە وەرزی خوێندن.

**١٨. دورخستنەوە لە مۆدیوڵ (Module Drop):** ئاماژەیە بە دوورخستنەوەی قوتابی لە تاقیکردنەوەی کۆتایی مۆدیوڵ بە هۆی هۆکارێك لەو هۆکارانەی لەم ڕێبەرەدا یان لە یاسا و ڕێنمایی و بڕیارە کارپێکراوەکاندا دیاریکراوە.

**١٩. وەرزی خوێندن (Semester):** ئاماژەیە بۆ ژمارەی ئەو هەفتانەی، کە هەر وەرزێکی خوێندنی لێ پێکدێت. کە بەشێوەیەکی گشتی خوێندن لە زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر لە دوو وەرز (semester) پێکدێت، ئەوانیش وەرزی یەکەم (وەری پایزە)-(semester I) کە لە سەرەتای مانگی نۆی هەموو ساڵێك دەست پێدەکات و لە کۆتایی مانگی یەك کۆتایی دێت، وەرزی دووەم (وەرزی بەهارە)-(semester II) کە لە سەرەتای مانگی دوو دەستپێدەکات و لە کۆتایی مانگی شەش کۆتایی دێت.

**٢٠. دووبارە وەرگرتنەوەی مۆدیوڵ (Module Retake):** ئاماژەیە بۆ ئەو مۆدیوڵەی، کە پێویستە قوتابی دووبارەی بکاتەوە، بەهۆی نەهاتنەدی پێداویستیەکانی تەواوکردنی ئەو مۆدیوڵە.

**٢١. دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوەی (Exam Retake):** بریتیە لە دووبارە ئەنجامدانەوەی تاقیکردنەوە لە هەر مۆدیوڵێکدا.

**٢٢. مۆدیوڵە سەرەکیەکان (Core Modules):** مەبەست لێیان ئەو وانانەن، کە پێویستە قوتابی لە هەر وەرزێکی خوێندن بیان خوێنێت و ئازاد نیە لە هەڵبژاردنیان یان هەڵنەبژاردنیان، کە ڕێژەی (75%) حەفتاو پێنچ لەسەدی پرۆگرامی خوێندنی هەر وەرزێك پێك دەهێنن. دەشکرێت بەشێك لەو وانە سەرەکیانە بکرێنە تەواوکار (پێش مەرج) بۆ خوێندنی هەندێك وانەی تر لە وەرزەکانی دواتردا.

**٢٣. مۆدیوڵە هەڵبژاردەکان (Elective Modules):** مە بەست لێیان ئەو وانانەیە، کە قوتابی لە هەر وەرزێکی خوێندن ئازادە لە هەڵبژاردنیان یاخود هەڵنەبژاردنیان و تا ڕێژەی (25%) کۆی گشتی مۆدیوڵی هەر وەرزێك پێکدەهێن.

**٢٤. مۆدیوڵی تەواوکاری-پێش مەرج (Prerequisites):** ئاماژەیە بۆ مۆدیوڵە بەیەک بەستراوەکان لە پرۆگرامێکی خوێندن لە یەکێک لە کۆلێژەکانی زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێر، بەجۆرێك کە ئەگەر هاتوو قوتابی یەکێکیانی نەخوێندبێت لە وەرزێك لە وەرزەکانی پێشوودا ناتوانێت لە وەرزی دواتر ئەوەی تریان بخوێنێت و خۆی تێدا تۆماربکات.

**٢٥. پێداویستیەکانی مۆدیوڵ - Module Requirements:** بریتین لە سەرجەم ئەو پێداویستیانەی، کە پێویستە قوتابی لە مۆدیوڵێکی دیاریکراودا جێبەجێیان بکات، بۆ ئەوەی بتوانێ بەشداری بکات لە تاقیکردنەوەی کۆتایی ئەو مۆدیوڵە.

**٢٦. یەکەی بەدەستهێنراو (Credits Earned) :** بریتیە لە ژمارەی سەرجەم ئەو یەکە (کرێدیتانەی) قوتابی کۆیان دەکاتەوە لە پرۆگرامی خوێندندا.

**٢٧. تاقیکردنەوەکانی کۆتایی (Final Examinations):** ئەو تاقیکردنەوانەن کە بۆ هەڵسەنگاندنی قوتابی لە کۆتایی وەرز ئەنجامدەدرێن بۆ دڵنیابوون لە هاتنەدی دەرئەنجامەکانی فێربوون لە هەر مۆدیوڵێکدا.

**٢٨. لیژنەی تاقیکردنەوە (Examination Committee):** ئەو لیژنەیەیە، کە لە لایەن کۆلێژەوە دەستنیشاندەکرێت بۆ ئەنجامدانی کارەکانی پەیوەست بە تاقیکردنەوەکان.

**٢٩. دورخستنەوە (Termination) :** مەبەست لێی ڕێکارێکە کە بەرامبەر قوتابی دەگیرێتەبەر و دەبێتە هۆی دورخستنەوەی لە پرۆسەی خوێندن. ئەمەش لە حاڵەتی ئەنجامدانی ڕەفتارێك کە لە یاسا و ڕێنمایی و بڕیارە کارپێکراوەکان و ئەم ڕێبەرەدا هاتووە.

**٣٠. ڕێڕەوی فێربوون (Learning Pathway):** مەبەست لێی ڕێڕەوێکی خوێندن و فێربوونە کە قوتابی خۆی دایدەڕێژێت بۆ بەدەستهێنان و گەیشتن بە ئاکام و دەرئەنجامەکانی پرۆسەی فێربوون.

**٣١. پرۆگرامی خوێندن (Study Program):** ئاماژەیە بە کۆمەڵێک بابەت و پێکهاتەی خوێندن، کە لەسەر بنەمای دەرئەنجامەکانی فێربوون دادەنرێن، کە بۆ تەواوکردنی هەر بەشێکی زانستی پێویستن لە کۆلێژەکانی زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر. ئەو پرۆگرامانەش بە جۆرێک دادەڕێژدرێن، کە لەگەڵ ئامانجەکانی پرۆسەی بۆلۆنیا یەکانگیربن.

**٣٢. ماوەی خوێندن (Duration of Study):** ئاماژەیە بۆ کۆی ژمارەی ئەو وەرزانەی، کە پرۆگرامێکی خوێندن پێویستییەتی تاوەکو قوتابی بتوانێت بڕوانامە لە هەر ئاستێک (Cycle) بەدەست بهێنێت.

**٣٣. کاتی فێربوونی قوتابی (Student Learning Time SLT):** ئاماژەیە بۆ سەرجەم کاتژمێرەکانی کۆششی قوتابی بەگشت چالاکیەکانی خوێندن و فێربوون لە هەر مۆدیولێکدا، کە وانەکانی هەفتانە و ئەرکەکان و هەفتەکانی پێداچوونەوەو هەفتەکانی تاقیکردنەوەکان و پشووەکان لە خۆی دەگرێت.

# ٢

# ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی بەشە زانستیەکان

ئامانجە سەرەکییەکانی پرۆسەی بۆلۆنیا بریتین لە باشترکردنی کوالیتی، ئاسانکاری بۆ گواستنەوەی قوتابیان و دەرچووان لە نێوان زانکۆمان و زانکۆکانی وڵاتان لە ڕێگەی دڵنیابوون بە دانپێدانانی بڕوانامە و ئاسانکاری گواستنەوەی کرێدتەکان لە ڕێگەی سیستەمی گواستنەوە و سەربارکردنی یەکەی(کرێدیتی) ئەورووپی (ECTS)وەهاندانی پەرەپێدانی دەرفەتەکانی فێربوونی تەواوی ژیان، هێنانەکایەی سیستەمی بڕوانامەی سێ ئاستی (بەکالۆریۆس، ماستەر و دکتۆرا)، ڕێگەدان بە تاکەکان بۆ بەردەوامبوون لە خوێندن و گونجاندن لەگەڵ پەرەسەندنی پێداویستییەکان ژیان و بازاڕەکانی کار. لەم پێناوەشدا بەشە زانستییەکان بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجانە ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن، و بەرپرسیارن لە دڵنیابوون لەوەی کە بەرنامە ئەکادیمییەکانیان بە شێوەیەک دارێژراون، کە هاوتەریب بێت لەگەڵ ستاندارده نێودەوڵەتییەکان.

لەم بەشەدا بە چەند تەوەرەیەک باس لە ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی بەشە زانستیەکان لە زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر دەکرێت لە جێبەجێکردنی پرۆسەی بۆلۆنیادا، بەم شێوەیەی خوارەوە:

## تەوەرەی یەکەم
## پەرەپێدان و نوێکردنەوەی پرۆگرامی خوێندن

یەکێک لە بەرپرسیاریەتیە سەرەکییەکانی بەشە زانستییەکان پەرەپێدان و بەردەوام نوێکردنەوەی پرۆگرامی خوێندنە، کە ئەمەش تێگەیشتن لە پێویستیەکانی بازاڕی کار، گەشەپێدانی زانستی، هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان دەگرێتەوە، بۆ ئەوەی بەرنامەکان هاوتا بن بە ستاندارده نێودەوڵەتیەکان و پەیوەندیدار بن بە پرۆگرامی خوێندن لە زانکۆی نێودەوڵەتیەکان.

بەشەکان بەرپرسیارن لە پەرەپێدان و نوێکردنەوەی پرۆگرامی خوێندن و وانە (مۆدیولەکان) بەپێی دەرئەنجامەکانی فێربوون، کە لە چوارچێوەی بۆلۆنیادا هاتووە. ئەم بەرپرسیاریەتیەش بریتییە لە دڵنیابوون لەوەی کە بازنە یاخود ئاستەکانی (بەکالۆریۆس، ماستەر و دکتۆرا) لەگەڵ چوارچێوەی بڕوانامە ئەوروپییەکان هاوتەریین و ستانداردەکانی گواستنەوەی کرێدتیان تێدایە. هەر بۆیە لەم تەوەرەیەدا لە چەند لقێکی یەک بەدوای یەکدا زانیاری و وردەکاری پرۆسەکە دەخەینەڕو دەربارەی دەرئەنجامەکانی فێربوون، زانیاری، کارامەی و لێهاتووییەکانی هەر مۆدیوڵێک: پێناسەکردنی و بەرپرسیارێتی بەشەکان لە چوارچێوەی پرۆسەی بۆلۆنیا بەم شێوەیەی خوارەوە:

## لقی یەکەم: دەرئەنجامی فێربوون (Learning Outcomes):

دەرئەنجامی فێربوون بریتییە لە کۆی ئەو زانیاریی (Knowledge) و کارامەیی (Skill)، و لێهاتووویانەی (Competencies) کە قوتابی لە پاش تەواوکردنی هەر مۆدیوڵێک یان وەرزێک یان دوای تەواوکردنی پرۆسەیەی خوێندن لە ئاستێکی دیاریکراودا بەپێی سیستەمی بۆلۆنیادا بە دەستی دەهێنێت.

> “
> **دەرئەنجامی فێربوون بریتییە لە کۆی ئەو زانیاریی و کارامەیی و لێهاتوویانەی کە قوتابی لە پاش تەواوکردنی هەر مۆدیوڵێک یان وەرزێک یان دوای تەواوکردنی پرۆسەیەی خوێندن لە ئاستێکی دیاریکراودا بە پێی سیستەمی بۆلۆنیادا بە دەستی دەهێنێت.**

زانیاری و کارامەیی لێهاتووییەکان دەرئەنجامەکانی فێربوون پێکدەهێنن، دەرئەنجامی فێربوون لەسەر ئەنجامە کۆتاییەکانی فێرکردن وپەروەردە جەخت دەکەنەوە، هەر بۆیەش دەرئەنجامی فێربوون پێناسە دەکرێت بەوەی، کە قوتابیان دەبێت چی بەدەستبهێنن لە ئاستە جیاوازەکانی خوێندندا تاکو لە بازاڕی کار بەکاری بهێنێت. بێگومان دەرئەنجامی فێربوون وەکو پێوەرێک بۆ دیزاینی پرۆگرامی خوێندن، ستراتیژییەکانی وانەوتنەوە و شێوازەکانی هەڵسەنگاندن کەڵکی لێوەردەگیرێت.

بەشەکان بەرپرسیارن لە خستنەڕووی دەرئەنجامی فێربوون بۆ هەر وانە (مۆدیۆل)ێک، بەجۆرێک کە ئەم دەرەنجامانە دڵنیای بدەن لەوەی کە قوتابیان بزانن، کە پێویستە چ زانیاری و کارامەییەک بەدەستبهێنن تا کۆتایی ئاستەکە، هەروەها پێویستە کە دەرئەنجامەکانی فێربوون یارمەتیدەربن لە گواستنەوەی کرێدتەکان لە سەرانسەری دامەزراوەکاندا.

## پێکهاتەی دەرئەنجامەکانی فێربوون (لە پرۆسەی بۆلۆنیا):

پێکهاتەی دەرئەنجامەکانی فێربوون بە شێوەیەکی گشتی پۆلێن دەکرێن بۆ سێ جۆر:

### ١-زانیاری یان زانین ( Knowledge ) ئاماژەیە بەوەی کە قوتابی دەیزانێت و لێی تێدەگات

لە پرۆسەی بۆلۆنیادا، زانین یان زانیاری ئاماژەیە بۆ هەردوو تێگەیشتنی تیۆری و تاقیگەی، کە قوتابی لەناو بوارەکەیاندا بەدەستی دەهێنن. کەپێکهاتەیەکی سەرەکییە لە دەرئەنجامەکانی فێربوون، چونکە پێناسەی ئەوە دەکات، کە چاوەڕوان دەکرێت قوتابیان تا کۆتایی وەرزێک یان تەواوکردنی خوێندن چی فێربووە، ئەمەش دڵنیایی دەدات لەوەی کە قوتابیان تێگەیشتنێکی باش و قووڵ لەو بوارەی هەڵبژێردراویان بەدەستبهێنن. تێگەیشتن لە زانیاری، چەمک، بنەماکان دەگرێتەوە و ئەو بناغەیە پێکدەهێنێت، کە لێهاتوویی لەسەری بنیات دەنرێت. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە زانین لە مۆدیوڵی نانۆپزیشکیدا کە لە یەکێک لە کۆلێژەکانی زانکۆی سەلاحەدیندا دەخوێندرێت ڕوون دەکەینەوە، زانین تیایدا بریتییە لە تێگەیشتن لە بنەما زانستییەکانی نانۆتەکنەلۆژیا و بەکارهێنانی لە چاودێری تەندروستیدا. تایبەتمەندیەکانی نانۆمادده و بەکارهێنانی بایۆپزیشکی و کارلێککردنیان لەگەڵ سیستەمی بایۆلۆژی دەگرێتەوە. ئەمەش دڵنیای بە قوتابیان دەدات لەوەی کە ئامادەن بۆ چارەسەرکردنی ئاستەنگەکانی بەکارهێنانی نانۆتەکنەلۆژیا لە چاودێری تەندروستیدا بە شێوەیەکی سەلامەت و کاریگەر.

زانین بەپێی ئاستەکانی خوێندن (بەکالۆریۆس، ماستەر و دکتۆرا) دەگۆڕێت کە بەو شیوەیە دەبێت و لە ئاستێک بۆ ئاستێکی تر دەگۆڕێت:

لە ئاستی ماستەر: گرنگیدان بە بابەت گەلی پێشکەوتوو لە نانۆپزیشکیدا، وەک دیزاینی نانۆمادده بۆ بەکارهێنانی پزیشکی تایبەت، هاندانی فێربوونی نێوان زانستەکان و کاری هاوبەش لە سەرانسەری بایۆلۆجی، کیمیا و پزیشکیدا. بەڵام لە ئاستی دکتۆرا: چاندنی ژینگەیەک کە پشتگیری لە توێژینەوەی سەربەخۆ بکات لە بوارەکانی نانۆپزیشکی داهێنەرانەدا، وەک سیستەمی گەیاندنی دەرمان بە ئامانج، ئامرازەکانی دەستنیشانکردنی نانۆ، و چارەسەری نانۆی نوێ پێشخستنی پەرەپێدانی زانیاری نوێ.

بەشە زانستییەکان بەرپرسیارن لە دارشتنی ئەو پرۆگرامانەی، کە دڵنیایی دەدەن لە بەدەستهێنانی ئەو زانیارییە بنەڕەتیانەی بۆ هەر مۆدیوڵێک پێویستە. هەروەها کە، پرۆگرامی خوێندن لەگەڵ چوارچێوەی نیشتیمانی بڕوانامەکان (NQF-National Qualification Framework) وچوارچێوەی بڕوانامە ئەوروپییەکان (EQF-

European Qualification Framework)دا بگونجێت و دڵنیایی بدات لەوەی کە قوتابی زانیاری تیۆری و کرداری پێویست بەدەستدەهێنن.

هەروەها بەشی زانستی دەبێت ڕێنمایی پێویست دەربکات بۆ مامۆستایان و هاوکاریان بێت لە چۆنیەتی نووسینی دەرئەنجامی فێربوون. هەرورەها بەشەکان دەبێت بەردەوام چاودێری بەرزکردنەوەی کوالیتی پرۆگرامی خوێندن بن، بە جۆرێک کە دڵنیابن لەوەی کە ئەو زانیاریانەی، کە دەبەخشرێن نوێ و پەیوەندیدار و گشتگیرن.

## ٢. کارامەیی (Skill) (ئەوەی قوتابی دەتوانێت بیکات)

ئاماژە بەو توانا و کارامەییانەی قوتابیان کە لە ڕێگەی خوێندنەکەیانەوە پەرەی پێدەدەن، و ئەو لێهاتوویە کرداری (پراکتیک)ی و (تەکنیک)یانەیە کە قوتابیان لە بوارە جیاجیاکانی خوێندندا بەدەستی دەهێنن و نیشانی دەدەن. ئەمەش ڕێگەیان پێدەدات زانیاری بە شێوەیەکی کاریگەر لە دۆخە ڕاستەقینەکانی جیهانیدا بەکاربهێنن، بە بەکارهێنانی تەکنیکە پێشکەوتووەکانی توێژینەوە و ئامرازە تەکنەلۆژییەکان، دیزاینکردن و جێبەجێکردنی توێژینەوەی سەربەخۆ یان پرۆژەی پیشەیی. لە پرۆسەی بۆلۆنیادا کارامەیی بەپێی سیستەمی سێ ئاستی پۆلێن دەکرێن: نموونە ئاستی بەکالۆریۆس: بەکارهێنانی زانیاری بۆ ئەرکە پراکتیکییەکان، و پەرەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و توانای چارەسەرکردنی کێشەکان، شارەزایی پەیوەندیکردن و بەگروپ کارکردنەوە، لە ئاستی ماستەر: ئەنجامدانی توێژینەوەی سەربەخۆ، لە ئاستی دکتۆراش: پەرەپێدانی شێوازی نوێ و گەیاندنی چەمکە ئاڵۆزەکان بە شێوەیەکی کاریگەر بە ئامادەبوونی تایبەتی و گشتی.

بەشەکان بەرپرسیاران لە دەست نیشانکردنی کارامەیی تایبەت بۆ هەر وانە (مۆدیوڵەک)، کە دەبێت بەشەکان جەخت لەسەر پەرەپێدانی کارامەیی بکەنەوە. بێگومان بەگروپ کارکردن، پەیوەندی دروستکردن و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە زۆر گرنگە بۆ ژینگەی هاوبەشی کارکردن لە نێوان زانستەکاندا. بۆ نموونە بەشەکان دڵنیایی دەدەن لەوەی کە بە قوتابیان لە ئاستی یەکەم (ئاستی بەکالۆریۆس) زانیاری بنەڕەتی و توانای پێشکەوتووی لێهاتوویی و توێژینەوە لە ئاستی دووەم (ئاستی ماستەر) و لە ئاستی سێیەم (ئاستی دکتۆرا) بەدەست دەهێنن. ئەمەش ڕێگە بە قوتابیان دەدات نەک تەنها لە چەمکە تیۆرییەکان تێبگەن، بەڵکو لە دۆخە پراکتیکییەکانیشدا بەکاریان بهێنن.

بۆ زیاتر ڕوون کردنەوە لە پێکهاتەی دەرئەنجامی فێربوون، کە کارامەییە، مۆدیوڵی نانۆپزیشکی وەك نموونە وردەگرین کە لە کۆلێژی زانست دەخوێندرێت:

لە **بڕوانامەی بەکالۆریۆس:** قوتابیان زانیاری بنەڕەتی لەسەر نانۆپزیشکی بەدەست دەهێنن و پەرە بە توانا سەرەتاییەکانی تاقیگەیی دەدەن، لەوانە دروستکردن و تایبەتمەندی نانۆمادده، شیکاری داتا، و پەیوەندیکردن، هەروەها فێردەبن لەناو تیمە زانستییەکاندا کار بکەن.

**بڕوانامەی ماستەر:** قوتابیان تێگەیشتنیان لە چەمکە پێشکەوتووەکانی نانۆپزیشکی قووڵتر دەکەنەوە، وەک گەیاندنی دەرمان بە ئامانج و بەکارهێنانی دەستنیشانکردن، دیزاینی کارامەی پرۆسەی توێژینەوە، و هاوبەش کارکردن لەگەڵ تیمی زانستی-پزیشکی.

**بڕوانامەی دکتۆرا:** قوتابیانی دکتۆرا توێژینەوەی ڕەسەن ئەنجام دەدەن، چارەسەری داهێنەرانە بۆ پزیشکی نانۆ پەرەپێدەدەن، و پرۆژەی ئاڵۆز بەڕێوەدەبەن. ئەم کارامەییانە دڵنیای دەدەن لەوەی، کە قوتابیان لە زانیاری سەرەتاییەوە بەرەو توێژینەوە و داهێنان لە بواری نانۆپزیشکیدا پێشکەوتوە.

## ٣.لێهاتووییەکان (Competence) (چۆن قوتابی زانیاری و لێهاتووییەکان بەکاردەهێنێت)

ئاماژەیە بەو توانا و لێهاتووییەی کە قوتابی نیشانی دەدات، بەتایبەت کە ئەو زانیاری و کارامەیانەی لە ژینگە پەروەردەییەکان بەدەستی هێناوە بۆ ژینگەکانی جیهانی ڕاستەقینە، یان پیشەیی بەکاردەهێنێت. ئەم لێهاتووییانە ڕەنگدانەوەی بەکارهێنانی پراکتیکی ئەو بابەتانەن، کە قوتابی فێری بووە، هەروەها نیشانی دەدات، کە چۆن دەتوانن زانیارییەکانیان بەکاربهێنێت بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان و بەشداریکردنی مانادار لە چوارچێوەی جۆراوجۆردا.

ڕۆڵی بەشە زانستییەکان بریتییە لە پەرەپێدان و نوێکردنەوەی پرۆگرامی خوێندن، پێشکەشکردنی ڕاهێنەری پسپۆڕانە، و گرنگیدان بە هاوسەنگی زانیاری تیۆری و کارامەیی پراکتیکی و تواناکانی توێژینەوە کە قوتابیان بۆ سەرکەوتنی پیشەیی یان دەستکەوتی زیاتری ئەکادیمی ئامادە دەکەن. بۆ نمونە لە مۆدیوڵی نانۆپزیشکیدا، لێهاتووییەکان لە سەرانسەری خولەکانی پرۆسەی بۆلۆنیا پەرەدەسەنن. لە ئاستی بەکالۆریۆس، قوتابیان تێگەیشتنێکی بنەڕەتی لە نانۆپزیشکی بەدەستدەهێنن، پەرە بە تواناکانی تاقیگە دەدەن، و فێردەبن لە نێوان تیمە زانستەکاندا کاربکەن. لە ئاستی ماستەردا، پێشدەکەون بۆ دیزاینکردنی بەکارهێنانی نانۆپزیشکی، ئەنجامدانی توێژینەوەی سەربەخۆ، و شیکردنەوەی ڕەخنەگرانە لە داتاکان. لە ئاستی دکتۆرادا، چاوەڕوان دەکرێت قوتابیان سەرکردایەتی توێژینەوەی داهێنەرانە بکەن، پرۆژەکان بەڕێوەببەن، و زانیاری لە سەرانسەری دیسیپلینەکاندا تێکەڵ بکەن، دڵنیابن لە پابەندبوون بە ستاندارده بەهایی و ئەخلاقی و ڕێکخراوەییەکان. ئەم لێهاتووییانەی

قوتابیان ئامادە دەکەن بۆ گواستنەوە لە زانیاری بنەڕەتییەوە بۆ پێشەنگی توێژینەوە و پەرەپێدان لە بواری نانۆپزیشکیدا لە پسپۆڕی خۆیاندا.

## تەوەرەی دووەم

## ڕۆڵی سەرۆکی بەش، ئەنجوومەنی بەش و لیژنەی پرۆگرامی خوێندن لە داڕشتنی دەرئەنجامەکانی فێربووندا

لە چوارچێوەی پرۆسەی بۆلۆنیادا، ڕۆڵی سەرۆکی بەش، ئەنجوومەنی بەش و لیژنەی بەرنامەی ئەکادیمی زۆر گرنگە لە هاوتەریبکردنی دەرئەنجامەکانی فێربوونی پرۆگرامەکە لەگەڵ ستانداردەکانی ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپی (EHEA-European Higher Education Area). هەر بۆیەش لە خوارەوە ڕۆڵی هەریەکەیان دەستنیشان دەکەین:

**سەرۆکی بەش:** سەرۆکی بەش بەرپرسە لە پاراستنی کوالیتی ئەکادیمی و پەیوەندیدارێتی پرۆگرامەکە. هەروەها سەرپەرشتی جێبەجێکردنی دەرئەنجامەکانی فێربوون دەکات بۆ دڵنیابوون لە هاوئاهەنگی لەگەڵ ستانداردە نیشتمانییەکان و چوارچێوەی پرۆسەی بۆلۆنیا. سەرەڕای ئەوە، سەرۆکی بەش پشتگیری لە پەرەپێدانی بەردەوامی پرۆگرامی خوێندن بەگشتی و مۆدیوڵ (وانەکان) بە تایبەتی دەکات، و ئاسانکاری بۆ ڕاهێنانی ستافی ئەکادیمی (دەستەی وانە وتنەوە) دەکات بۆ دڵنیابوون لەوەی کە بەرجەستەکردنی وانەوتنەوە بە شێوەیەکی کاریگەر بەڕێوەدەچێت و ڕەنگ دەدەنەوە بە سەر دەرئەنجامەکانی فێربوون.

**ئەنجومەنی بەش:** ڕێنمایی پسپۆڕانە سەبارەت بە ناوەڕۆکی پرۆگرام و توێژینەوە و پاراستنی پێوەرە (ستانداردە) ئەکادیمییەکان پێشکەش دەکات. جگە لەوەش، لیژنەکە هەڵسەنگاندن بۆ هاوتەریبی (ڕادەی گونجانی) پرۆگرامەکە دەکات لەگەڵ ئاستەکانی چوارچێوەی نیشتیمانی بڕوانامەکان(NQF) و چوارچێوە ئەوروپی بۆ بڕوانامەکان (EQF) لە پێناوی دڵنیابوون لە یەکگرتنەوەوە و جۆریەتی (کوالیتی) پرۆگرامەکان.

**لیژنەی پرۆگرامی خوێندنی ئەکادیمی:** بەرپرسیارە لە دیزاینکردن و چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنی پێکهاتەی پرۆگرام و دەرئەنجامەکانی فێربوونی. کە ئەو لیژنەیە دەرئەنجامی فێربوونی هەر وانەیەک و وەرزێکی خوێندن لەگەڵ ئامانجە گشتییەکانی بەرنامەکەدا ڕێکدەخات، زۆرجار ئامرازەکانی وەک هەڵسەنگاندنی پرۆگرام بەکاردەهێنێت. ئەم لیژنەیە دڵنیا دەدات لەوەی کە شێوازەکانی هەڵسەنگاندن کاریگەرن لە پێوانەکردنی دەرئەنجامە مەبەستدارەکانی فێربوون.

لە سەر ئاستی هەر بە شێکی زانستی ئەنجوومەنی بەش و لیژنەی پرۆگرامی خوێندنی ئەکادیمی لەسەر پێشنیازی سەرۆکی بەش بە ڕەچاوکردنی ڕینمایی و پێوەرەکانی سەرۆکایەتی زانکۆ و بەڕیوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری سەرۆکایەتی زانکۆ لەو بارەیەوە و بە فەرمانی ڕاگری کۆلێژ لە دەستەی وانەوتنەوەی هەمان بەش پێک دەهێندرێت، بە مەرجێک لە دانانی ئەندامەکانی ڕەچاوی نازناوی زانستی و شارەزاییان لە سیستەمی بۆلۆنیا بکرێت.

## سوودە سەرەکییەکانی دەرئەنجامەکانی فێربوون

١. یەکێک لە سوودە سەرەکییەکانی دەرئەنجامەکانی فێربوون ئەوەیە کە ڕوونکاری و بەرچاوڕوونی تەواو پێشکەش دەکەن سەبارەت بەوەی کە چاوەڕوان دەکرێت لە قوتابی بەدەستبهێنێت و بەکاری بهێنێت لە بازاری کار. لە ڕوانگەیەکی فراوانترەوە، دەتوانرێت دەرئەنجامەکانی فێربوون وەک "پێدراوێکی هاوبەش" سەیر بکرێت کە ڕونکاری (شەفافیەت) ی وانەکان (مۆدیوڵ)ەکان و پرۆگرامەکان لە زانکۆمان بەرز دەکەنەوە، چ لەسەر ئاستی ناوخۆیی و چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. دەرئەنجامەکانی فێربوون تێگەیشتنێکی ڕوون و هاوبەش لە چاوەڕوانییەکانی پەروەردەیی بۆ هەریەک لە مامۆستایان و قوتابیانی زانکۆمان دابین دەکەن. ئەم ڕونکارییە (شەفافیەت)ە یارمەتی قوتابییان دەدات لەوە تێبگەن کە لێیان چاوەڕوان دەکرێت و ڕێگە بە مامۆستایان دەدات شێوازەکانی وانەوتنەوە و هەڵسەنگاندنەکان بەپێی پێویستی فێربوونی قوتابیان و ئامادەکردنیان بۆ بازاڕی کار ڕێکبخەن.

٢. دەرئەنجامەکانی فێربوون پشتگیری لە خود هەڵسەنگاندنی (Self-feedback) مانادار دەکەن، بە جۆرێک کە ڕێگە بە قوتابیان دەدات چاودێری پێشکەوتنەکانیان بکەن و سەرنجیان لەسەر ئە بابەتانە بێت کە بەرەوپێشیان دەبات و ئاسانکاریان بۆ دەکات لە گەیشتن بە لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەک ڕاهێنەران، گەشەپێدەرانی نوێکردنەوەی پرۆگرامی خوێندن و خاوەنکارەکان. هەروەها دەرئەنجامەکانی فێربوون دڵنیای دەدەن لەوەی کە ئەو شێوە فێرکردنەی کە پێشکەش دەکرێت لەگەڵ لێهاتووییە خوازراوەکان و پێداویستییەکانی جیهانی ڕاستەقینەدا دەگونجێت. ئەم تێگەیشتنە هاوبەشە پەیوەندی نێوان جۆریەتی (کوالیتی) و لێپرسینەوەی ئەزموونی فێربوون بەرز دەکاتەوە.

٣. دەرئەنجامەکانی فێربوون ڕێگە بە مامۆستایان دەدەن، کە بە شێوەیەکی کاریگەرتر کەرەستە و پێدراوەکانی فێرکردن وێنا بکەن و ستراتیژی فێرکردن و فێرکاری گونجاو هەڵبژێرن. هەروەها یارمەتیدەر دەبن لە دوورکەوتنەوە لە ناوەڕۆکی ناپێویست، ئەمەش کات دەگەڕێنێتەوە و دەبێتە هۆی زیاتر گرنگیدان بە بابەتگەلی بنەڕەتی.

٤. بە گرنگیدان بە پەرەپێدانی لێهاتووییەکان بە ڕێگای تێکەڵکردنی زانیاری و کارامەیی و هەڵوێستەکان(بەدەنگەوەچوونەکان) دەرئەنجامەکانی فێربوون، (Knowledge, Skill, Attitude) قوتابیانی زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر بۆ ئاستەنگەکانی جیهانی ڕاستەقینە ئامادە دەکەن و فێربوونی بەدرێژایی ژیان لە لایان بەرەوپێش دەبەن. چونکە دەرئەنجامەکانی فێربوون یارمەتی قوتابیان دەدەن لە پەیوەندی نێوان پرۆگرامی خوێندن و پیشەی داهاتوویان تێبگەن.

٥. دەرئەنجامەکانی فێربوون ڕێگە بە قوتابیان دەدەن، کە پێشکەوتنی خۆیان هەڵسەنگێنن و بیر لە یادنامەی فێربوونیان بکەنەوە. ئەم بەئاگاییەشیان گەرەنتی سەربەخۆیی پەروەردەیی قوتابیان دەکات و هانیان دەدات کە بەرپرسیارێتی خوێندن لە ئەستۆ بگرن.

## تەوەرەی سێیەم

## چوارچێوەی بنچینەیی پرۆسەی خوێندنی باڵا لەسەر بنەمای پێوازۆی بۆلۆنیا

(Higher Education Framework )

١. چوارچێوەی بڕوانامە ئەوروپییەکان (EQF) سیستەمێکی ستاندارد بۆ بەراوردکردن و ڕێکخستنی بڕوانامەکان لە سەرانسەری ئەوروپا دابین دەکات، کە یارمەتیدەرە بۆ دڵنیابوون لە ڕونکاری (شەفافیەت) و دانپێدانانی خوێندن و بڕوانامەکانی یەکتر لە ژێر چەتری پرۆسەی بۆلۆنیادا.

٢. (EQF) زۆر گرنگە بۆ نەخشەکێشانی پرۆگرامە ئەکادیمییەکان لە ئاستە جیاوازەکانی خوێندن و بڕوانامە (بەکالۆریۆس، ماستەر و دکتۆرا) بۆ هێنانەدی چوارچێوەیەکی هاوبەش. بەشەکان سەرپەرشتی لە پێکهاتەی سێ بازنە (ئاست)ی بۆلۆنیا لە جێبەجێکردن و یەکخستنی سیستەمی خوێندنی باڵا دەکەن. کە ڕۆڵێکی گرینگی هەیە لە دڵنیابوون لە پەرەپێدانی لێهاتووییەکانی (Competency) قوتابیان لە تەواوی ئاستە ئەکادیمییە جیاوازەکاندا. ئەم ڕۆڵەشی فرەلایەنەیە، کە وێنا(دیزاین)ی پرۆگرامی خوێندن بۆ هەر سێ ئاست دەکات، لە وانەوتنەوە، ڕاهێنەرایەتی و دابینکردنی سەرچاوە و دەرفەتی پێویست بۆ قوتابیان بۆ بەدەستهێنانی دەرئەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی فێربوون.

٣. ئاستی بڕوانامەکانی خوێندنی باڵا لە زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، لە سەر بنەمای یەکە-کرێدیت (ECTS)ە و تێییدا پێناسەی لێهاتوویی (Qualifications) لە ڕووی دەرەنجامەکانی فێربوونەوە (Learning Outcomes) دەکرێت.

٤. بەسوود وەرگرتن لە چوارچێوەی بڕوانامەکان لە پرۆسەی بۆلۆنیا کە هاندەری دروستکردنی چوارچێوەی بڕوانامەی نیشتمانیە، کە بڕوانامەکان لە هەر ئاستێکدا (بەکالۆریۆس، ماستەر و دکتۆرا) بۆ چوارچێوەی بڕوانامە ئەوروپییەکان (EQF) نەخشەکێش دەکەن. بێگومان بە پشت بەستن بە چوارچیوەی نیشتیمانی بۆ بڕوانامەکان کە بەپێی پێواژۆی بۆلۆنا لە هەرێمی کوردستان دەرچووە لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی کوردستان کە هەشت ئاستی هەیە، کە ئاستەکانی شەشەم تاوەکو هەشتەم بەگشتی هاوتایە لەگەڵ بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆرا. بەجۆرێک کە ئاستی شەشەم، بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە خۆی دەگرێت و ئاستی حەوتەم هاوتای بڕوانامەی ماستەرە، هەرچی ئاستی هەشتەمە تایبەتە بە بڕوانامەی دکتۆرا کە بوونی ئەم جۆرە لە هاوتاییە و ڕێکخستنە لە ئاست و بڕوانامەکان یەکدەنگی لە ستاندارده فێرکارییەکان(پەروەردەییەکان) لە نێوانی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر و زانکۆکانی ناوەوەی وڵات و سەرانسەری زانکۆ ئەوروپی و جیهانییەکان مسۆگەر دەکات، کە لە بەرامبەریشدا یارمەتی خاوەنکاران، قوتابیانی زانکۆمان و دامەزراوە ئەکادیمییەکان دەدات باشتر لە ئاستی بڕوانامە و لێهاتووییەکانی دەرچووانمان تێبگەن. هەر ئاستێکی خوێندن بەم شیوەی خوارەوە دەبێت:

## ئاستەکانی پرۆگرامی خوێندن لە زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر:

**أ. ئاستی کورت مەودا (Short Cycle):** بە شێوەیەکی گشتی خوێندنی دبلۆم(Diploma Degree) دەگرێتەوە، کە (ECTS 120) یەکە -کرێدیتە. دەرچوو لەم ئاستە بڕوانامەی دبلۆمی لە بواری پسپۆرییەکەی پێی دەبەخشرێت .(ئەم جۆرە خویندنە لە زانکۆی سەلاحەدین نیە)

**ب- ئاستی یەکەم (First Cycle):** بە شێوەیەکی گشتی خوێندنی بەکالۆریۆس لە زانکۆی سەلاحەددین (Bachelor's Degree) لە خۆدەگرێت، کە پێکدێت لە (240) یەکەی (ECTS)، جگە لەو بەشانەی کە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا دیاری دەکرێن و پێویستیان بە کرێدیتی زیاترە بۆ خوێندنی بەکالۆریۆس. دەرچوو لەم ئاستە بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە بواری پسپۆڕییەکەی پێی دەبەخشرێت. (لە خوێندنی پێنج ساڵەدا 300 ECTS دەبێت)

**ج- ئاستی دووەم (Second Cycle):** ئەم ئاستە لە بنەڕەتدا دوو ئاستی تر لە خۆی دەگرێت بەم شیوەیەی خوارەوە:

- خوێندنی دبلۆمی باڵا (Higher Diploma Degree) بە شێوەیەکی ئاسایی پێکدێت لە (60) یەکە (ECTS). دەرچوو لەم ئاستە بڕوانامەی دبلۆمی باڵا لە بواری پسپۆڕییەکەی پێی دەبەخشرێت.

- خوێندنی ماستەر (Master’s Degree) بە شێوەیەکی ئاسایی پێک دێت لە (120) یەکە (ECTS). دەرچوو لەم ئاستە بڕوانامەی ماستەر لە بواری پسپۆڕییەکەی پێی دەبەخشرێت.

**ئاستی سێیەم (Third Cycle):** خوێندنی دکتۆرا (Doctor of Philosophy Degree) کە بەپێی مادەی (1) لە ڕینمایی ژمارە (٧)ی ساڵی (2023) تایبەت بە شێوازی کۆرسەکانی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان، کە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستانەوە دەرچووە، خوێندنی دکتۆرا (180) یەکەی (ECTS) بۆ دیاری کراوە، بەجۆرێک،کە (30) یەکە(ECTS) بۆ سیمستەری یەکەمی ساڵی یەکەم تەرخاندەکرێت و (150) یەکە(ECTS) بۆ تێزی دکتۆرا بەسەرکەوتوویی تەرخاندەکرێت. دەرچوو لەم ئاستە بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری پسپۆڕییەکەی پێی دەبەخشرێت.

لەم خشتەیەی خوارەوە نەخشەکێشانی ئاستەکان بۆ چوارچێوەی بڕوانامە ئەوروپییەکان (EQF) نیشان دراوە:




بەشێوەیەکی گشتی نەخشەکێشانی ئاستەکان (بازنەکان) بۆ چوارچێوەی بڕوانامە ئەوروپییەکان (EQF)

لەم خاڵانەی خوارەوەدا ئەو ئەرک و ڕۆڵە گرنگەی کە بەشە زانستییەکان لە چوارچیوەی پرۆسەی بۆڵۆنیا و سیستەمی سێ ئاستەکەی (بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆرا)دا دەیبینین، بە تایبەتیش لە بواری دڵنیایی دان لە کوالیتی خوێندن و هەماهەنگی نێودەوڵەتی و گواستنەوەی قوتابیان و دانپێدانانی بڕوانامەکان دەخەینە ڕوو، بەجۆرێک کە:

١. بەشەکان ئاسانکاری دەکەن بۆ پەرەپێدانی پرۆگرامی بڕوانامەکان کە هاوتەریب بێت لەگەڵ پێکهاتەی سێ ئاستیدا (بازنەییدا) بۆ هێنانەدی وپێشخستنی کۆدەنگی ئەکادیمی و دانپێدانانی نێودەوڵەتی. سەرپەرشتیکردنی چوارچێوەی دڵنیایی جۆریی بۆ پاراستنی ستانداردە ئەکادیمییە بەرزەکان و دڵنیابوون لەوەی بڕوانامەکان بە پێی پێداویستی بازاڕی کوردستان و ئەنجامەکان و ئاکامەکانی فێربوون.

٢. بەشە زانستیەکان لەگەڵ دامەزراوە زانستییە نێودەڵەتیەکان کاردەکەن بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەکانی دڵنیایی جۆریی وەک: هەڵسەنگاندنی دەرەکی، وردبینی و پێداچوونەوەی هاوتا، دڵنیابوون لەوەی کە بەرنامە ئەکادیمییەکان ستانداردی پێویست بەدی دەهێنن. ئەمەش دڵنیای دەدات لەوەی کە بڕوانامەکان بەراورد دەکرێن و دەگوازرێنەوە و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دانپێدانراون.

٣. هەروەها بەشە زانستیەکان زانکۆمان پرۆسەی باوەڕپێکردن بەڕێوەدەبەن و پشتڕاستی دەکەنەوە کە دامەزراوەکان پابەندن بە پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری، کە متمانەی گشتی بەرز دەکەنەوە و پشتگیری لە جووڵەی قوتابیان دەکەن، و پێشخستنی باشی خوێندن لە سەرانسەری کوردستان و زانکۆ نێودەوڵەتیەکان فەراهەم دەکەن. سەرەڕای ئەوەش، بەشەکان چاودێری پرۆسەی باوەڕپێکردن دەکەن، کە بریتییە لە دانپێدانانی فەرمی کە دامەزراوەیەکی زانستی یان بەرنامەیەک(پرۆگرامێک) کە پێوەر و جۆرایەتی (ستاندارد و کوالیتییە) پێشوەختە پێویست و دیاریکراوەکانی تێدایە. ئەم پرۆسەیە پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی وەرزی لەخۆدەگرێت بۆ پشتڕاستکردنەوەی پابەندبوون بە ستانداردەکانی (EHEA) دڵنیابوون لەوەی کە هەر بڕوانامەیەک کە بەپێی چوارچێوەی بۆلۆنیا دەرچووە ڕاست و دروستە و قبوڵکراوە لە زانکۆمان و سەرانسەری وڵاتانی ئەندام و پیادەکاری پۆلۆنیادا.

٤. ڕۆڵی بەش لە بەرەوپێشبردنی گواستنەوەی قوتابیان لە نێو زانکۆمان و زانکۆ ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان زۆر گرینگە، بەجۆرێک کە پشتگیریکردن لە دەستپێشخەریەکانی گواستنەوەی قوتابیان بەرز دەکەنەوە، وەک ئاسانکاری گواستنەوەی کرێدت لە ڕێگەی (ECTS) و دڵنیابوون لە دانپێدانانی یەکتر لە بڕوانامەکان.

٥. قوتابیانمان دەتوانن لە و وولاتانەی کە سیستەمی بۆلۆنیا پەیڕەو دەکەن بخوێنن لە هەمان کاتدا دڵنیابن لەوەی کە کرێدتە ئەکادیمیە بەدەستهاتووەکانیان دانپێدانراون و دەتوانرێت بگوازرێنەوە، و بەپێچەوانەشەوە قوتابیانی زانکۆ ناوخۆیی و نێودەڵەتیەکان دەتوانن لە زانکۆمان بخوێنن.

٦. یەکێک لە دەستپێشخەرییە سەرەکییەکان، بریتییە لە سیستەمی گواستنەوە و کەڵەکەکردنی یەکە (کرێدت)ی ئەورووپی(ECTS) کە رێگە بە قوتابیان دەدات کرێدتەکان لە نێوان زانکۆاکان (دامەزراوەکان)دا بگوازنەوە و دڵنیایی دەدات، کە دەستکەوت و هەوڵ و کۆششەکانیان لە سەرانسەری زانکۆکانی ئەندام و پیادەکاردا دەناسرێتەوە. هەروەها بەشە زانستییەکان کاردەکەن بۆ دڵنیابوون لە دانپێدانانی هاوبەشی بڕوانامە، ئەمەش ئاسانکاری دەکات بۆ قوتابیان کە بڕوانامەکانیان لە وڵاتە جیاوازەکاندا وەربگیرێت و دانی پێدابندرێت، کە ئەم هەوڵانەش ئاڵوگۆڕی زانستی و ئەکادیمی بەرەوپێش دەبەن، ئەزموونی فێرکردن بەرز دەکەنەوە، و توانای دامەزراندن و دەستخستنی کار باشتر دەکەن لە رێگەی فەراهەمکردنی ژینگەیەکی پەروەردەیی زیاتر بەیەکەوە گرێدراو و نەرم.

٧. بەشە زانستییەکان لە زانکۆمان بەرپرسن لە پەیوەندیکردن لەگەڵ دامەزراوەکانی تری خوێندنی باڵا، و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی کاریگەر و باشترکردنی بەردەوامی پێکهاتەی سێ ئاستەکەی سیستەمی بۆلۆنیا. ئەمەش بریتییە لە کۆکردنەوەی زانیاری و هەڵسەنگاندنی کاریگەری لەسەر گواستنەوەی قوتابیان لە نێوان زانکۆمان و زانکۆکانی تری ناوخۆیی و نێودەوڵەتی و ناساندن و دانپێدانانی بڕوانامەکان.

## تەوەرەی چوارەم

## ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی بەشەزانستییەکان لە ئاستەکانی خوێندن بە پشتبەستن بە ساڵنامەی خوێندنی ئەکادیمی خوێندن لە هەر وەرزێکدا لە پرۆسەی بۆلۆنیا

١. لە چوارچێوەی خوێندنی ئەکادیمی ئاستی (بەکالۆریۆس)، سیستەمی وەرزەکان وەک پێکهاتەیەکی ڕەسەنی ساڵنامەی ئەکادیمییە لە دەستپێکەوە تاوکو کۆتایی بە شێوەیەکی باو بەکاردەهێنرێت، کە تیایدا ساڵی خوێندن بەسەر دوو وەرزی جیاوازدا دابەش دەکرێت، بە شێوەیەکی گشتی هەر وەرزێک نزیکەی (20) هەفتە دەخایەنێت، بەجۆرێک نابێت خوێندن لە هەر وەرزێک لە (14) هەفتە کەمتر بێت و ئەوەش کە دەمێنێتەوە بۆ تاقیکردنەوەکان و پشووەکان دەبێت.

٢. زانکۆی سەلاحددین پەیڕەوی سیستەمی وەرز (سیمستەر) دەکات لە سەر بنەمای یەکە-کرێدیت (ECTS). و خوێندنی هەر ساڵێکی ئەکادیمی زانکۆمان دابەش دەبێتە سەر دوو وەرزی ئاسایی، کە بریتین لە وەرزی یەکەم یاخود وەزی پایزە (Fall Semester)، و وەرزی دووەم یاخود وەرزی بەهارە (Spring Semester).

٣. وەرزی پایزە - Fall Semester: بە بە شێوەیەکی ئاسایی لە دەستپێکی مانگی ئەیلول دەست پێدەکات و لە کۆتایی مانگی یەک کۆتایی دێت. گشت چالاکی و هەڵسەنگاندنەکانی وەک وتار و سیمینار و ئەرکەکان لەخۆدەگرێت، دواتر تاقیکردنەوە یان هەڵسەنگاندنی کۆتایی.

٤. وەرزی بەهارە - Spring Semester لە سەرەتای مانگی یەکی هەموو ساڵێك دەست پێدەکات و لە کۆتایی مانگی شەش کۆتایی دێت. کە بەهامان شێوی وەرزی پایزە خوێندن و چالاکیەکان و ئەرک و لایەنی کرداری و تاقیکردنەوە لەخۆدەگرێت.

٥. هەروەها دەکرێت بەشە زانستییەکان لە کۆلێژەکانی سەر بە زانکۆمان وەرزی هاوینە پێشکەش بکەن، بەپێی ئەو مەرج و ڕێوشێنانەی لە لایەن سەرۆکایەتی زانکۆوە بۆ ئەم مەبەستە دەردەکرێت. کە ئەم جۆرە وەرزانە دەبێت زیاتر سەرنجیان لەسەر خولی چڕ یان پڕۆژەی توێژینەوە بێت.

٦. بەشەکان لە ڕێگای بەدواداچوون و دڵنیابوون لە ڕێک بەڕیوەچوونی خشتەی خوێندن بە پێی ساڵنامەی ئەکادیمی و پشتگیری و پشتیوانی مامۆستایان و قوتابیان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێرن، هەروەها لە ئەنجامدانی گشت ڕێکارەکانی هەڵسەنگاندن بە هەردوو شیوەی پێکهێنەر و پوختەکار ( Formative and Summative Assessment).

٧. بەشە زانستییەکان بەرپرسن لەوەی کە هەموو چالاکییەکان، لە دەستپێکی هەر وەرزێکەوە تاوەکو کۆتاییەکەی و تاقیکردنەوەکان بە باشی ڕێکخراون و لەگەڵ ستانداردە نێودەوڵەتیەکان دەگونجێن و تێک دەکەنەوە. بۆ نموونە: لە خوێندنی (20) هەفتەیی کە پێکهاتوو لە چواردە (14) هەفتە خوێندن لە پۆلدا (6) هەفتەکەی تر بۆ تۆمارکردن وەرزی و مۆدیوڵەکان و تاقیکردنەوەکان دەبێت. لە هەفتەکانی سەرەتای وەرزەکەدا بە ناساندنی مۆدیوڵەکان و دەروازوکانی هەر مۆدیولێک دەستپێدەکات، کە تێیدا مامۆستایان (ئاسانکاران و ڕاهێنەران)، پێکهاتەی وەرز و ئامانجە سەرەکییەکانی فێربوون دەخەنە ڕوو. بە جۆرێک کە لە هەفتەکانی سەرەتادا بابەتە بنەڕەتیەکان دەخرێنە ڕوو، قوتابیان بەشداری لە مۆدیوڵ و پرۆسەکانی تری فێرکاری هزری و کرداری دەکەن. ئەرکە سەرەتاییەکان، لەم هەفتانەدا وەک: تاقیکردنەوەی ڕۆژانە، گفتوگۆی ناوپۆل و ڕاپۆرت و

چارەسەکردنی کێشەیەک یان لێوردبوونەوە لە دۆزێک یان هەر چالاکیەکی تر کە مامۆستای بابەت یان بەشەکان بڕیاری لەسەر دەدەن یارمەتیدەردەبن بۆ پێوانەکردنی ئاستی تێگەیشتنی قوتابیان.

٨. لە هەفتەکانی تردا تاوەکو هەشتەم هەفتە ناوەڕۆکی سەرەکی مۆدیوڵەکان دەخوێندرێت، کە وانەکان لەسەر قووڵکردنەوەی تێگەیشتن لە بابەتەکە جەخت دەکەنەوە. بەگشتی لە کۆتایی هەفتەی هەشتەمدا، مامۆستایان سەرپشکن لە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی ناوەندە وەرز یاخود (ناوەڕاستی وەرز )

٩. لە هەفتەی 15 یان 16 کۆبوونەوەی پێداچوونەوە ئەنجام دەدرێت بۆ یارمەتیدانی قوتابیان بۆ ئامادەکاری بۆ تاقیکردنەوەکانی کۆتایی. لەم ماوەیەدا، مامۆستایان (ئاسنکاران-ڕاهێنەران) پێداچوونەوەی گشتگیر بەو بابەتانەدا دەکرێت کە لە هەر مۆدیلێک بە درێژایی وەرزەکە خوێندراوە، کە گرنگی بە چەمکە سەرەکییەکان دەدەن و هەر پرسیارێک کە قوتابیان هەیانبێت، دەخەنە ڕوو.

١٠. لە کۆتاییدا هەفتەی 20-17 تایبەتە بە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی و پشووی کۆتایی وەرز. لەم ماوەیەدا کاتێکی زۆر دەدەن بە قوتابیان بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی نووسراو، تاقیکردنەوەی پراکتیکی، یان زارەکی، بەپێی وانەکە. تاقیکردنەوەکانی کۆتایی گشتگیرن، هەموو بابەتەکانی وەرزەکە دەگرێتەوە، و بەشدارییەکی بەرچاویان هەیە لە نمرە و کرێدتی تەرخانکراو بۆ هەر مۆدیوڵێک. دوای تاقیکردنەوەکان ماوەیەک دەبێت لە نێوان وەرزی یەکەم و وەرزی دووەم بۆ دووبارە ئەنجامدانەوەی تاقیکردنەوەکان بۆ ئەو قوتابیانەی دەرنەچوون، کورتکراوەی سەرەوە لە خشتەی خوارەوە باس کراوە.

بەگشتی دابەشبوونی وەرزی 20 هەفتەیی و ڕۆڵی بەش لە پرۆسەی خوێندندا:بەڵام مەرج نیە هەر (20) هەفتە بخوێندرێ، خوێندن پەیوەستە بەساڵنامەی کەلە سەرۆکایەتی زانکۆ دەردەچێت.

| چالاکیەکان | بەرپرسیارێتی بەش | هەفتە |
|---|---|---|
| بەشی زانستی دڵنیای دەدات لە ئامادەبوونی سەرچاوە و کەرەستە پێویستەکان بۆ ئەم بابەتانە و پشتگیری پێشوەختە بۆ قوتابیان دابین دەکات. | پێشەکی و بابەتە بنەڕەتیەکان | هەفتەی 1-3 |
| بەشی زانستی ئامادەکاری تاقیکردنەوەیەکی دادپەروەرانە مسۆگەر دەکات، لۆجستیکی تاقیکردنەوەکانی ناوەڕاستی وەرز هەماهەنگ دەکات، و خزمەتگوزاری پشتگیری پێشکەش دەکات. | ناوەڕۆکی سەرەکی و ماوەی تاقیکردنەوەی ناوەڕاستی وەرزی بۆ ماوەی 1 هەفتە ( لە هەفتەی ٨)ەم | هەفتەی 4-7 |

| | | |
|---|---|---|
| بەشەکان کۆبوونەوەکانی پێداچوونەوە و پێشکەشکردنی کۆتایی پرۆژە ڕێکدەخات، پشتگیری ئەکادیمی زیادە پێشکەش دەکات. | دانیشتنەکانی پێداچوونەوە و پێشکەشکردنی کۆتایی پرۆژە.. | هەفتەی 9-14 |
| هەفتەی پێش کۆتایی و پێش تاقیکردنەوەی کۆتاییە، و ڕۆڵی بەشە زانستییەکان ئەوەیە، کە ڕاپۆرت و پرۆژەی قوتابیان پێشکەش بکەن بۆ لیژنەی تاقیکردنەوە، ڕاهێنان بدەن، و فیدباک و هەڵسەنگاندنی پێشوەختی بدەن بۆ ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی | ئامادەکاری بۆ کۆتایی | هەفتەی 15-16 |
| بەشی زانستی هاوکاری و هەماهەنگی لیژنەی تاقیکردنەوەکان دەکات بۆ بەڕیوەچوونی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی وەرز، و دڵنیایی دەدات لە نمرەی دادپەروەرانە، و هەماهەنگی دەکات بۆ دووبارە ئەنجامدانەوەی تاقیکردنەوەکان بۆ ئەو قوتابیانەی، کە پێویستیان پێیەتی. | تاقیکردنەوەکانی کۆتایی و ماوەی هەڵسەنگاندن. | هەفتەی 17-20 |

١. بەشێوەیەکی گشتی بەشی زانستی دڵنیایی دەدات لەوەی کە هەموو مۆدیوڵەکانی وەرزەکە لەگەڵ ستاندارده دامەزراوەییەکان هاوتەریبن و دڵنیایی دەدات لەوەی، کە پرۆگرامی خوێندن لەگەڵ ستاندارده ئەوروپییەکانی بۆ خوێندنی بۆلۆنیا هاوتا و هاوتەریبە.

٢. هەروەها بەشی زانستی بەرپرسە لە دابینکردنی ژینگەیەکی ئەکادیمی گونجا ولەبار بۆ قوتابیان و دەستەی وانه وتنەوە.

٣. بەشی زانستی بە هەماهەنگی لەگەڵ هۆبەی بەرەپێدانی پرۆگرامەکان لەدڵنیای جۆری ، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پرۆسەی ناو تۆمارکردنی قوتابیان بۆ پرۆگرامی خوێندنی وەرزەکان و مۆدیوڵەکانی هەر وەرزێك.

٤. بەشەکان بەهەماهەنگی لەگەڵ مامۆستای بابەت بەرپرسیارن لە دانان و جێبەجێکردنی شێوازەکانی هەڵسەنگاندنی گونجاو، وەك تاقیکردنەوەی ڕۆژانە (Quiz) ، پرۆژە(Project) و پێشکەشکردنی سیمینار (Presentation) و چارەسەرکردنی کێشە(Problem Solving) و دراسەکردنی دۆزێك (Case Study)، یان هەر چالاکییەکی تر، کە لەگەڵ شێوازی خوێندنی بەشی زانستی دەگونجێت، بۆ هەڵسەنگاندنی ئەوەی، کە ئایا

قوتابیان دەرئەنجامەکانی فێربوونیان بەدەست هێناوە یاخود نا. کە لەم سۆنگەیەشەوە بەشەکان دڵنیایی دەدەن لەوەی کە بەرنامەکانی خوێندن لەگەڵ ستانداردە نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکان بە هاوتەریبی دەمێننەوە و دەتواندرێت بەردەوامیان پێبدرێت یاخود پێویستدەکات بگۆڕدرێن و بگونجێندرێن.

## تەوەرەی پێنجەم

## ڕۆڵی بەش لەجێبەجێکردنی سیستەمی گواستنەوە و کەڵەکەکردنی کرێدت

یەکەی خوێندن (European Credit Transfer and Accumulation System (ECTS سیستەمی گواستنەوە و سەربارکردنی یەکەی ئەورووپی، ئاماژەیە بە ئامرازێک بۆ کۆکردنەوە و گواستنەوەی یەکەکانی خوێندن لەسەر بنەمای کاتەکانی خوێندنی هەر وانەیەک کە ڕێگای کۆشش و ئاکامەکانی پرۆسەی خوێندن دیاری دەکرێت. کە زیاتر ئامڕازێکە بەدەستی وڵاتانی ناوچەی ئەورووپی پێڕەوکاری سیستەمی بۆلۆنیا بۆ زیاتر هێنانەدی ڕونکاری (شفافیەت) لە خوێندن و وەرزەکان و مۆدیوڵەکانی خوێندندا.

کرێدیتی (ECTS) پشت بە کاتی فێربوونی قوتابی (Student Learning Time-SLT ) دەبەستێت، کە هەموو ئەوکاتژمێرانە لەخۆدەگرێت کە ئەو چالاکیانەی کە قوتابیان بەشداریی تێدا دەکات بۆ بەدەستهێنانی دەرئەنجامەکانی فێربوونی لە هەر ورزێك یان لە تەواو بوونی هەر ئاستێکی خوێندن.

بە شێوەیەکی گشتی لە سیستەمی بۆلۆنیا (1) یەك کرێدیت یەکسانە بە (25 بۆ 30) کاتژمێر لە هەوڵ و کۆششی قوتابیان لە (وانە، خوێندنی سەربەخۆ، تاقیکردنەوە و ئەرکەکان). کە لە زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر (1)یەك کرێدێت(ECTS) یەکسانە بە (27) کاتژمێر لە هەوڵ و کۆششی قوتابیان لە وەرزێکدا.

(60) کرێدیت یەکسانە بە یەک ساڵی خوێندنی تەواو (دوو وەرز) واتا: (نزیکەی 1,500-1,800 کاتژمێر کارکردن- کاتی فێربوونی قوتابی).

کەواتە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس ئەگەر (8) وەرز بێت لە (4) ساڵی خوێندن، کە دەکاتە دوو وەرزی خوێندن ئەوا پێویستە قوتابی لە هەر وەرزێک بڕی (30) یەکەی خوێندن کرێدیت (ECTS) تەواو بکات، کە بە کۆی گشتی دەکاتە (240) یەکە (کرێدیت) پێویستە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانکۆمان. بەڵام ئەگەر هاتوو ماوەی خوێندنەکە (5) ساڵی خوێندن بێت ئەوا ژمارەی وەرزەکان دەبێتە (10)، وەکۆی یەکەی پێویست دەبێتە (300) یەکە کرێدیت (ECTS). هەروەها ئەگەر هاتوو ماوەی خوێندنەکە (6) ساڵی

خوێندن بێت ئەوا ژمارەی وەرزەکان دەبێتە (12)، وەکۆی یەکەی پێویست دەبێتە (360) یەکە کرێدیت (ECTS) بەتایبەتی لە بەشی ئەندازیاری تەلارسازی و بەشی یاسا بەشە پزیشکیەکان.

لە خوارەوە گرینگترین خاڵە سەرەکییەکان سەبارەت بە (ECTS) نیشان دەدەین:

- لە چوارچێوەی سیستەمی گواستنەوە و سەربارکردنی یەکەی ئەوروپی (ECTS)، هەر مۆدیوڵێک لە پرۆگرامێکی ئەکادیمیدا ژمارەیەکی دیاریکراوی کرێدیت(ECTS)ی بۆ دیاری دەکرێت بە پشتبەستن بەو کۆششەی، کە پێویستە بۆ تەواوکردنی کرێدتەکان کە ڕەنگدانەوەی بڕی کاتی خوێندن و هەوڵی پێویستن، بە هەردوو شێوەی چالاکییەکان ( ناو پۆل و دەرەوەی پۆل) وەک: وانە، ئەرکی ماڵەوە، پرۆژە و تاقیکردنەوە...هتد.
- پشتگیری لە پرۆگرامی بڕوانامەی هاوبەشدەکرێت، کە تیایدا قوتابیانی زانکۆمان لە چەند دامەزراوەیەکی ئەکادیمی جیاواز دەخوێنن و کرێدیتی ئەکادیمی لە هەموو دامەزراوە بەشداربووەکان وەردەگرن. کە ئەم بەرنامە هاوبەشانە زۆر تایبەت و سوودبەخشن بۆ پەرەپێدانی هاوکاری نێوان زانکۆمان و زانکۆ و دامەزراوە ئەکادیمییەکانی دیکە.
- بەشە زانستییەکان دڵنیایی دەدەن لەوەی کە پرۆگرامی خوێندنەکە بە جۆرێکە کە لە سەر شیوازی (سیستەمی گواستنەوە و سەربارکردنی یەکەی ئەوروپی) داڕێژراوە، کە ڕێگە بە گواستنەوەی کرێدتەکان دەدات لە نێوان دامەزراوەکان و پشتگیری لە گواستنەوەی قوتابی دەکات لە هەندێك ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپیدا (EHEA).
- بەشە زانستییەکان وردەکاریی دابەشکردنی ژمارەی کرێدیتەکان بۆ هەر پێکهاتەیەکی پرۆگرامی خوێندنی ئەکادیمی لە کۆلێژەکانی سەربە زانکۆمان دیزاین دەکەن، کە خەمڵاندنی کۆشش، دڵنیایی جۆری، و پرۆسەکانی گواستنەوەی کرێدت بەڕێوەدەبەن، دڵنیایی دەدەن لەوەی، کە دەستکەوتە ئەکادیمییەکانی قوتابیانمان دانپێدانراون و یەک دەگرنەوە و تێک دەکەنەوە و بەراورد دەکرێن لە سەرانسەری دامەزراوە ئەکادیمیەکانی ناوخۆیی و دەرەکی دا.

لە خواروە بە وردی باس لە رۆڵ و بەرپرسیاریەتی بەشە زانستییەکان دەکەین:

١. بەشە زانستییەکان بەرپرسیارن لە داڕشتنی پرۆگرامی خوێندن بە جۆرێک کە لەگەڵ بنەماکانی کارکردنی سیستەمی (ECTS)دا بگونجێت. بە شێوەیەک کە دەبێت دڵنیابن لەوەی کە کۆشش بۆ هەر مۆدیوڵێک بە

شێوەیەکی گونجاو خەملێندراوە، و کۆی ژمارەی کرێدتەکانی (ECTS) بۆ هەر بەرنامەیەک(پرۆگرامێک) لەگەڵ دەرئەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی فێربوون و کاتژمێرەکانی خوێندندا یەکدەگرێتەوە.

٢. بەشەکان یارمەتیدەرن لە خستنەڕووی دەرئەنجامی فێربوونی ڕوون و ئاشکرا بۆ هەر مۆدیوڵ، و بۆ هەر پرۆگرامێکی خوێندن، کە دڵنیای دەدەن لەوەی قوتابیان تێدەگەن، کە دەبێت چ زانیاری و کارامەییەک بەدەستبهێنن تا کۆتایی وەرزەکە، هەروەها یارمەتیدەر دەبن لە گواستنەوەی کرێدتەکان لە سەرانسەری دامەزراوەکاندا.

بەشە زانستییەکان دڵنیایی(گەرەنتی) دەدەن لەوەی کە کرێدتەکانی (ECTS) دانپێدانراون و بەبێ هیچ ئاستەنگێک لە نێوان دامەزراوەکاندا دەگوازرێنەوە، بە تایبەت لە حاڵەتی ئاڵوگۆڕی قوتابیان و پرۆگرامەکانی بڕوانامەی هاوبەش لە نێوان زانکۆمان و هەر زانکۆ و دامەزراوەیەکی تردا. بەشە زانستییەکان بەشدارن لە پرۆسەی دڵنیابوونەوە لەوەی کە دەستکەوتەکانی قوتابیان بە شێوەیەک ڕاستاندنیان بۆ دەکرێت و بەڵگەدار دەکرێن، کە ڕێگە بە ئاسان دانپێدانانی کرێدتەکان دەدات لە نێوان دامەزراوە هاوبەشەکاندا.

٣. بەشە زانستییەکان کاردەکەن بۆ دڵنیابوون لەوەی کە پرۆگرامەکانیان بەتەواوەتی لەگەڵ سیستەمی (ECTS) دەگونجێت، ئەمەش جووڵەی قوتابیانمان لە سەرانسەری وڵات و ئەوروپا و تەنانەت لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا چالاک دەکات.

٤. بڕوانامەکان کە لە چوارچێوەی کارکردن بەپرۆسەی بۆلۆنیا و سیستەمی (ECTS) دا دەبەخشرێن بەو جۆرەی کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا دانپێدانراوە، ئەمەش ڕێگە بە قوتابیان دەدات کە خوێندنی زیاتر یان دامەزراندن و کارکردن لە سەرانسەری ئەوروپا و هەموو ئەو وڵاتانەی جیهان کار بە سیستەمی بۆلۆنیا دەکەن و دان بە ستانداردەکانی پرۆسەی بۆلۆنیادا دەنێن دەست بخەن.

٥. بەشە ئەکادیمییەکان پێویستە لە هەر گۆڕانکارییەک لە چوارچێوەی (ECTS) دەکرێت ئاگادار بن و دڵنیابن لەوەی کە بەرنامەکانیان ڕەنگدانەوەی ئەم نوێکارییانەن. چونکە وەک پێشتر ئاماژەمان پێیدا کە بەشە زانستییەکان ڕۆڵێکی چالاک دەگێڕن لە گونجاندنی پێکهاتەی پرۆگرامەکان، لە شیوازی نمرەدانان و هەژمارکردنی بۆ مۆدیوڵەکانی هەر پرۆگرامێک و تەرخانکردنی یەکە بۆ پاراستنی هاوتەریب لەگەڵ پێوەر و ستانداردە ئەوروپییەکانی بۆلۆنیا.

## تەوەرەی شەشەم

## ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی بەشەکان لە بەڕێوەبردنی مۆدیوڵەکان لە چوارچێوەی پرۆسەی بۆلۆنیادا

١. لە پرۆسەی بۆلۆنیادا، مۆدیوڵ ئاماژە بە هەر وانەیەك دەكات، كە كۆدێك و ژمارەیەک كرێدیتی بۆ تەرخانكراوە لە ناو پرۆگرامێكی ئەكادیمیدا. هەر مۆدیۆڵێک سەرنج دەخاتە سەر بابەتێکی دیاریکراو، کە هەموو مۆدیوڵەکان بەیەکەوە ئەو زانیاری و لێهاتووییانەی، کە پێویستن بۆ تەواوکردنی پرۆگرامێکی ئەکادیمی و بەدەستهێنانی بڕوانامەکە پێکدەهێنن.

٢. بەشە زانستییە جیاوازەکان لەناو کۆلێژەکانی سەربە زانکۆمان ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی تایبەتیان هەیە لە دانان و دیزاینکردن و گەیاندن و بەردەوامیدان و بەرەوپێشبردنی مۆدیوڵەکاندا.

٣. بەشە زانستییەکان بەرپرسیارن لە هەژمارکردنێکی وردی کۆششەکان بۆ هەر مۆدیوڵێک و تەرخانکردنی کرێدیتی پێویست بەگوێرەی سیستەمی گواستنەوە و سەربارکردنی کرێدیتی ئەورووپی (ECTS) لەسەر بنەمای دەرئەنجامە مەبەستدارەکانی فێربوون.

٤. . پێویستە بە ڕوونی دەرئەنجامەکانی فێربوون و لێهاتووییەکان بۆ هەر مۆدیۆڵێک بخاتە ڕوو، بە جۆرێک بێت کە یارمەتی خاوەنکارەکان دەدات هەڵسەنگاندن بکەن، کە ئایا قوتابی زانیاری و لێهاتوویی تایبەت بە کارەکانیان بەدیهێناوە یاخود نا.

٥. کۆشش ئاماژەیە بە ئامرازێك بۆ كۆكردنەوە و گواستنەوەی یەكەكانی خوێندن لەسەر بنەمای كاتەكانی خوێندنی مۆدیوڵ. کۆشش و ئاکامەکانی پرۆسەی خوێندن دیاری دەکرێن لەسەر بنەمای هەموو چالاکییە ئەکادیمی و زانستییەکان کە پێویستن بۆ تەواوکردنی سەرکەوتووانەی هەر مۆدیولێك، لەوانەش ئامادەبوون لە وانە، خوێندنی سەربەخۆ، تەواوکردنی ئەرکەکان، و ئامادەکاری بۆ هەڵسەنگاندنەکانی وەك تاقیکردنەوەکان. تەرخانکردنی کرێدتەکانی (ECTS) ڕەنگدانەوەی کۆی پابەندبوونی کاتە، کە پێویستە بۆ قوتابیان بۆ گەیشتن بە ئامانجە فێرکارییە دیاریکراوەکان، دڵنیابوون لە ڕونکاری (شەفافیەت) و ستانداردکردن لە سەرانسەری پرۆگرامە ئەکادیمییەکان.کە بە تێکڕایی ئەم بەرپرسیارێتیانە دڵنیای دەدەن لەوەی، کە مۆدیوڵەکان لەگەڵ ستانداردەکانی سیستەمی گواستنەوە و کەڵەکەکردنی یەکەی ئەورووپی (ECTS) و ڕێنماییەکانی ناوچەی خوێندنی باڵای ئەورووپیدا (EHEA) دەگونجێن.

٦. کۆدی مۆدیوڵ بە شێوەیەکی گشتی ئاماژەیە بۆ پێناسێکی تایبەت بۆ مۆدیوڵێکی دیاریکراو کە لەناو پرۆگرامێکی ئەکادیمیدا بوونی هەیە و پێشکەشکراوە. کە لە بنچینەدا بۆ جیاکردنەوەی مۆدیوڵەکان بەکاردێت و زۆرجار بەشێکە لە بەرنامەڕێژی وانەکە (Module Catalogue). کە بەشەکان ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە پێناسەکردن و تەرخانکردنی کۆدی مۆدیوڵەکانی هەر وەرزێکی خوێندن، کە پێشکەش دەکرێت. لە خوارەوە بە چەند هێڵکارییەک شێواز و پێکهاتەی کۆدی مۆدیوڵی تایبەت بە بەشەکان و کۆدی مۆدیوڵە گشتگیرەکان لەسەر ئاستی کۆلێژەکان و لەسەر ئاستی زانکۆ نیشان دەدەین، وە لە کۆتایی ئەم ڕێبەرەشدا پاشکۆی کۆدی تایبەت بە هەر کۆلێژێك دانراوە، بەڵام پێدانی کۆد و ژمارەی تایبەت بە بەشەکان لەناو هەر کۆلێژێکدا دەسەڵاتی خودی ئەو کۆلێژە خۆیەتی بە جۆرێك، کە لە ژمارە (01)یەکەوە دەست پێ بکات تا کۆتا بەش، کە هەیەتی دەشکرێت لەو بوارەدا وەک نموونە پێوەری پێشتریەتی لە کردنەوە و دامەزراندنی بەشەکان بەکاربهێندرێت.

## شێواز و پێکهاتەی مۆدیوڵەکان کەگشتگیرن لە سەر ئاستی زانکۆ

**Unified Module Code System at the *University* Level**



## شێواز و پێکهاتەی مۆدیوڵەکان کەگشتگیرن لە سەر ئاستی کۆلێژ

### Unified Module Code System at the *College* Level




## شێواز و پێکهاتەی مۆدیوڵەکان کەگشتگیرن لە سەر ئاستی بەش

### Unified Module Code System at the *Department* Level (without Branches)



## شێواز و پێکهاتەی مۆدیوڵەکان بۆ بەشەکان و لقەکان

**System at the *Department* Level (with Branches)**




وانە (مۆدیوڵەکان) لە پرۆگرامی ئاست و بڕوانامەی (بەکالۆریۆس) بەپێی ئامانج و ناوەڕۆکەکانیان پۆلێن دەکرێن بۆ چەند جۆرێکی جیاواز، کە بریتین لە:

### یەکەم- مۆدیوڵە سەرەکییەکان (Core Modules)

١. لە پرۆسەی بۆلۆنیادا، مۆدیوڵە سەرەکییەکان ئاماژن بۆ وانە، یاخود بابەتە سەرەکییەکان لەناو پرۆگرامی خوێندن، کە زانیاری و لێهاتووی بنەڕەتی پێویست بۆ سەرکەوتنی ئەکادیمی و پیشەیی بۆ قوتابیان دابین دەکەن. ئەم مۆدیولانە گرینگترین بەشی پرۆگرامی خوێندن پێکدەهێنن، دڵنیایی بە قوتابیان دەدات، کە تێگەیشتنێکی گشتگیر لەو بوارەی هەڵبژاردووە بەدەست دەهێنێت. جگە لە زانیاری تیۆری، مۆدیوڵە سەرەکییەکان بۆ پەرەپێدانی کارامەیی پراکتیکی دارێژراون، کە بۆ سەرکەوتنی پیشەیی زۆر گرنگن و دەرچووان ئامادە دەکەن بۆ بازاڕی کار.

٢. بەشە زانستییەکان بەرپرسیارن لە دەستنیشانکردن وهەڵبژاردنی مۆدیوڵە سەرەکییەکان کە پێویستە زۆر بە وردی هەڵبژێردرێن بۆ ئەوەی لەگەڵ ئامانجەکانی فێربوونی پرۆگرامەکەدا بگونجێن، و بە شێوەیەک دابرێژرێن کە هەردوو پێوەرەی ستانداردی ئەکادیمیە هەنوکەییەکان و داواکارییەکانی پیشەی تیا بەدی بکرێ.

٣. ڕۆڵی بەشە زانستییە جیاوازەکان لە گەیاندنی مۆدیوڵە سەرەکیەکاندا زۆر گرنگە بۆ پاراستنی کوالیتی ئەکادیمی، پەیوەندی و هاوکاری نێوان زانستەکان، و هاوتەریبکردنی خوێندن لەگەڵ پێداویستییە پیشەییەکان. هەر بەشێک ڕۆڵێکی تایبەت لە دیزاینکردن و گەیاندن و هەڵسەنگاندنی مۆدیوڵە سەرەکیەکان دەگێڕێت بۆ دڵنیابوون لەوەی، کە قوتابیان زانیاری و لێهاتوویی گشتگیر بەدەستدەهێنن لەبارەی ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە بواری خوێندنەکەیانەوە هەیە. ئەم ڕێبازە پردێک لە نێوان فێربوونی ئەکادیمی و بەکارهێنانی جیهانی ڕاستەقینەدا دروست دەکات. کە ئەمەش ڕێگە بە قوتابیان دەدات بەبێ کێشە لە خوێندنەوە بگوازرێنەوە بۆ هێزی کار.

## دووەم- مۆدیوڵە هەڵبژاردەکان (Elective Modules)

1 .مۆدیۆلی هەڵبژێردراو بریتییە لە چەند وانە، یاخود بابەتێک لەناو پرۆگرامێکی ئەکادیمیدا، کە قوتابیان دەتوانن بە ئارەزووی خۆیان یان بەپێی ئامانجی پیشەیی خۆیان لە داهاتوودا هەڵیان بژێرن وبیان خوێنن. جگە لە وەرزی یەکەم و دووەم (چونکە لەوەرزی یەکەم و دووەم بابەتی گشتی وەزارەت و زانکۆ هەیە)، پرۆگرامی خوێندنی ئەکادیمی هەر بەشێک جگە لە مۆدیوڵە سەرەکیەکان پێویستە مۆدیوڵە هەڵبژاردەکان تا ڕێژەی (25%) کۆی کرێدتە پێویستەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامە لە پرۆگرامێکی خوێندن پێکبهێنن، بەپێی دامەزراوەکە و پرۆگرامی بڕوانامەی تایبەت.

٢. ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی بەشە زانستیەکان لە مۆدیوڵە هەڵبژێردراوەکاندا، بریتییە لە دیزاینکردن و پێشکەشکردنی کۆمەڵێك بابەتی جۆراوجۆر، کە تەواوکەری پرۆگرامی سەرەکین، وەك بەشێك لە پێداویستییە گشتییەکانی بەدەستهێنانی کرێدت بۆ دەرچوون لەگەڵ بۆ بەرەو تایبەتمەندی چوون لە هەر بەشێك.

٣. بەشەکان دڵنیایی دەدەن لەوەی، کە مۆدیوڵە هەڵبژێردراوەکان لەگەڵ ئامانجە گشتییەکانی فێربوونی پرۆگرامەکەدا هاوتەریبن، ستانداردە ئەکادیمییەکان دەپارێزن، و مامەڵە لەگەڵ ڕەوتە تازە دەرکەوتووەکان لە بوارەکەدا دەکەن.

٤. بەشە زانستییەکان بەرپرسیارن لە پێداچوونەوە و نوێکردنەوەی بەردەوامی مۆدیوڵە هەڵبژێردراوەکان بۆ دڵنیابوون لە پەیوەستیان بە پرۆگرامی خوێندن و کاریگەریان لەسەر دروستکردنی لێهاتووییەکان و بازاڕی کار.

٥. بەشە زانستییەکان هەڵدەستن بە پێشکەشکردنی ڕێنیشاندان و ئامۆژگاری پێویست بە قوتابیان لە هەڵبژاردنی ئەو بابەتانەی کە بە باشترین شێوە لەگەڵ خواستە ئەکادیمی و پیشەییەکانیان دەگونجێن.

## مۆدیوڵە گشتیەکان (General Modules)

١. مۆدیوڵە گشتیەکان لە ئاستی بەکالۆریۆس (بنەڕەتی) بەشێوەیەکی گشتی لە دوو وەرزی ساڵی یەکەم (سەرەتا)ی پرۆگرامی خوێندنی زانکۆماندا پێشکەش دەکرێن، دەکرێت لە وەرزەکانیتریش دابندرێ. کە ئامانجیان ئەوەیە کارامەیی و زانیاری بنەڕەتی و بەسوود بۆ قوتابیان دابین بکەن لە سەرانسەری بوارە جیاوازەکانی خوێندندا. کە ئەم مۆدیوڵانە یارمەتی قوتابیان دەدەن خۆیان لەگەڵ ژیانی زانکۆدا بگونجێنن و تواناکانی پەیوەندیکردن باشتر بکەن و تێگەیشتنێکی فراوان لە بابەتە گرنگەکان پەرەپێبدەن. کە ئەم مۆدیوڵانە بناغەی سەرکەوتنی ئەکادیمی و پیشەیی داهاتوو دادەنێن.

٢. ئەم مۆدیوڵانە کە لە لایەن وەزارەت و سەرۆکایەتی زانکۆ جێگیر کراون، و دەکرێت لە وەرزەکانی یەکەم یان دووەم دابنرێن ، ئەوانیش: (Academic skills, Artificial Intelligence ,Kurdish

(English for Special Purpose, English for University Students, Computer Skills. هەروەها پێویستە وانەی (Research Methodology) لە وەرزێک یان دوو وەرز پێش وەرزی کۆتایی بخوێندرێت. هەروەک لەم خشتەیەی خوارەوە ڕوون کراوەتەوە:

| کۆدی مادده | ناوی مادده | ECTS | Semesters |
|---|---|---|---|
| S000001 | Computer Skills | 3 | 1st |
| S000002 | Academic Skills | 3 | 1st |
| S000003 | Kurdish Studies | 3 | 1st |
| S000004 | Artificial Intelligence (AI) | 3 | 2nd |
| S000005 | English for university students | 3 | 2nd |

| | | | |
|---|---|---|---|
| S000006 | English for Specific Purposes | 3 | 2nd |
| S000007 | Research Methodology | 3 | 6th |
| S000008 | Research Project I | 3 | 7th |
| S000009 | Research Project II | 3 | 8th |
| S000010 | Internship | 6 | 8th |

تێبینی : بۆ ئەو کۆلێژانەی خوێندنیان ( 5 ) ساڵەیە ، ئەوا بابەتی (S000007) Research Methodology لە سیمیستەری ( 8 ) وەردەگرێت و بابەتی (S000008) Research Project I لەسیمیستەری ( 9 ) وەردەگرێت و بابەتەکانی (S000009) Research Project II وە (S000010) Internship لەسیمیستەری ( 10 ) وەردەگرێت .

## ڕۆڵی بەشەکان لە وانە مۆدیوڵی پێشمەرج (Prerequisites Module) و پەیوەندی مۆدیوڵەکان

١.مۆدیوڵی پێشمەرج ئاماژەیە بۆ بابەتێک کە پێویستە قوتابی بەسەرکەوتووی تەواوی پێداویستییەکانی بە سەرکەوتوویی تەواوی بکات پێش ئەوەی بتوانێت بچێتە سەر مۆدیوڵی داهاتوو یاخود پێشکەوتووتر یان تایبەتمەندتر لە هەر پرۆگرامێکی ئەکادیمی تایبەتدا. بەمانایەکی تر قوتابی دەتوانێت خۆی لە مۆدیولە بە یە ك بە ستراوە كان لە پرۆگرامی خوێندن تۆمار بکات بە مە رجی ئە وە ی سە رجە م جالاکییە کانی تایبە ت بە مودیوولی پێشمە رج (Prerequisites) لە وە رزە کانی پێشووتر تە واو کردبێت و تاقیکردنە وە ی کوتایی تێیدا ئەنجام دابێت یاخود خۆی تۆمارکردبێت و مامۆستای وانە قبوڵی کردبێت.(مە رج نیبە لە تاقیکر دنە وە ی کۆتایی دە رچوو بێت).

٢. بۆ بوارە زانستیەکان بۆ هەرسیمستەرێك ( 6-9 ECTS) بکرێتە Prerequisite.

٣. بۆ بواری زانستە مرۆڤایەتیەکان لە هەر سیمستەرێك ( تاکو 9 ECTS) بکرێتە Prerequisite ، هەڵبژاردنی مۆدول (مۆدیولەکان) و بری (ECTS) بەپێی تایبەتمەندی بەشەکەو لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی بەشەکە دەبێت.

٤. ئەم مۆدیولانە زانیاری و لێهاتوویە بنەڕەتییەکان کە پێویستن بۆ تێگەیشتن و سەرکەوتن لە وەرزەکانی دواتردا یان لە وەرزە ئاست بەرزەترەکاندا دابین دەکەن.

٥. بەشەکان ڕۆڵێکی گرنگ لە دانان و پلانڕێژکردن و دیزاینکردن و بەڕێوەبردنی مۆدیولە پێشمەرجەکان دەگێڕێن.

٦. ئەم مۆدیولانە دڵنیایی دەدەن لەوەی، کە قوتابیان بوونەتە هەڵگری زانیاری و لێهاتوویی بنەڕەتی پێویست پێش ئەوەی بچنە ناو بابەتگەلێکی تایبەتمەندتر و وردتر لە پرۆگرامی ئەکادیمیدا.

٧. بەشە زانستییەکان پێویستە جەخت بکەنەوە لەوەی کە ناوەڕۆکی ئەم مۆدیولانە لەگەڵ پرۆگرامی گشتی خوێندن و پێداویستییە تایبەتەکانی قوتابیان لەناو پرۆگرامەکەدا هاوتەریبن.

## تەوەرەی حەوتەم

## ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی بەشەکان دابەشکردنی کرێدیتی ECTS بۆ هەر مۆدیوڵێک

١. بەشی زانستی لە پرۆسەی بۆلۆنیادا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت بەتایبەت لە بەڕێوەبردنی کرێدیتی (ECTS) و کاتی فێربوونی قوتابیان (SLT). بە جۆرێک دەتوانێت گەرەنتی ئەوە بکات چۆن کۆشش بەسەر جۆرە جیاوازەکانی ئەو چالاکییە ئەکادیمییەکانەی کە لەناو مۆدیوڵێکدا پێشکەش دەکرێن دابەش دەکرێت.

٢. کرێدتەکانی (ECTS) بە شێوەیەک دارێژراون، کە کۆی کۆششی پێویستی قوتابیەك بۆ تەواوکردنی هەر مۆدیوڵێک ڕەنگ بداتەوە، لەگەڵ یەك کرێدت، کە بە شێوەیەکی گشتی دەربڕە لە (27) بیست و حەوت کاتژمێر باری کارو کۆششێ قوتابی لە هەر وەرزێکدا.

٣. بەشی زانستی بەرپرسیارە، لە هەڵسەنگاندنی پابەندبوون بە کات بۆ هەر مۆدیوڵێک، کە کاتژمێرەکانی وانەوتنەوە، کاتی خوێندن، ئەرکەکان، کاری کرداری (پراکتیکی) و ئامادەکاری بۆ تاقیکردنەوە لەخۆدەگرێت، وەک لە هێڵکاری خوارەوە دیاریکراوە.

٤. بۆ تەرخانکردنی کرێدیتی (ECTS) بۆ مۆدیولەکان، بەشی زانستی سەرەتا کۆی گشتی کۆششی پێویست بۆ هەر مۆدیوڵێک دەخەمڵێنێت بۆ نموونە، مۆدیوڵێک کە پێویستی 135 کاتژمێر کارکردن هەیە هاوتا دەبێت لەگەڵ (5) کرێدیت (ECTS).

٥. بەشی زانستی پێویستە دڵنیاببێتەوە لەوەی کە تەرخانکردنی کرێدت لەگەڵ پێداویستی و داواکارییە ئەکادیمییەکان و دەرئەنجامەکانی فێربوونی مۆدیوڵەکەدا دەگونجێت و هاوتایە.

٦. ئەو مۆدیولانەی کە بۆ خوێندنی پرۆگرامێکی ئەکادیمی لە زانکۆمان گرنگی زیاتریان هەیە بەتایبەت بۆ هێنانەدی مەبەست و ئامانجەکانی فێربوونی پرۆگرامەکە، ئەمەش پەیوەستە بە بەرنامەی پرۆگرامی خوێندنی ئەو بەشە، لێژنەی پرۆگرامەکان پابەندن بەدانانی بابەتەکان و مەرج نیە بابەتی (Elective) ژمارەیەکی زیاتر یاخود کەمتر لە کرێدت وەربگرن، ژمارەی کرێدیتەکە پەیوەستە بەئاکامەکانی فێربوونی ئەو بەشە تاچەند ئەو بابەتە ئامانجەکان لەخۆ دەگرێت.

## ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی بەشەکان لە کۆشش لە چوارچێوەی (ECTS) و پرۆسەی بۆلۆنیا

١. کۆشش ئاماژەیە بۆ کۆی ئەو کاتەی کە چاوەڕوان دەکرێت قوتابی بۆ چالاکییەکانی فێربوون بەسەری ببات لە پێناوی بەدەستهێنانی ئاکامە پێویست و مەبەستەکانی فێربوون لە ئاستێک یان پرۆگرامێکی ئەکادیمیدا. کە هەموو جۆرەکانی کار وهەوڵێکی ئەکادیمی دەگرێتەوە، لەوانەش: پۆلە بەرنامە بۆ داڕێژراوەکان، خوێندنی سەربەخۆ، هەڵسەنگاندن و ئەرکە پێویستەکانی تر.

٢. بەشەکان لە دڵنیابوون لەوەی کە ڕێڕەوی دروستی کۆشش بۆ قوتابیان دیاریکراوە و بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ سیستەمی گواستنەوە و سەرباركردنی یەکەی ئەوروپی (ECTS) و پرۆسەی بۆلۆنیادا دەگونجێت ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاو دەگێڕن.

٣. باری کارو کۆششێ تەواوی قوتابی بۆ ساڵێکی ئەکادیمی (دوو وەرزی خوێندنی)

دانان و دیاریکردنی پەیوستەبە:

- ئاکامەکانی فێربوون
- چالاکییە پێویستەکان بۆ بەدەستهێنانی ئەو دەرئەنجامانە
- کۆی گشتی کات بۆ قوتابیەکی ئاسایی کە پێویستی پێیە بۆ تەواوکردنی ئەو چالاکیيانە.

## قۆناغەکانی دانانی (ECTS) بۆ هەر بابەتێك

- پێناسەی ئاکامەکانی فێربوون
- لیستی هەموو چالاکییەکانی فێربوون دابنێ
- کاتی دیاریکراو بۆ هەر چالاکییەك خەملاندنی بۆبکە

- کۆی گشتی کاروکۆششەکان

## گۆڕینی کاتژمێرەکان بۆ ECTS:

$$\text{ECTS} = \frac{\text{کاتژمێرەگشتیەکانی باری کارو کۆششەکان}}{27}$$

## پێناسەی جۆرەکانی باری کارو کۆششەکان:

باری کارو کۆششێ قوتابی لە دوو بەشی سەرەکی پێك دێت:

1. **Structured Student Workload (SSWL)**
2. **Unstructured Student Workload (USSWL)**

## یەکەم: باری کارو کۆششی ڕێکخراوی قوتابی:

1. **Structured Student Workload (SSWL)**

کاتەکانی ئەم جۆرە کارو کۆششە ئەوانە لەخۆدەگرێتەوە: کاتی ڕێکخراو، خشتەکراو، یان دیاریکراو لەلایەن زانکۆوە کەلەخشتەی خوارەوە دیاریکراوە.

**Time organized, scheduled, or assigned by the University**.

| English | کوردی |
|---|---|
| Lectures | وانەکان |
| Seminar | سیمینارەکان |
| Tutorials | وانە ڕێنماییەکان |
| Laboratory sessions | وانەپراکتیکیەکانی ناو تاقیگە |
| Fieldwork | کاری مەیدانی |

| | |
|---|---|
| Supervised project work | کاری پرۆژەی سەرپەرشتیکراو |
| Scheduled exams or presentations | خشتەی تاقیکردنەوەکان و پێشکەشکردنیان |

## 2- Unstructured Student Workload (USSWL)

## دووەم: باری کارو کۆششە نارێکخراوەکانی قوتابی:

کاتەکانی ئەم جۆرە کارو کۆششە تەنها لایەن قوتابی بەڕێوە دەبردرێت و ئەوانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:

| English | کوردی |
|---|---|
| Self-study | خوێندنی سەربەخۆ |
| Reading and literature review | خوێندنەوە و پێداچوونەوەی ئەدەبیات |
| Homework and assignments | ئەرکیماڵەوە و ئەرکەکان |
| Project work done independently | کاری پرۆژەی ئەنجامدراو بە تەنها |
| Exam preparation | ئامادەکاری بۆ تاقیکردنەوە |
| Research and reflection | توێژینەوە و لێکدانەوە |
| Scientific Trip | گەشتی زانستی |

## Student Workload (SWL)

## باری کارو کۆششی قوتابی:

**The total workload required to complete the subject successfully.**

کۆی گشتی باری کارو کۆشش کە پێویستە بۆ تەواوکردنی بابەتەکە بە سەرکەوتوویی.

**SWL = SSWL + USSWL**

**نموونە:**

ناوی بابەت: *Introduction to Data Science*

ئاستی: باکالۆریۆس

وەرز: یەکەم

ECTS = 6

کاتی دیاریکراو بۆ هەر (ECTS)= 27 کاتژمێر

**6 ECTS × 27 = 162 کۆی گشتی (SWL)**

دیاریکردنی کاتژمێرەکانی ئەو باری کاروکۆششانە لەلایەن بەشی زانستی بەپێی بابەت و ئامانجەکانی فێربوون دیاریدەکرێت، مەرج نیە هەموو بەشێك هەمان کاتژمێر دیاریبکات، ئەمەیان تەنها بۆ نموونەیە بۆ ئەو بابەتەی سەرەوە دەگونجێت. کەلەم دوو خشتەی خوارەوە دیاریکراوە:

| Activity | Type | Hours |
|---|---|---|
| Lectures (2 hrs/week × 14 weeks) | SSWL | 28 |
| Practical labs (2 hrs/week × 14 weeks) | SSWL | 28 |
| Tutorials / seminars | SSWL | 14 |
| Supervised project work | SSWL | 14 |
| **Total SSWLs** | | **84** |

| Activity | Type | Hours |
|---|---|---|
| Self-study (reading, videos) | USSWL | 28 |
| Homework assignments | USSWL | 24 |
| Project work (independent) | USSWL | 14 |
| Exam preparation | USSWL | 12 |
| **Total USSWLs** | | **78** |

کرێدیتەکانی ECTS بۆ بابەتەکە تەرخان کراوە، کە هاوتایە لەگەڵ خەمڵاندنی 162 کاتژمێر **باری** کارو کۆششی قوتابی. ئەمەش بریتییە لە 84 کاتژمێر بارگرانی کارو کۆششی ڕێکخراوی قوتابی (SSWL) کە پێکدێت لە وانەکان، تاقیگەکان، سیمینارەکان، و کاری پرۆژەی سەرپەرشتیکراو، و 78 کاتژمێر بارگرانی کارو کۆششی ناڕێکخراوی قوتابی (USSWL) کە پێکدێت لە خوێندنی سەربەخۆ، ئەرکەکان، کاری پرۆژە، و ئامادەکاری بۆ تاقیکردنەوە.

## ڕێژەی جۆرەکانی باری کارو کۆششەکان:

| Study level | SSWL | USSWL |
|---|---|---|
| Bachelor | **40–60%** | **40–60%** |
| Master | **30–50%** | **50–70%** |
| Doctoral | **10–30%** | **70–90%** |

## چۆنیەتی دیاركردنی باری كارو كۆششی قوتابی (Student Workload) :

دیاریکردنی باری کار وکۆششی قوتابی لە چوارچێوەی ECTSدا لەسەر بنەمای تێکەڵکردنی ڕێگای سەرەوەوە بۆ خوارەوە (Top-down) و ڕێگای خوارەوە بۆ سەرەوەوە (Bottom-up) ئەنجام دەدرێت و ڕێگای ئامانجەکانی فێرکردن (Learning Outcomes) پێکدێت و بە فیدباکی قوتابیان پشتڕاست دەکرێن.

1. **ڕێگای سەرەوەوە بۆ خوارەوە (Top-down):** دانانی مەزەندە سەرەتاییەکان

پرۆسەکە بە ڕێگای سەروەوە بۆ خوارەوە دەست پێدەکات، کە تێیدا مەزەندە سەرەتاییەکان بۆ بارکردن دانرێن لەسەر بنەمای جۆری چالاکییەکانی فێرکردن و فێرخوازین. زۆرجار ئەم ستانداردانە بەکاردهێنرێن، وەک:

- 1 کاتژمێر وانەی تیۆری ≈ 2 کاتژمێر کاری قوتابی
- 1 کاتژمێر کاری کرداری/تاقیگە ≈ 0.5–1 کاتژمێر کاری قوتابی
- 1 کاتژمێر سێمینار یان وانەی گفتوگۆ ≈ 1–1.5 کاتژمێر کاری قوتابی

ئەم گومانانە چوارچێوەیەکی سەرەتایی بۆ بارکردن دروست دەکەن و هاوکێشەیی نێوان وانەکان دڵنیا دەکەن.

## 2. ئامانجەکانی فێرکردن وەک خاڵی ناوەندی

آ-ئامانجەکانی فێرکردن بنەمای سەرەکی دیاریکردنی بارکردنن. بارکردنی دیاریکراو دەبێت گونجاو بێت لەگەڵ ئەو کاتەی کە قوتابی ئاسایی پێویستی پێیە بۆ:

- بەدەستهێنانی زانست
- پەرەپێدانی شارەزایی
- نیشاندانی تواناکان/لیهاتووییەکان

ئاست، قووڵایی و ئاڵۆزیی ئەم ئامانجانە دیاری دەکەن کە ئایا خەمڵاندنی سەرەتایی بارکردن گونجاوە یان پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە.

ب- بەکارهێنانی بنچینەکان و هاوتاکردنی پرۆگرامەکان

بۆ دڵنیابوون لە هاوکێشەیی و ڕووناکی، بارکردنی دیاریکراو پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت لەگەڵ:

- بنچینەکان (Benchmarks) لە مۆدیوڵەیان پرۆگرامە هاوشێوەکان
- پرۆگرامە خوێندنە هاوتاکان لە ئاستی نیشتیمانی یان نێودەوڵەتی

ئەم هەنگاوە گرنگە بۆ:

- ئاسانکردنی گواستنەوەی قوتابیان
- دڵنیابوون لە دادپەروەری لە پرۆگرامە پیشەیی و کارامەییەکان
- هاورێکخستنی پێوەرەکانی ECTS

**٣. ڕێگای خوارەوە بۆ سەرەوە (Bottom-up): پشتڕاستکردنەوە لە ڕێگەی داتای ڕاستەقینەی قوتابیان:**

لە کۆتاییدا، بارکردن بە ڕێگای خوارەوە بۆ سەرەوە پشتڕاست دەکرێت، کە پشت بە ئەزموونی ڕاستەقینەی قوتابیان دەبەستێت، لە ڕێگەی:

- ڕاپرسی بارکردنی قوتابیان
- فۆڕمی ڕاپرسی دوارۆژانە (Retrospective surveys)
- تۆمارکردنی کاری ڕۆژانە یان هەفتانە

ئەم زانیارییانە یارمەتیدەرن بۆ پێوانەکردنی کاتی ڕاستەقینەی کە قوتابیان بۆ چالاکییە فێرکردنییەکان تەرخان دەکەن.

ئەگەر جیاوازییەکی گەورە لە نێوان بارکردنی ڕێکخراو و بارکردنی ناڕێکخراودا دۆزرایەوە، گۆڕانکاری دەکرێت لە:

- چالاکییەکانی فێرکردن
- شێوازەکانی هەڵسەنگاندن
- ژمارەی کریت (ECTS)

ئەنجامی کۆتایی بارکردن، خەمڵاندنێکی واقیعی و پشتڕاستکراو دەبێت بۆ کاتی پێویست بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی فێرکردن.




هێلکاری چۆنیەتی دبارکردنی باروکۆششی قوتابی(Student Workload)

نموونە: **ئەم نموونەیە تانها بۆ ڕونکردنەوەیە مەرج نیە هەموو بەشەکان بەوشێوەیە ئەنجامی بدەن**

بۆ هەروانەیەکی ڕوو-بە-ڕوو بەنزیکەیی پێویستی بە دوو(2) کاتژمێر هەیە

- باری کارو کۆششی هەفتانە = ڕوو-بە-ڕوو + خۆفێرکردن
- کۆی گشتی باری کارو کۆشش = باری کارو کۆششی هەفتانە X (14) چواردە هەفتە
- ECTS = کۆی گشتی باری کارو کۆشش ÷ 27

**بۆیە...**

کۆی گشتی باری کارو کۆشش=ECTS*27

باری کارو کۆششی هەفتانە= کۆی گشتی باری کارو کۆشش÷14

کاتژمێرە بەریەککەوتنەکانی هەفتانە=(1/3) باری کارو کۆششی هەفتانە

خۆفێرکردنی هەفتانە=2/3 باری کارو کۆششی هەفتانە( بەپێی ئەو گریمانەی سەرەوە).

## قۆناغەکانی هەژمارکردنی (ECTS) بەستاندارد (3,6,9).

- **قۆناغی یەکەم:**

کۆی گشتی کاتژمێرەکانی ڕوو-بە-ڕوو =ژمارەی کاتژمێرەکانی ڕوو-بە-ڕووی هەفتانە * 14هەفتە

- **قۆناغی دووەم:**

کۆی گشتی کاتژمێرەکانی خۆفێرکردنی خەملێنراو = کۆی گشتی کاتژمێرەکانی ڕوو-بە-ڕوو * 2

- **قۆناغی سێیەم:**

هەردوانیان کۆبکەرەوە بۆ ئەوەی کۆی گشتی باری کارو کۆشش بەدی بێنی

- **قۆناغی چوارەم:**

بۆ بەدیهێنانی ژمارەی کرێدیتەکان (ECTS) = کۆی گشتی باری کارو کۆشش ÷ 27

دوای ئەوەی ژمارەکان تەواودەکەیت بە نزیککردنەوە (Rounding) بۆ گەیشتن بە (ECTS) ی ستانداردی (3,6, 9)، ئینجا دووبارە کاتژمێرەکانی باری کارو کۆششەکان هەژماردەکەیت.

لەخشەی خوارەوە بەڕوونی پیشان دەدات کەچۆن (ECTS) کان هەژماردەکرێت:

| **Credit Hours (Units)** کاتژمێرەکان | **Face-to-Face Hours (14 weeks)** کاتژمێرە ڕوو-بە-ڕووەکان | **Self-Learning Hours** کاتژمێرەکانی خۆفێرکردن | **Total Workload (hours)** کۆی گشتی باری کارو کۆششیکان | **Calculated ECTS** هەژمارکردنی | **Rounded ECTS** نزیککردنەوە | **Standard credit sizes (e.g. 3, 6, 9)** ژمارەی/قەبارەی کرێدیتە ستانداردەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 2 | 28 | 56 | 84 | 3.11 | 3 | 3 |
| 3 | 42 | 84 | 126 | 4.67 | 5 | 6 |
| 4 | 56 | 112 | 168 | 6.22 | 6 | 6 |
| 5 | 70 | 140 | 210 | 7.78 | 8 | 9 |
| 6 | 84 | 168 | 252 | 9.33 | 9 | 9 |
| 7 | 98 | 196 | 294 | 10.89 | 11 | 12 |
| 8 | 112 | 224 | 336 | 12.44 | 12 | 12 |
| 9 | 126 | 252 | 378 | 14.00 | 14 | 12 |

دەربارەی دیاریکردنی ژمارەی کرێدیتەکان (ECTS) بۆ هەربەشێك پەیوەستە یاخود بەندە لەسەر ئاکامەکانی فێربوون، ئاکامەکانی فێربووینش پەیوەستە بە سێ بنەمای سەرەکی کامانەن:

1. **Knowledge:** theoretical understanding
2. **Skills:** practical and cognitive application
3. **Competences:** autonomy, responsibility, integration

١. **زانیاری:** تێگەیشتنی تیۆری

٢. **کارامەیی-سەلیقە:** پراکتیزەکردنی زانیاریەکان

٣. **لێهاتوویی:** توانی کارکردن بەسەربەخۆیی، بەرپرسیارێتی، تێکەڵکردن و هاوکاریکردنی زانیاریە جیاوازەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی هاوبەش.

١. بۆ ئەو بابەتانەی کە (3 ECTS Module) هەڵدەگرن بۆ ئاستی دەستپێکەر یان ئاستی بنەڕەتی بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

| **Outcome Level**<br>**ئاستی ئامانجەکان** | **% of ECTS**<br>**ڕێژەی کرێدیتەکان** |
|---|---|
| Knowledge (K)<br>معرفە، زانیاری | 50% |
| Skills (S)<br>کارامەیی، سلیقە | 35% |
| Competences (C)<br>لێهاتوویی | 15% |
| Total<br>کۆی گشتی | 100% |

٢. بۆ ئەو بابەتانەی کە (9 ECTS Module) هەڵدەگرن بۆ ئاستی پێشکەوتوو یان ئاستی بەرز بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

| **Outcome Level**<br>**ئاستی ئامانجەکان** | **% of ECTS**<br>**ڕێژەی کرێدیتەکان** |
|---|---|
| **Knowledge (K)**<br>**معرفە، زانیاری** | 30% |
| **Skills (S)**<br>**کارامەیی، سلیقە** | 40% |
| **Competences (C)**<br>**لێهاتوویی** | 30% |
| **Total**<br>**کۆی گشتی** | 100% |

پوختەی نزیککردنەوەی (Rounded) بۆ (ECTS) کان لەسەر بنەمای ئەنجامەکانی فێربوون:

(تەنها وەك نموونە):

| Calculated ECTS | Rounded ECTS | Course Type | Learning Outcome Level |
|---|---|---|---|
| 1.56 | 3 | Introductory courses<br>کۆرسیکی سەرەتایی | Basic knowledge<br>زانیاری بنچینەیی |
| 3.11 | 3 | Supporting courses<br>کۆرسێکی پاڵپشت | Basic–Intermediate<br>بنچینەییەکی  ناوەند |
| 4.67 | 6 | Core departmental courses<br>کۆرسیکی سەرەکی بەش | Intermediate<br>ناوەند |
| 6.22 | 6 | Advanced courses<br>کۆرسێکی پێشکەوتوو | Advanced<br>پێشکەوتوو |
| 7.78 | 9 | Capstone / project courses<br>کۆرسەکانی پرۆژەی کۆتایی | Advanced & applied<br>**پێشکەوتوو و پراکتیکی** |

نزیککردنەوەی (Rounded)  (ECTS) کانی بەکارهاتوو لەبەشەکان:

- بەشەکان دەتوان (ECTS) کان نزیبکەنەوە (Rounding) بۆ (3,6,9) لەپێناو یەکگرتنی پرۆگرامەکانی خوێندن.
- نزیککردنەوەکان ئەنجام دەدرێت بە پێی ئاڵۆزی کۆرسەکە و ئەنجامەکانی فێربوونی مەبەست.
- نزیککردنەوەی ECTS بەلایەنی زیاد (سەرەوە)، پێویستە ڕەنگدانەوەی زیادبوونی باری کارو کۆشش،لەگەڵ زیادکرنی هەڵسەنگاندن و قووڵی فێربوون بێت.
- پێویستە جولەی (mobility)  قوتابی لەبەرچاو بگیرێت.
- پێویستە کۆتا (ECTS) لەلایەن بەش و کۆلێژو سەرۆکایەتی زانکۆ پەسەند بکرێت.

## تەوەرەی هەشتەم

## تۆمارکردن و ناونووسینی قوتابیان بۆ مۆدیوڵەکان لە هەر وەرزێك

١. بەشی زانستی ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە پرۆسەی تۆمارکردنی قوتابیان و ناونووسکردنیان بۆ هەر وەرزێکی خوێندن و مۆدیوڵەکانی ئەو وەرزە.

٢. پرۆسەی خۆتۆمارکردن و ناونووس کردن بە ماوەیەك پێش دەستپێکردنی هەر وەرزێکی خوێندن بە ڕاگەیاندنی مۆدیوڵە بەردەستەکانی (بە هەموو وانە مۆدیوڵە سەرەکی و پێشمەرج و هەڵبژێردراوەکان) بۆ وەرزەکە دەست پێدەکات لەگەڵ دەستنیشانکردنی کرێدتی پێویست بۆ هەر یەکێکیان و ئامادەکردنی خشتەی هەفتانە لەلایەن بڕیاردەری بەش و پێناساندنی مۆدیۆلەکە لەلایەن مامۆستای پەیوەندیدار.

٣. ماوەیەکی دیاریکراو کە لە (7) ڕۆژ کەمتر نەبێت دەدرێت بە قوتابیان تا خۆیان تۆمار بکەن. و بەرپرسیاریەتی سەرەکی بەش، کە دڵنیا ببنەوە لەوەی قوتابیان بە شێوەیەکی گونجاو ناویان بۆ وەرزەی خوێندن و مۆدیوڵەکانی تۆمارکردووە، بەجۆرێک کە هاوتایە لەگەڵ پرۆگرامی ئەکادیمی و مەرجەکانی پێشوەختە و پێشکەوتنی ئەکادیمی گشتیدا.

٤. بەشی زانستی سەرپەرشتی تەواوی پرۆسەی ناونوسین دەکەن، دڵنیای دەدەن لەوەی قوتابیان هەنگاوە دروستەکان پەیڕەو دەکەن و مەرجە پێویستەکان جێبەجێ دەکەن.

٥. پێویستە قوتابی خۆی تۆمار بکات بۆ مۆدیوڵە پێشکەشکراوەکان لە هەر وەرزێکی خوێندن، و تۆمارکردنەکە پێش دەستپێکردنی وەرزی خوێندن ئەنجامبدرێت. و زۆرترین ژمارەی کرێدیت، کە دەکرێت قوتابی خۆی تێدا تۆمار بکات بۆ هەر وەرزێکی پایزە یان بەهارە بریتیە لە (30) کرێدیت. لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگە بە قوتابی دەدرێت دوای پەسەندکردنی لەلایەن بەشی زانستی لە هەر وەرزێکی خوێندن (6) کرێدیت زیاتر تۆمار بکات.

٦. قوتابی دەتوانێت خۆی لە مۆدیوڵە بەیەك بەستراوەکان لە پرۆگرامی خوێندن تۆمار بکات، بەو مەرجەی سەرجەم چالاکییەکانی تایبەت بە مۆدیوڵە پێشمەرجەکان (Prerequisites) لە وەرزەکانی پێشووتر تەواو کردبێت و تاقیکردنەوەی کۆتایی تێیدا ئەنجام دابیت یا خود خۆی تۆمارکردبێت و مامۆستای پەیوەندار دووری نەخستبێتەوە، بەڵام مەرج نییە لە تاقیکردنەوەی کۆتاییدا دەرچوو بیت.

٧. ڕێگە بە قوتابی دەدرێت لە ماوەیەکی دیاریکراودا کە لەلایەن بەشەوە دیاریدەکرێت ئاڵوگۆر یان پاشگەزبوونەوە لە تۆمارکردنی مۆدیوڵەکان بکات.

## تەوەرەی نۆیەم

## ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی بەشە زانستیەکان لە هێنانەدی ڕێوشوێنەکانی دڵنیایی جۆری لەناو کۆلێژەکان وەک ناوەندی جێبەجێکردنی سەرکەوتووانەی پرۆسەی بۆلۆنیا.

١. بۆ جێبەجێکردنی کاریگەرانەی پرۆسەی بۆلۆنیا، بەشە زانستییەکان دەبێت پەرەبدەن بە دامەزراندن و پەرەپێدانی بەردەوامی میکانیزمەکانی دڵنیایی جۆری ناوخۆیی (Quality Assurance) کە لەگەڵ ستاندارد و ڕێنمایە ئەورووپییەکان (ESG) بۆ خوێندنی باڵادا بگونجێت. ئەمەش دڵنیای دەدات لەوەی کە بەرنامە ئەکادیمییەکان بەدواداچونیان بۆ دەکرێت و ڕون(شەفاف) و ئاراستەکراو دەبن و بەرەو باشترکردنی بەردەوام هەنگاو دەنێن.

٢. بەشە زانستیەکان لە زانکۆی سەلاحەدین دەبێت یەکەیەکی تایبەت بە دڵنیایی جۆری ناوخۆییان هەبێت، کە بەرپرسن لە سەرپەرشتیکردنی کاریگەریی پرۆگرامی خوێندن. ئەم یەکانە دڵنیایی دەدەن لەوەی کە هەموو چالاکییەکانی بەشەکان لەگەڵ ستاندارد و ڕێنماییەکانی دڵنیایی جۆری ناوچەی خوێندنی باڵای ئەورووپی-ESG)
standards and guidelines for quality assurance in the European higher education area)
یەکدەگرنەوە، لەوانەش پەرێپدانی پرۆگرامەکان و پراکتیزەکردنی وانەوتنەوە و شێوازەکانی هەڵسەنگاندنی قوتابیان. هەروەها بەشەکان پێویستە پێشەنگی بدەن بە چەسپاندنی کلتوری بەرزی جۆرییەتی (کوالیتی) لە کارەکانیاندا و هانی ڕاهێنانی بەردەوامی مامۆستایان و کارمەندان لەسەر باشترین شیوەی کارکردن بە نوێترین ستانداردەکانی دڵنیایی جۆری بدەن.

٣. پێویستە هەڵسەنگاندنی بەردەوامی وەرزەکان و مۆدیوڵەکان لە کۆتایی هەر وەرزێکدا ئەنجام بدرێت، کە قوتابیان بتوانن هەڵسەنگاندن(فیدباك) لەسەر لایەنەکانی وەک: ناوەڕۆکی مۆدیوڵ و شێوازەکانی فێرکردن و سەرچاوەکانی فێربوون بدەن. سەرەڕای ئەوەش، پێداچوونەوەی هاوتا دەرفەتێک بۆ کۆلێژەکان دەڕەخسێنێت تاوەکو هەڵسەنگاندنی کارەکانی یەکتر بکەن بە ڕێگەی پەرەپێدانی هاوکاری و باشترکردنی پێشکەشکردنی وانەکان و ناوەڕۆکەکانیان. پێویستە ئەو فیدباکە کۆکراوەی ئەم هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوانە بەکاربهێنێت بۆ بڕیاردان سەبارەت بە نوێکردنەوەی پرۆگرام و پەرەپێدانی بەش و کۆلێژ و ستراتیژییەکانی وانەوتنەوە، دڵنیابوون لەوەی کە پرۆگرامەکان بەردەوام باشتر دەکرێن.

٤. بەشە زانستییەکان دەبێت لە نزیکەوە هاوکاری بکەن لەگەڵ بەڕیوەبەرایەتی ناوەندی دڵنیایی جۆری زانکۆ بۆ دڵنیابوون لە یەکدەنگی لە پیادەکاریەکانی (QA) لە سەرانسەری بەش وکۆلێژەکان.

٥. بەشەکان دەبێ بە بەردەوامی ڕاپۆرتی دڵنیایی جۆریان پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری زانکۆ بکەن بۆ هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون، لەوانەش پێداچوونەوە بە پرۆگرامەکان، داتای هەڵسەنگاندنی (فیدباکی) قوتابیان، و پێشکەوتنە بەدەستهاتووەکان و پێشنیازەکان. ئەم هەماهەنگیەش یارمەتیدەرە بۆ هاوتەریبکردنی ستراتیژی گشتی زانکۆمان لەگەڵ ستاندارده نێودەوڵەتییەکان. جگە لەوەش، پێویستە بەشەکان بەشداری لە وردبینی ناوخۆیی و هەڵسەنگاندنی دەرەکی و پرۆسەکانی باوەڕپێکردنی دامەزراوەیی بکەن بۆ ئەوەی پابەندبوونیان بە پاراستنی پێوەر و ستاندارده بەرزەکانی خوێندن نیشان بدەن.

## تەوەرەی دەیەم:

## ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی بەشە زانستییەکان لە لە بەرزکردنەوەی ئاستی فێربوون و هەڵسەنگاندنی قوتابی سەنتەری لە کۆلێژەکانی زانکۆی سەلاحەدین بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی بۆلۆنیا

١. خوێندن و هەڵسەنگاندنی قوتابی سەنتەری ئاماژەیە بۆ ڕێبازێکی پەروەردەیی کە گرنگی بە پێداویستی و ئارەزوو و شێوازی فێربوونی قوتابیان دەدات، نەک شێوازە کلاسیکییەکانی (تەقلیدییەکان)ی مامۆستا. ڕێگایەکی نوێی فێربوونە کە سەرنجی سەرەکی دەخاتە سەر پێداویستی و تواناکانی قوتابیان لە فێربوون، نەک تەنها گەیاندنی زانیاری بە قوتابی لەلایەن مامۆستاوە. ئەم ڕێبازە هەوڵی فێرکاری دەدات لە چوارچێوەی پرۆسەیەک کە قوتابیان بە شێوەیەکی چالاک بەشدار بن تێیدا و مامۆستا زیاتر ڕۆڵی ڕاهێنەر و ڕێنشاندەر و ئاسانکار دەبینێت.

٢. یەکێک لە بەرپرسیارەتییە بنەڕەتییەکانی بەشە زانستییەکان لە کۆلێژەکانی سەر بە زانکۆمان لە جێبەجێکردنی پرۆسەی بۆلۆنیادا، بریتییە لە گرتنەبەری ڕێبازێکی قوتابی سەنتەری (بەچەقکردنی قوتابی لە پرۆسەی خوێندن) بۆ وانەوتنەوە و فێربوون. ئەمەش گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە وانە کلاسیکیەکانی مامۆستا دەکات. هەر بۆیە بەشە زانستییەکان دەبێ ستراتیژییەکانی وانەوتنەوە سەرلەنوێ دابڕێژنەوە بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی فێربوون تەنیا پەیوەندی بە ئەزبەرکردن و وەرگرتنی بێڕۆڵ (passive)ی زانیارییەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە پەرەپێدانی کارامەیی و لێهاتووییەکانەوە هەیە کە قوتابیانی زانکۆمان بۆ ئاستەنگەکانی جیهانی ڕاستەقینە ئامادە دەکەن.

٣. جگە لەوەش، بۆ ئەوەی چەمکی قوتابی سەنتەری بە شێوەیەکی کاریگەر جێبەجێ بکرێت، پێویستە بەشە زانستییەکان پەیوەندییەکی نزیک و بەرەوپێشچوویان لەگەڵ نوێترین ئامراز و تەکنەلۆژیای پێداگۆژیکی هەبێت. ئەمەش خۆی دەبینێتەوە لە بەکارهێنانی پلاتفۆرمی فێربوونی دیجیتاڵی و سیستەمەکانی فێرکاری ئۆنلاین و هاوچەرخ و هاوشێوەکانیان، وەک: (LMS،Microsoft team, Google Classroom or Moodle) کە

ڕێگادەدات بە پەیوەندی چالاکی نێوان مامۆستا و قوتابی و بەشداریکردنی قوتابیان لە ئامادەکرن و وانە وتنەوە و پێشکەشکردنی بەشێوەیەکی نوێ و سەردەمیانە. هەروەها، هەڵسەنگاندنەکان دەبێت چالاک و پڕ وزە و مانادار بن، بە شێوەیەک کە هەڵسەنگاندن (فیدباک) و ڕەخنەی دروست پێشکەش بکات بۆ گەشەپێدانی تواناکانی قوتابی.

## تەوەرەی یازدەیەم

## ڕۆڵی بەشە زانستییەکان لە هاوکاری و دروستکردنی پەیوەندی لە کۆلێژەکانی زانکۆی سەڵاحەدین بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی بۆلۆنیا

١. بەشە زانستییەکان لە زانکۆی سەلاحەدین ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە پەرەپێدانی گیانی هاوکاری و هەماهەنگی و دروستکردنی پەیوەندی بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی سەرانسەری پرۆسەی بۆلۆنیا. لە زانکۆماندا. بە جۆرێک کە ڕاگر و سەرۆک بەشەکان بەرپرسن لە ئاسانکاری هەماهەنگی لەنێوان بەشەکانی یەک کۆلێژ لە لایەک و لە نێوان بەش و کۆلێژە جیا جیاکانی زانکۆمان لە لایەکی تر. ئەمەش لە پێناوی پاراستنی کۆدەنگی و هاوتایی لە دانان و دیزاینکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن و دەرئەنجامەکانی فێربوون و سیستەمی گواستنەوەی کرێدێت و دڵنیابوون لە هاوئاهەنگی لەگەڵ ستانداردە ئەوروپییەکان.

٢. بەشە زانستییەکان چالاکانە لە لیژنە زانستییە هاوبەشەکان و تیم و گرووپەکانی کارکردن، کە سەرپەرشتی یەکخستنی چاکسازییەکانی پەیوەست بە بۆلۆنیا دەکەن بەشدار دەبن، ئەمەش ڕێگە بە ئاڵوگۆڕی باشترین شێوەی پیادەکاری و فراوانکردنی تێڕوانینەکان دەدات. جگە لەوەش کۆلێژ و بەشە زانستیەکان لە پەیوەندی و هەماهەنگی بەردەوامدا دەبن لەگەڵ سەرۆکایەتی زانکۆی سەڵاحەدین، و لە ڕێگەی زانکۆشەوە لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی. کە ئەم پەیوەندی و هەماهەنگیە دڵنیای دەدات لەوەی، کە ستراتیژییەکانی کۆلێژ و بەشەکان لەگەڵ ئامانجە دامەزراوەییەکان، سیاسەت و ستانداردەکانی دڵنیایی جۆری نیشتمانیدا هاوتەریین.

٣. بەشە زانستییەکان دەبێت بە شێوەیەکی کاریگەر و توندوتۆڵ پەیوەندی لەگەڵ قوتابیان و ستافی کار (ئەکادیمی گرێبدەن، کە ئەمەش خۆی دەبینێتەوە لە پابەندنبوونی بەشەکان لە پێشکەشکردن و پێدانی زانیاری ڕوون و نوێ بە قوتابیان لەسەر پێکهاتەی وەرزەکانی خوێندن و مۆدیوڵەکان، و سیستەمی گواستنەوە و کەڵەکەکردنی یەکەی کرێدیتی ئەوروپی(ECTS) ، دەرئەنجامەکانی فێربوون و شێوازەکانی هەڵسەنگاندن.

## تەوەرەی دوانزەم

## ڕۆڵی بەشە زانستیەکان لە پەرەپێدان و ڕاهێنانی ستاف لەناو کۆلێژەکانی زانکۆی سەڵاحەدین بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی بۆلۆنیا

١. لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی پرۆسەی بۆلۆنیادا، بەشە زانستیەکان لە زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر ڕۆڵێکی سەرەکی لە بەرزکردنەوەی ئاست و گەشەپێدانی پیشەیی ستافی ئەکادیمی خۆیان دەگێڕن. ئاسانکاریی بۆ "وێرک شۆپ" و سیمینارەکانی ڕاهێنان کە گرنگی بە بنەماکانی پرۆسەی بۆلۆنیا دەدەن، و بەکارهێنانی کاریگەرانەی سیستەمی گواستنەوە و کەڵەکەکردنی یەکەی ئەورووپی (ECTS) و بەکارهێنانی خوێندنی بنەمادار بە دەرئەنجامەکان (OBE-Outcome-Based Education) بەرپرسیارێتییەکی سەرەکی بەشە زانستییەکانە. کە ئەم وۆرک شۆپانە دڵنیای دەدەن لەوەی کە ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە زانیاری و لێهاتوویی پێویستیان هەیە بۆ دانان و دیزاینکردن و پێشکەشکردنی کەتەلۆگی هەر مۆدیوڵێک کە لەگەڵ ستاندارده نێودەوڵەتییەکان هاوتەریب بێت، و دڵنیا دەبنەوە لە ڕونکاری (شەفافیەت) و یەکدەنگی و گرنگیدان بە فێربوون و فەراهەمکردنی قوتابی سەنتەری (Student Center).

٣. سەرەڕای ئەوەش، بەشە زانستییەکان لە کۆلێژەکانی سەر بە زانکۆمان بەرپرسن لە پەرەپێدانی کلتوری ئاڵوگۆڕی ئەکادیمی لە ڕێگەی هاندانی بەشداریکردنی مامۆستایان لە بەرنامەکانی ئاڵوگۆڕی ناوخۆیی ونێودەوڵەتی. کە ئەم جۆرە بەرنامانە دەرفەتی بەهادار بۆ ستافی ئەکادیمی دەڕەخسێنن بۆ بەدەستهێنانی بەرکەوتن و تێکەڵبوون بە سیستەمی خوێندن وپەروەردەیی جیاواز و نوێ، بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ هاوکارە نێودەوڵەتییەکان و بەشداریکردن لە کۆمەڵگەی ئەکادیمی جیهانیدا.

# ٣

# ڕۆڵی قوتابی لە سیستەمی بۆڵۆنیا

قوتابی ئازیز، زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر، زانکۆیەکی فەرمی حکومیە لە هەرێمی کوردستان و عێراق، کە وەك زانکۆیەکی پێشەنگ لە گشت بوارەکاندا ڕۆڵی و کاریگەری بەرچاوی هەیە. هەر بۆیە لە پێناوی بەردەوامی دان بە کاری پێشەنگی و برەودان بە پێشخستنی ڕەوتی زانست و فێرکردن زانکۆمان پەیرەوی سیستەمی نوێی خوێندنی بۆڵۆنیا دەکات وەك بەرنامە و پرۆگرامی خۆی پەسەندی کردووە. بە بەردەوامیش کاری لەسەر دەکات و مۆرکێکی نیشتیمانی پێدەدات. جێگەی ئاماژەیە سیستەمی بۆڵۆنیا نوێترین و باوترین سیستەمی نوێی خوێندنە، کە زانکۆ پێشکەوتووەکانی زۆرێك لە وڵاتان پەیرەوەی لێدەکەن و بەتایبەت لە زانکۆکانی ئەوروپا سیستەمی باوە و کاری پێدەکرێت و تاڕادەیەکیش لە زانکۆکانی وڵاتە پێشکەوتووەکانی تر، کە ناکەونە چوارچیوەی کێشوەری ئەوروپا وەک: ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کەنەدا، ئوستراليا، ژاپۆن، سیستەمێکی پەسەندکراوە و کاری پێدەکەن.

لەم سیستەمەدا جەخت دەکرێتەوە لەسەر دانانی پرۆگرامی خوێندن بە شێوەیەك ،کە وابەستەی بازاڕی کار بێت و بتوانێت کۆمەڵێك لێهاتوویی و توانا لە لای قوتابی دروست بکات، کە بە ئاسانی لە بازاڕی کار جێگای خۆی بکاتەوە و هەلی کار لە ناوخۆی وڵات دەست بخات و لە هامان کاتدا بتوانێت کێبڕکێی دەرفەتی کار بکات لە نێوەندەکانی کاری نێودەوڵەتیدا. ئەمە جگە لەوەی گرنگی دەدات بە کۆمەڵێك ئاسانکاری لە میانەی خوێندنی قوتابی کە لە هیچ سیستەمێکی تری پێش خۆی نەبووە، لەوانە: شێوازی گواستنەوەی قوتابیان لە نێوانی زانکۆ ناوخۆیی و دەرەکیەکان و باوەڕپێکردنی خوێندنی پێشوو و برەودان بە خوێندنی درێژ مەودا و بەکارهێنانی میتۆد و ڕێبازی نوێ لە بواری خوێندن و وانە وتنەوە و فێرکردندا. ئەمە جگە لە بوونی چەندین تایبەتمەندی تر وەك: سیستەمی وەرزی لە خوێندندا و سیستەمی کۆکردنەوەی یەکەکانی خوێندن (کرێدیت-ECTS).

شایانی ئاماژە پێکردنە لەمیانەی هەستکردن بە گرنگی ئەم سیستەمە و هەوڵدان بۆ گەیاندنی ئاستی زانکۆکانی کوردستان بە زانکۆ پێشکەوتووەکانی ئەوروپا و وڵاتە پێشکەوتووەکان، ئەو سیستەمە لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پاڵپشت دەکرێت و هانی بەکارهێنانی دەدرێت بەمەبەستی بەرەوپێشبردن و چاکسازی لە کەرتی خوێندنی باڵادا. هەر بۆیەش زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر لەو بوارەدا هەماهەنگ و هاوکاربووە لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵادا و پێگیرە لەسەر جێبەجێکردنی ئەم سیستەمە و لە خۆگرتنی وەک پرۆگرامی خوێندنی گشتگیر لە زانکۆماندا.

## ئامانج لە سیستەمی بۆلۆنیا لەزانکۆ کەماندا

قوتابی ئازیز پەیڕەوکردنی سیستەمی بۆلۆنیا لە زانکۆکەماندا، فرە ئامانجە کە گرنگی دەدات بە دانانی چوارچێوەیەک بۆ خوێندن لە زانکۆکەماندا کە بتوانێت لێهاتوویی لە بواری خوێندنی باڵادا دەربخات. ئەم لێهاتووییەش خۆی دەبینێتەوە لەو بڕوانامە و زانست و زانیاریانەی قوتابی بەدەستیان دەهێنێت لە میانەی خوێندنی زانکۆییدا. هەروەها ئاسانکاری دەکات لە هاوتاکردن و یەکسانکردنی لە بڕوانامەی کە قوتابیانی زانکۆی سەڵاحەدین بە دەستیدەهێنن لەگەڵ هاوتاکانیان لە زانکۆکانی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا، ئەمەش وادەکات زانکۆمان هەمان پێوەری ئەو زانکۆ ئەوروپیانە پەیڕەو بکات لە ڕووی کوالیتی فێرکردن و خوێندن و هاوکاری قوتابیانی زانکۆمان دەبێت لە ئاسان بەدەستخستنی دەرفەتی کار وکێبڕکێی جیهانی لە بازاڕی کاردا.

جگە لەوەش جێبەجێکردنی ئەم سیستەمە لە زانکۆمان کۆمەڵێك ئامانجی دیاریکراوی هەیە کە گرنگترینیان بریتین لە مانەی خوارەوە:

١ - باشترکردنی کوالیتی خوێندن لە زانکۆمان.

٢ -کەمکردنەوە و نەهێشتنی ئەو بۆشاییەی لە نێوانی خوێندنی زانکۆیی و بازاڕی کاردا هەیە.

٣ - دووبارە داڕشتنەوەی پرۆگرامەکانی خوێندن لە زانکۆی سەڵاحەدین بە جۆرێك، کە بتواندرێت لە میانەیانەوە پێداویستیەکانی بازاڕی کار دابین بکەن و زۆرترین دەرفەتی کار بۆ قوتابیانی زانکۆمان دابین بکات.

٤ - قوتابیانی زانکۆمان بکرێن بە سەنتەری فێربوون.

٥ - هێنانەکایەی جۆرێك لە هەماهەنگی نێودەوڵەتی لە نێوان زانکۆمان و زانکۆکانی دەرەوەی وڵات و ئاڵۆگۆڕی قوتابیان.

٦- ئاسانکاری لە گواستنەوەی قوتابیان لە نێوانی زانکۆمان و ئەو زانکۆیانەی، کە پەیڕەوی سیستەمی بۆلۆنیا دەکەن لە ناوخۆ و لە دەرەوەی وڵات.

٧ - بەکارهێنانی ئامراز و ڕێگای خوێندنی ڕوونکاری (شەفاف)ی و فرە ڕەهەندن و هێنانەکایەی زیاتری شەفافیەت لە بواری خوێندن و فێرکردن.

٨ - زیاتر بەرزکردنەو و بەرزڕاگرتنی ناو و ناوبانگی زانکۆمان لەسەر ئاستی زانکۆکانی ناوخۆ و دەرەوە.

٩ - زانکۆمان ئامانجیەتی لە ڕێگەی پیادەکردنی ئەم سیستەمەوە پرۆسەی خوێندن و فێرکردن بە پراکتیکی بکات تاوەکو قوتابی چێژ لە خوێندن و فێرکردن ببینێت و زیاتر بتوانێت کار بە گروپ بکات لەگەڵ قوتابیانی هاوپۆلی.

١٠ - پیادەکردنی جۆرێك لە سیستەمی هەژمارکردنی نمرەکان و بەراوردکردنیان بە جۆرێك، کە بتواندرێت زیاتر بەراوردبکرێن و هاوتابکرێن لەگەڵ بازاڕی کار و زانکۆ جیهانیەکان.

١١- دروستکردنی جۆرێك لە یەکەکانی خوێندن، کە هاوشێوەی یەکەکانی خوێندن بن لە سیستەمی ئەورووپی بۆ یەکەکانی خوێندن، کە ئەمەش ئاسانکاری دەکات لە گواستنەوەی قوتابیان لە نێوان زانکۆکان، بەتایبەت بۆ دەستخستنی کار لە دەروە لە دوای دەرچوون، یاخود خوێندنی ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆ جیهانیەکان.

لەم بەشەی ڕێبەری بۆلۆنیا لە زانکۆی سەلاحەدین تیشک خراوەتە سەر ڕۆڵی قوتابی و ئەرك و مافەکانی لە چوارچێوەی سیستەمی بۆلۆنیا لە زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، و ڕێنماییەکانی پەیوەندیدار بە بۆلۆنیا. ئەمەش لەپێناوی ئاشناکردن و پێدانی بەرچاوڕوونی تەواو بۆ قوتابی زانکۆمان. هەر بۆیەش ئێمە لەم بەشەی ڕێبەرەکەماندا بەچەند تەوەرەیەکی یەک لە دوای یەک گشت ئەو بابەتانەی، کە پەیوەندیان بە قوتابیانەوە هەیە لە سیستەمەکە و پێویستە پێی ئاشنابن و لێی گاداربن دەخەینە ڕوو بەم شێوەیەی خوارەوە:

## تەوەرەی یەکەم

## پێناسە وناساندنی چەمکەکانی سیستەمی بۆلۆنیا لەزانکۆی سەلاحەدین-هەولێر بە قوتابیان

**١. هەوڵەکانی تاقیکردنەوە (Exam Attempts):** ئاماژەیە بۆ ژمارەی ئەو تاقیکردنەوانەی، کە قوتابی لە کۆتایی وەرز دووبارەیان دەکاتەوە لە هەر مۆدیوڵێک.

**٢. خۆ تۆمارکردن لە مۆدیوڵ (Module Registration) :** ئاماژەیە بۆ خۆ تۆماکردنی قوتابیانی لە بابەت (مۆدیوڵەکانی )، کە بۆ هەر وەرزێکی دیاریکراو لە پرۆگرامێکی خوێندندا دانراون.

**٣. پاشگەزبوونەوە لە مۆدیوڵ (Module Withdrawal) :** بریتیە لە پرۆسەی پاشگەزبوونەوەی قوتابی لە ماوەیەکی دیاریکراودا لە هەر مۆدیوڵێك کە پێشتر خۆی تیادا تۆمارکردووە.

**٤. ئاڵوگۆڕکردنی مۆدیوڵ (Module Replacement):** ئاماژەیە بە ئاڵوگۆڕپێکردنی ئەو مۆدیوڵەی، کە قوتابی پێشتر خۆی تێدا تۆمار کردووە بۆ مۆدیوڵەیکی تر، کاتێك ڕوودەدات کە ئەو مۆدیوڵەی کە پێشتر قوتابی خۆی تێدا تۆمارکردووە لەلایەن بەشەوە لەبەر هەر هۆکارێك بێت هەڵپەسێردراوە یاخود لادراوە لە وەرزی خوێندن.

**٥. وەرزی خوێندن :** ئاماژەیە بۆ ژمارەی ئەو هەفتانەی، کە هەر وەرزێکی خوێندنی لێ پێك دێت. کە بەشێوەیەکی گشتی خوێندن لە زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر لە دوو وەرز پێك دێت، ئەوانیش وەرزی یەکەم **(وەرزی پایزە)**، بەشێوە گشتی لە سەرەتای مانگی نۆی هەموو ساڵێك دەست پێدەکات و لە کۆتایی مانگی یەک کۆتایی دێت، وەرزی دووەم **(وەرزی بەهارە)** کە لە سەرەتای مانگی دوو دەست پێدەکات و لە کۆتایی مانگی شەش کۆتایی دێت.

**٦. دووبارە وەرگرتنەوەی مۆدیوڵ (Module Retake):** ئاماژەیە بۆ ئەو مۆدیوڵەی، کە پێویستە قوتابی دووبارەی بکاتەوە، بەهۆی نەهاتنەدی پێداویستیەکانی تەواوکردنی ئەو مۆدیوڵە.

**٧. دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوەی (Exam Retake):** بریتیە لە دووبارە ئەنجامدانەوەی تاقیکردنەوە لە هەر مۆدیوڵێکدا.

**٨. مۆدیوڵە سەرەکیەکان (Core Modules):** مەبەست لێیان ئەو بابەتانەن کە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دەرچوون، قوتابی پێویستە (165-175) ECTS لە کۆی کرێدیتەکانی (240) مۆدیولە سەرەکیەکان بەدەستبهێنێت لەخوێندنی (چوار ساڵە)ی هەشت سیمستەری. بەڵام بۆ خوێندنی (پێنج ساڵە)ی دە سیمستەری قوتابی پێویستە (205-215) ECTS لەکۆی کرێدیتەکانی (300) کرێدیتی مۆدیولە سەرەکیەکان

بەدەستبهێنێت. دەشکرێت بەشێك لەو وانە سەرەکیانە بکرێنە پێشمەرج (Prerequisites) بۆ خوێندنی هەندێك وانەی تر لە وەرزەکانی دواترد.

**٩. مۆدیوڵە بژاردەییەکان (Elective Modules):** مە بەست لێیان ئەو وانانەیە، کە قوتابی بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە ئازادە لە هەڵبژاردنیان یاخود هەڵنەبژاردنیان کە پێویستە (65-75: ECTS) بێنێت لەکۆی گشتی کرێدیتەکانی خوێندنی هەشت وەرز (240: ECTS). بەڵام بۆ خوێندنی دە وەرز، پێویستە (85-95: ECTS) کرێدت لەکۆی لەکۆی گشتی کرێدیتەکان (300: ECTS).

**١٠. مۆدیوڵی پێش مەرج (Prerequisites):** ئاماژەیە بۆ مۆدیوڵە بەیەک بەستراوەکان لە پرۆگرامێکی خوێندن لە یەکێک لە کۆلێژەکانی زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، بەجۆرێك کە ئەگەر هاتوو قوتابی یەکێکیانی نەخوێندبێت لە وەرزێك لە وەرزەکانی پێشوودا ناتوانێت لە وەرزی دواتر ئەوەی تریان بخوێنێت و خۆی تێدا تۆماربکات.

**١١. پێداویستیەکانی مۆدیوڵ - Module Requirements:** بریتین لە سەرجەم ئەو پێداویستیانەی، کە پێویستە قوتابی لە مۆدیولێکی دیاریکراودا جێبەجێیان بکات، بۆ ئەوەی بتوانێ لە تاقیکردنەوەی کۆتایی ئەو مۆدیوڵە بەشداری بکات.

**١٢. کرێدتی بەدەستهێنراو (Credits Earned) :** بریتیە لە ژمارەی سەرجەم ئەو یەکە (کرێدیتانەی) قوتابی کۆیان دەکاتەوە لە پرۆگرامی خوێندندا.

**١٣. تاقیکردنەوەکانی کۆتایی (Final Examinations):** ئەو تاقیکردنەوانەن، کە بۆ هەڵسەنگاندنی قوتابی لە کۆتایی وەرز ئەنجامدەدرێن بۆ دڵنیابوون لە هاتنەدی دەرئەنجامەکانی فێربوون لە هەر مۆدیولێکدا.

**١٤. لیژنەی تاقیکردنەوە (Examination Committee):** ئەو لیژنەیەیە، کە لە لایەن کۆلێژەوە بۆ ئەنجامدانی کارەکانی پەیوەست بە تاقیکردنەوەکان دەستنیشاندەکرێت.

**١٥. دورخستنەوە (Termination) :** مەبەست لێی ڕێکارێکە کە بەرامبەر قوتابی دەگیرێتەبەر و دەبێتە هۆی دورخستنەوەی لە پرۆسەی خوێندن. ئەمەش لە حاڵەتی ئەنجامدانی ڕەفتارێك، کە لە یاسا و ڕێنمایی و بڕیارە کارپێکراوەکان و ئەم ڕێبەرەدا هاتووە.

**١٦. ڕێڕەوی فێربوون (Learning Pathway):** مەبەست لێی ڕێڕەوێکی خوێندن و فێربوونە، کە قوتابی خۆی دایدەڕێژێت بۆ بەدەستهێنان و گەیشتن بە ئاکام و دەرئەنجامەکانی پرۆسەی فێربوون.

**١٧. پرۆگرامی خوێندن (Study Program):** ئاماژەیە بە کۆمەڵێک بابەت و پێکهاتەی خوێندن، کە لەسەر بنەمای دەرئەنجامەکانی فێربوون دادەنرێن، کە بۆ تەواوکردنی هەر بەشێکی زانستی پێویستن لە کۆلێژەکانی زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر. ئەو پرۆگرامانەش بە جۆرێک دادەڕێژدرێن، کە لەگەڵ ئامانجەکانی پرۆسەی بۆلۆنیا یەکانگیر بن.

**١٨. ماوەی خوێندن (Duration of study):** ئاماژەیە بۆ کۆی ژمارەی ئەو وەرزانەی، کە پرۆگرامێکی خوێندن پێویستییەتی تاوەکو قوتابی بتوانێت بڕوانامە لە هەر ئاستێک (Cycle) بەدەست بهێنێت.

**١٩. دورخستنەوە لە مۆدیوڵ (Module Drop):** ئاماژەیە بە دوورخستنەوەی قوتابی لە تاقیکردنەوەی کۆتایی مۆدیوڵ بە هۆی هۆکارێك لەو هۆکارانەی لەم ڕێبەرەدا یان لە یاسا و ڕێنمایی و بڕیارە کارپێکراوەکاندا دیاریکراوە.

## تەوەرەی دووەم

## ساڵی خوێندن لە زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر بە پێی سیستەمی بۆلۆنیا

١ -ساڵی خوێندن لە زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر بە شێوەی وەرزیە کە هەر ساڵێکی خوێندن لە دوو وەرز پێك دێت هەر وەرزێکیش لەسەر بنەمای هەژمارکردنی یەکە (کریدێت-ECTS) دەبێت، کە هەر وەرزێك لە (30) یەکە (کرێدیت)پێك دێت.

٢ -هەر وەرزێك بە خوێندن و تاقیکردنەوە و پشووەکانیەوە (20) هەفتە دەبێت بە مەرجێك وانەوتنەوە لە هەر وەرزێك نابێت لە چواردە (14) هەفتە کەمتربێت، شەش (6)هەفتەکەی تر بۆ تاقیکردنەوەکان و پشووەکان دەبێت.

٣- ساڵی ئەکادیمی لە زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر هەموو ساڵێك لە سەرەتای مانگی (9) نۆ دەست پێدەکات و لە کۆتایی مانگی (6) شەش کۆتایی دێت، کە دابەشی سەر دوو وەرز دەبێت.

٤ - -وەرزی پایزە لە سەرەتای مانگی (9) ئەیلول دەست پێدەکات و لە مانگی (1) کانوونی دووەم بە کۆتا دێت. وەرزی بەهارە لە مانگی (1) کانوونی دووەم هەموو ساڵێك دەست پێدەکات و لە کۆتایی مانگی (6) حوزەیران بە کۆتایی دێت.

## تەوەرەی سێیەم

## پڕۆگرامی خوێندن لەزانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر بە پێی سیستەمی بۆلۆنیا وەک بەرچاوڕوونی گشتی بۆ قوتابیان (Academic Program)

١- پڕۆگرامی خوێندن هەموو ئەو مۆدیولانە لە خۆی دەگرێت، کە قوتابی دەیانخوێنێت لە تەواوی وەرزەکانی خوێندن لە پڕۆگرامێکی خوێندندا کە لەسەر بنەمای ئاکامەکانی فێربوونی (Learning Outcomes) بۆ هەر ئاستێکی خوێندنی (Cycle) پڕۆگرامێك دادەڕێژرێن.

٢- پڕۆگرامی خوێندنی ئەکادیمی لە هەر بەشێك لە مۆدیوڵە سەرەکییەکان (Core Modules) و مۆدیوڵە بژاردەکان (Elective Modules) پێك دێت. لەگەڵ ئەوەشدا ڕەچاوی ئەوەی دەکرێت هەندێک مۆدیوڵ لەلایەن سەرۆکایەتی زانکۆ یان وەزارەتەوە بۆ گشت کۆلێژەکان یان هەندێک کۆلێژی دیاریکراو دابندرێت، ئەوکات ناو لەو جۆرە وانانە (مۆدیولانە) دەنرێت (University Modules or Ministry Modules) بەپێی ئەو لایەنەی وانەکەی داناوە. (کەلەسەرەوە لەخاڵەکانی 9,10,11 بە درێژی باسی لێوەکراوە).

٣- پڕۆگرامی خوێندن لەلایەن بەشەکانەوە دادەڕێژرێن بە جۆرێك کە لەگەڵ توانای و ئامانجی بەش و پێداویستیتەکانی بازاڕی کار هاوتەریب بن.

٤- مافی قوتابی و مامۆستایانی هەر بەشێکە، کە کەتەلۆگی پڕۆگرامەکانی بەش بخرێتە بەردەستیان بە شێوەی ئۆنلان بێت یان نووسراو.

٥- ئەوەی کە هەر پێکهاتەیەکی پڕۆگرامێکی خوێندن چەند کرێدیتی بۆ تەرخان دەکرێت لە دەسەڵاتی بەشەکان دیاری دەکرێت، ئەویش لەسەر بنەمای کاتژمێرەکانی کۆششی قوتابی (Student Workload)، کە لە تەورەکانی دواتری ئەم ڕێبەرە زیاتر بابەتی کرێدیت و کۆشش ڕووندەکرێتەوە.

## تەوەرەی چوارەم

## چوارچێوەی بڕوانامەکان لەزانکۆی سەلاحەدین-هەولێر بە پێی پێوازۆی بۆلۆنیا

قوتابی بەڕێز چوارچێوەی بڕوانامەکان لە زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر بە پێی سیستەمی بۆلۆنیا و پێوازۆی بۆلۆنیای پەسەند کراو لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- چوارچێوەی بنچینەیی بریتیە لە ئاستی بڕوانامەکانی خوێندنی باڵا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان-عێراق، کە لەسەر بنەمای کرێدیت دیاریکراوە و تیایدا پێناسەی لێهاتوویی (Qualifications) لەڕووی دەرئەنجامەکانی فێربوونەوە دەکات. بەگشتی چوارچێوەی بنچینەیی خوێندنی باڵا لە زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر لەسەر بنەمای چوارچێوەی گشتگیری خوێندنی باڵای ئەورووپی ( Overarching framework of qualifications of the European higher education area) دیاری دەکرێت بۆ هەر ئاستێکی خوێندن، کە لەم خشتەیەی خوارەوە خراوەتە ڕوو دەبێت:

| EQF level | Cycle | HEQF-KRG | Credit |
|---|---|---|---|
| 1 | Pre-higher education | | |
| 2 | | | |
| 3 | | | |
| 4 | | | |
| 5 | Short cycle | Diploma degree<br>لە زانکۆی سەلاحەدین کاری پێناکرێت | 120 ECTS |
| 6 | First cycle | Bachelor's degree | 240 ECTS |
| 7 | Second cycle | Higher diploma degree | 60 ECTS |
| | | Master's degree | 120 ECTS |
| 8 | Third cycle | Doctor of philosophy degree | 180 ECTS |

### ٢. ڕوونکردنەوەی ئاستەکانی ناو خشتەی سەرەوە:

أ- ئاستی کورت مەودا (Short Cycle): بەشێوەیەکی ئاسایی خوێندنی دبلۆمی باڵا (Diploma Degree) (120 ECTS)(کرێدیت)ە، قوتابی دەرچوو لەم ئاستەدا بڕوانامەی دبلۆمی لە بواری پسپۆڕیەکەی خۆی پێدەبەخشرێت. (لە زانکۆی سەلاحەدین کاری پێناکرێت).

**ب- ئاستی یەکەم (First Cycle):** بەشێوەکی ئاسایی خوێندنی بەکالۆرێۆس (Bachelor Degree) دەگرێتەوە، کە پێکدێت لە (ECTS 240) کرێدێت جگە لەو بەشانەی کە لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە دیاری دەکرێن وپێویستیان بە (کرێدیت)ی زیاترە بۆ خوێندنی بەکالۆرێۆس. دەرچوو لەم ئاستەدا بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بواری پسپۆریەکەی خۆی پێ دەبەخشرێت.

**ج ئاستی دووەم (Second Cycle):** خوێندنی دبلۆمی باڵا (Higher Diploma degree) بەشێوەکی ئاسایی پێکدێت لە (ECTS 60) (کرێدیت) دەرچوو لەم ئاستەدا بڕوانامەی دبلۆمی باڵای لە بواری پسپۆریەکەی خۆی پێ دەبەخشرێت.

**د. ئاستی دووەم (Second Cycle):** خوێندنی ماستەر (Master Degree) بەشێوەکی ئاسایی پێك دێت لە (ECTS 120) دەرچوو لەم ئاستەدا بڕوانامەی ماستەری لە بواری پسپۆڕیەکەی خۆیدا پێ دەبەخشرێت.

**هـ. ئاستی سێیەم (Third Cycle):** خوێندنی دکتۆرا (Doctor of Philosophy Degree)، کە بەپێی مادەی (١) لە رینمایی ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠٢٣) تایبەت بە شێوازی کۆرسەکانی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان، کە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستانەوە دەرچووە، خوێندنی دکتۆرا (180) یەکەی (ECTS) بۆ دیاری کراوە، بەجۆرێک، کە (30) یەکە(ECTS) بۆ سیمستەری یەکەمی ساڵی یەکەم تەرخاندەکرێت، و (150) یەکە (ECTS) بۆ تێزی دکتۆرا بەسەرکەوتوویی تەرخاندەکرێت. دەرچوو لەم ئاستە بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری پسپۆرییەکەی پێی دەبەخشرێت.

## تەوەرەی پێنجەم
## ڕۆڵی قوتابی لە کۆ کردنەوەی (ECTS)

قوتابی پێویستە زۆر بەگرنگیەوە لە پرۆسەکە بڕوانێت و بەوپەڕی هەستکردن بە بەرپرسیاریەتیەوە بە ڕۆڵی خۆی هەڵبستێت و هەر بابەتێک کە پێی سپێردراوە و ئەرکی ئەوە لەناو سیستەمەکە بەو پەڕی توانا و دڵسۆزییەوە بەجێی بگەێنێت. بەپێچەوانەوە بەشێوەکی نەرێنی کاریگەری دەبێت لەسەر فێربوون و بەدەستهێنانی ئەو لێهاتوویانەی کە ئامانجی سیستەمەکەیە لە ئەنجامیشدا قوتابی خۆی زیانمەند دەبێت، چونکە پرۆگرامی خوێندن و مۆدیوڵەکان بە جۆرێك دارێژراون لە لایەن زانکۆ و کۆلێژەکانەوە، کە پشت دەبەستن بە کاتژمێرەکانی کۆششی قوتابی و کۆکردنەوەی (کرێدیت) بۆیان، بە جۆرێك بۆ هەر (27) بیست و حەوت کاتژمێر کۆششی قوتابی یەك یەکە (کرێدیت) هەژمار دەکرێت.

بەشێوەکی گشتیش بۆ تەواوکردنی پرۆگرامێکی خوێندن لە ئاستی بەکالۆریۆس لە زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر و بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس بۆ هەر ساڵێکی خوێندن پێویستە قوتابی (60) شەست یەکە (کرێدیت-ECTS) کۆبکاتەوە، بەڕەچاوکردنی ئەوەی ژمارەی (کرێدیت-ECTS)ەکان گۆڕانی بەسەردا دێت بە پێی زیادبوونی ژمارەی ساڵەکانی خوێندن.

**نموونە: 60 (کرێدیت)*ژمارەی ساڵەکانی خوێندن= ژمارەی (کرێدیت)ی بەدەستهاتوو بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە. (240 = 4 X 60) کرێدێت بۆ پرۆگرامێکی (8) هەشت وەرزەی خوێندن، یاخود (300 = 5 X 60) کرێدیت بۆ پرۆگرامێکی (10) دە وەرزەی خوێندن.**

بەو واتایەی لەو بەشانەی کە خوێندن تێیاندا چوار ساڵە ژمارەی (کرێدیت-ECTS)ی بەدەستهاتوو بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە بەکالۆریۆس بریتیە لە (240) کرێدێت (ECTS) کە بەگشتی خوێندن لە بەش و کۆلێژەکانی زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر پێویستیان بە (240) کرێدێت (ECTS) هەیە، بەڵام هەندێك بەش هەن بەو پێەی بۆ تەواوکردنی پرۆگرامەکەیان پێویستیان بە پێنچ (5) ساڵە ئەوا لەم جۆرە بەشانە قوتابی پێویستە (300) کرێدێت کۆبکاتەوە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس. بە نموونە وەك: بەشی ئەندازیاری تەلارسازی (بیناکاری) لە کۆلێژی ئەندازیاری و بەشی یاسا لە کۆلێژی یاسا.

یەك کرێدێت (ECTS) یەکسانە بە (27) بیست و حەوت کاتژمێری هەوڵ و کۆششی خوێندن. بە ڕەچاوکردنی ئەوەی لە حاڵەتی بوونی پرۆگرامی هاوبەش لە نێوان زانکۆمان، یان کۆلێژ یان بەشێکی زانکۆمان و زانکۆیەك یان کۆلێژ یان زانکۆیەکی دەرەوەی وڵات ئەوا بە پێی ڕێکەوتنامە یان لێك تێنەگەیشتنی هاوبەشی نێوان زانکۆمان و ئەو زانکۆیەی دەرەوە ژمارەی کاتژمێرەکان بۆ هەژمارکردنی یەك یەکە (کرێدیت-ECTS) دیاری دەکرێت لە هەر سمستەرێك.

## قوتابی و سیستەمی (کرێدیت – ECTS)

١- هەر مۆدیوڵەک (کرێدیت - ECTS)ی تایبەت بەخۆی دەبێت، کە لە لایەن بەشەکانەوە دادەنرێت. هەژمارکردنی (کرێدیت - ECTS) لەسەر بنچینەی چەند پێوەرێك دەبێت بە پشت بەستن بە پەیڕەوکردنی پێواژۆی بۆلۆنیا.

٢- مە بەست لە (کرێدیت - ECTS) ئامرازێکە گوزارشت لە ئاست و ئەندازەی فێربوون دەکات. کە لەسەر بنەمای ئاکامەکانی فێربوون و کۆششی قوتابی بنیادنراوە.

٣-لانی کەم (60) شەست (کرێدیت - ECTS) بۆ ئاکامەکانی فێربوون و کۆششی ساڵێکی ئەکادیمی تەواو تەرخانکراوە. کە دەکاتە لانی کەم (30) (کرێدیت - ECTS) بۆ هەر وەرزێکی ساڵی خوێندن.

٣- بە شێوەیەکی گشتی بۆ هەژمارکردنی (کرێدیت - ECTS) لە زانکۆداماندا بۆ کۆکردنەوەی یەك کرێدیت قوتابی پێویستی بە (27) کاتژمێر لە کۆشش هەیە، کە بریتیە لە کارکردن بە خوێندن و هەوڵ دان. بەو پێیەش لە ساڵێکی خوێندن کە پێویستی بە (60) کرێدیتە ئەوا قوتابی دەبێت (1620) هەزار و شەشە سەد و بیست کاتژمێر کۆشش بکات بۆ گەیشتن بە ئاکامەکانی فێربوون.

٤-کۆشش و ماندووبونی قوتابی لە زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر پێوانە دەکرێت بە (کرێدیت-ECTS). کە لە زانکۆماندا هەر یەك (کرێدیت - ECTS) پێویستی بە (27) کاتژمێری کۆشش هەیە لە فێربوون کە ئەمەش لە سەرجەم زانکۆیەکانی هەرێمی کوردستان بە پێی پێواژۆی بۆلۆنیا هاوتایە. جگە لەو پرۆگرامانەی کە بە شێوەیەکی هاوبەش لە نێوان زانکۆمان و زانکۆیەکانی دەرەوەی وڵات جێبەجێدەکرێن.

## تەوەرەی شەشەم

## ئەرك و پێداویستی دەوامکردنی قوتابی لەزانکۆی سەلاحەدین- هەولێر

١- پێویستە قوتابی پابەندی دەوامی فەرمی زانکۆ بێت بەو شێوەیەی کە زانکۆ دیاری دەکات بۆ هەر وەرزێکی خوێندن، بە پێچەوانەوە لە حاڵەتی نەهاتنی قوتابی بە شێوەی نووسراو و ئەلیکترۆنی ئاگاداری قوتابی دەکرێتەوە بەفەرمانی ڕاگری کۆلێژ بەو شیوەیەی کە لە خاڵەکانی (2 تا 4) ئەم تەوەرەیەدا هاتووە.

٢- ئاگادارکردنەوە (التنبيه) دەردەکرێت ئەگەر هاتوو ڕێژەی نەهاتنی قوتابی گەیشتە سەدا پێنج (5%)، کە بە شێوەی نووسراو وئەلیکترۆنی ئاڕاستەی قوتابیان دەکرێت.

٣- هۆشداری یەکەم (الإنذار الأولي) ئاڕاستەی قوتابی دەکرێت ئەگەر هاتوو ڕێژەی نەهاتنی گەیشتە سەدا حەوت (7%)، کە بە شێوەی نووسراو و ئەلیکترۆنی ئاڕاستەی قوتابی دەکرێت.

٤- هۆشداری کۆتایی (الإنذار النهائي) ئاڕاستەی قوتابی دەکرێت ئەگەر ڕێژەی نەهاتنی گەیشتە دە لە سەد (10%). و پێویستە لەو حاڵەتەدا قوتابی بەڵێنامە پڕ بکاتەوە کە پابەندی دەوام دەبێت ونەهاتن دەپچڕێنێت، بە پێچەوانەوە خۆی بەرپرسیارەیەتی کەوتن بەهۆی نەهاتن لە ئەستۆ دەگرێت.

٥- بۆ دەرهێنانی ڕێژەی نەهاتنی قوتابی لە هەر مۆدیوڵێك لە وەرزێکی خوێندن ئەوا ژمارەی کاتژمێرەکانی ئەو مۆدیوڵە لە هەفتەیەك جارانی هەفتەکانی خوێندنی ئەو وەرزە دەکرێت. پاشان ئەو ژمارەی کە دەردەچێت جارانی ڕێژەی سەدی (5%) دەکرێت بۆ دەرهێنانی سەدا پێنج، و جارانی ڕێژەی سەدی سەدا حەوت (7%) دەکرێت بۆ دەرهێنانی ڕێژەی نەهاتنی سەدا حەوت، و جارانی ڕێژەی سەدی سەدا دە (10%) دەکرێت بۆ دەرهێنانی ڕێژەی نەهاتنی سەدا دە.

٦- ئەگەر هاتوو سەرەڕای ئاڕاستەکردنی هۆشداری کۆتایی و پڕ کردنەوەی بەڵێنامە قوتابی بەردەوام بوو لەسەر نەهاتن ئەوا لەلایەن کۆلێژەوە فەرمانی کەوتن بەهۆی نەهاتن بۆ قوتابی دەردەکرێت.

٧- ئەو قوتابیەی کە فەرمانی کەوتن بەهۆی نەهاتنی بۆ دەردەکرێت لەو مۆدیوڵە بە کەوتوو هەژماردەکرێت بە خوێندن و تاقیکردنەوە دەبێت لەوەرزی دواتر خۆی تۆمار بکاتەوە و دووبارەی بکاتەوە.

٨- گەر قوتابی لە وەرزێکی خوێندن لە مۆدیوڵەك یان چەند مۆدیوڵەك فەرمانی کەوتن بەهۆی نەهاتنی بۆ دەرکرابوو، و لە چەند مۆدیوڵەکیش فەرمانی کەوتن بەهۆی نەهاتنی نەبوو، ئەوا تەنیا لەو وانانەی کە فەرمانی کەوتن بەهۆی نەهاتنی بۆ دەرکراوە بە کەوتوو هەژماردەکرێت و مافی بەردەوامی دان بە خوێندن و تاقیکردنەوەی هەیە، لەو وانانەی کە پابەندی دەوام بووە و فەرمانی کەوتن بەهۆی نەهاتنی نیە.

٩- دەسەڵاتی ئەنجوومەنی کۆلێژە لە حاڵەتی بوونی پاساوێکی ڕەوا و دوای پێشکەشکردنی داواکاری لە لایەن قوتابیەوە ڕێژەی نەهاتنی لە (10%) دە لەسەدەوە بۆ بەرزبکاتەوە تاوەکو (15%) پازدە لە سەد.

١٠- بە بێ ڕەچاوکردنی ڕێژەکانی نەهاتن لە برگەکانی سەرەوە ئەو قوتابیەی سێ هەفتە لەسەر یەك بەبێ بوونی هیچ پاساوێك پابەندی دەوام نەبووە و پێشتریش خۆی تۆمارکردبوو لە مۆدیوڵەکانی ئەو وەرزە ئەوا فەرمانی کەوتن بەهۆی نەهاتنی بۆ دەردەکرێت.

١١- ڕێگە بە قوتابی نادرێت لە تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرز بەشداری بکات، لەو مۆدیولانەی، کە ڕێژەی ئامادەنەبوونی (10%)ی چالاکی فێربوونی ڕاستەوخۆی تێپەراندووە، ئەمەش وەك هەوڵ بۆی هەژمار ناکرێت.

## تەوەرەی حەوتەم

## خۆتۆمارکردنی قوتابی بۆ پرۆگرامی خوێندنی بوارێکی دیاریکراو (Student Registration for a Degree Program)

١- قوتابی نوێ پێویستە لە ماوەیەکی دیاریکراودا، کە لە دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی (زانکۆ لاین-ڕێگای زانکۆ) ەوە دەست پێدەکات بۆ ماوەیەک، کە زانکۆ بڕیاری لێدەدات خۆی تۆمار بکات لە پرۆگرامێکی ئەکادیمی پێشکەشکراو لە لایەن زانکۆی سەلاحەدینەوە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە لە پرۆگرامەکەدا.

٢- ئەو قوتابیەی بەبێ پاساوێکی ڕێگەپێدراو پابەند نەبێت بە کاتی خۆتۆمارکردن، ڕێگەی پێنادرێت دەست بە خوێندنی ئەو وەرزە بکات و دەتوانێت لە سەرەتای وەرزی داهاتوو خۆی تۆمار بکات. لەم حاڵەتەشدا ئەو وەرزانەی دەکەونە پێش خۆتۆمارکردنی قوتابی لە پرۆگرام لەسەر میچ (سقف)ی خوێندنی قوتابی هەژمار دەکرێن.

٣- تۆمارکردنی قوتابی نوێ بۆ پرۆگرام لە لایەن بەڕیوەبەرایەتی تۆماری گشتی زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر و تۆماری کۆلێژی تایبەتمەند بە پرۆگرامەکەوە ئەنجام دەدرێت بەو شێوەیەی کە لە یاسا و ڕێنماییەکان دیاریکراوە.

٤- تۆمارکردنی قوتابی لە هەر زانکۆیەکی تر لە دەرەوە یان ناوەوەی وڵات کە بیەوێت وەرزێك یان چەند وەرزێکی پرۆگرامی ئەکادیمی لە زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر بخوێنێت لەو کاتەدا دەبێت، کە زانکۆمان دیاری دەکات بۆ ئەم مەبەستە، بە پێچەوانەوە لە دوای ئەو کاتەوە قوتابیەکە مافی خۆتۆمارکردنی لە زانکۆمان نامێنێت.

٥- مەرجە بۆئەوەی ڕێگە بە قوتابیانی زانکۆکانی دیکە لە ناوەوە یان دەرەوەی وڵات بدرێت خۆیان تۆمار بکەن بۆ خوێندنی وەرزێك یان چەند وەرزێکی پرۆگرامی ئەکادیمی لە زانکۆمان، کە پەیڕەوی هەمان سیستەمی خوێندنی زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر بکەن و ڕێکەوتن و لێکتێگەیشتنی هاوبەشیان لەگەڵ زانکۆمان هەبێت بە پێچەوانەوە قوتابیانی ئەو زانکۆیانە ئەو مافەیان نابێت.

## تەوەرەی هەشتەم

## خۆتۆمارکردنی قوتابی بۆ مۆدیوڵ (Student Registration for Module)

١- پێش دەست پێکردنی وەرزی خوێندن بە چەند ڕۆژێك پێویستە قوتابی خۆی تۆمار بكات بە بڕی (30) كرێدیت (ECTS) بۆ هەر وەرزێك ئەویش بە هەڵبژاردنی مۆدیوڵە سەرەكیەكان (Core Modules) و مۆدیوڵە هەڵبژاردەكان (Elective Modules)

٢- خۆ تۆماركردنی قوتابی لە مۆدیوڵ (Module) بە هیچ شێوەیەک نابێت دوای دەستپێكردنی وەرز بێت، بەڵكو پێویستە پێش دەستپێكردنی وەرزی خوێندن بە ماوەیەكی دیاریكراو لەلایەن كۆلێژەوە بێت.

٣- زۆرترین ڕێژەی كرێدیت، كە قوتابی دەتوانێت خۆی تیادا تۆمار بكات لە هەر وەرزێك لە وەرزەكانی پایزە و وەرزی بەهارە بریتیە لە (30) كرێدیت(ECTS). لەگەڵ ئەوەشدا دەكرێت لە لایەن بەشەوە ڕێگە بە قوتابی بدرێت لە هەر وەرزێك بە بڕی (6) كرێدیت (ECTS) ی زیادە خۆی تۆمار بكات.

٤- قوتابی ڕێگەی پێدەدرێت، كە خۆی لە مۆدیوڵ (Module) پێكبەستراوەكان لە پرۆگرامی خوێندن تۆماربكات، بەو مەرجەی سەرجەم پێداویستیەكانی مۆدیوڵ (Module)ی پێش-مەرجی لە وەرزەكانی پێشووتردا تەواو كردبێت و تۆماركردنی بۆ تاقیكردنەوەی كۆتایی تیادا ئەنجام دابێت و لەلایەن مامۆستای پەیوەندار دوورنەخرابێتەوە. (بەڵام مەرج نیە لەتاقیكردنەوەكە دەرچووبێت).

٥- لە ماوەیەكی دیاریكراودا كە بەش دیاری دەكات ڕێگە بە قوتابی دەدرێت ئاڵوگۆڕ یان پاشگەزبوونەوە لە تۆماركردنی مۆدیوڵ (Module) ئەنجام بدات.

٦- هەر كاتێك لەبەر هەر هۆكارێك وانەیەک (مۆدیوڵەك-Module) یان زیاتر لە لایەن بەشەوە هەڵپەسێردرا بەهەر هۆكارێك بێت، ئەوا پێویستە قوتابی ئاڵوگۆڕ بەو مۆدیوڵە هەڵپەسێردراوە بكات بە مۆدیوڵیەكی تر كە بەش وەك جێگرەوە دیاری دەكات.

٧- ئەو قوتابیەی كە لە ماوەی دیاریكراو بۆ خۆتۆماركردن لە وانە (مۆدیوڵ-Module) دیاریكراوە خۆی تۆمار نەكرد، ئەوا ئەو وەرزە لە میچی خوێندنی قوتابی هەژماردەكرێت.

٨- ئەو قوتابییەی، کە دوا کەوتووە لە هاوتاکانی لەو وانانە(Modules)ی بە هۆی گۆڕینی پرۆگرامی خوێندن لادراون داواکراو نابێت، بەڵام لە مۆدیوڵ نوێیەکان (New Modules)ی کە هێنراونەتە ناو پرۆگرامی خوێندن داواکراو دەبێت.

٩- ئەگەر هاتوو قوتابی لە چوار وەرز لە هیچ مۆدیوڵێک (Module)خۆی تۆمار نەکرد بە بێ ئەوەی بەشێوەیەکی فەرمی دواخستنی کردبێت ئەوا سڕینەوەی ناو (ترقين قيد)ی بۆ ئەنجام دەدرێت و لە زانکۆمان دووردەخرێتەوە. واتا (Termination)ی بۆ دەکرێت.

١٠- قوتابی خۆی بەرپرسە لە هەر هەڵەیەك کە بکرێت لە کاتی خۆ تۆمارکردنی بۆ مۆدیوڵ (Modules)کان بۆیە پێویستە ئەو پرۆسەیە زۆر بە وریایی ئەنجام بدات.

١١- بەشی زانستی بە هەماهەنگی لەگەڵ تۆماری کۆلێژ بەرپرسە لە ئاشناکردنی قوتابیان بە پرۆسەی خۆتۆمارکردن بۆ مۆدیوڵەکان (Modules).

## تەوەرەی نۆیەم

## خۆتۆمارکردنی قوتابی بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی ( Student Registration for Final Exam)

١- پێویستە لەسەر قوتابی لەو مۆدیوڵانەی لە هەر وەرزێك خۆی تیادا تۆمارکردوون لە ماوەیەکی دیاریکراودا کە بەش دیاری دەکات خۆی بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی لەو مۆدیوڵانە تۆمار بکات.

٢- ئەگەر هاتوو کۆششی قوتابی لە هەر مۆدیوێلێك لەو مۆدیولانەی ئەو وەرزە لە سەر (40) لە (17) (ئەم ڕێژەیە دەگۆڕێ بەگوێرەی بڕیاری کۆلێژ) کەمتر بوو یاخود لە سەر (50) لە (20) کەمتر بوو یان بەهۆی تێپەڕاندنی ڕێژەی نەهاتنەوە فەرمانی کەوتن بەهۆی نەهاتنی بۆ دەرکرابوو یان هێشتا فەرمانی کەوتن بەهۆی نەهاتنی بۆ دەرنەکرابوو، بەڵام ڕێژەی نەهاتنی (10%)ی تێپەڕاندبوو لە دۆخی ئاسایی یاخود ڕێژەی نەهاتنی (15%) تێپەڕاندبوو لەحاڵەتێك کە بۆی بەرزکرابووەوە بە بڕیاری ئەنجومەنی کۆلێژ ئەوا قوتابی بێبەش دەکرێت لە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کۆتایی (Drop Out) دەکرێت لەو حاڵەتەشدا پێویستە قوتابی دووبارە خۆی لەو مۆدیوڵە تۆمار بکاتەوە بە خوێندن و تاقیکردنەوە وەربیگرێتەوە، کە لە بنەڕەتیشدا سیستەمی (LMS) خۆی بەشێوەی ئۆتۆماتیکی ئەوکارە دەکات.

٣- قوتابی سەرپشکە لە خۆ تۆمارکردن لەو مۆدیولانەی کە لەوەرزەکانی پێشتر خوێندوونی، بەڵام تاقیکردنەوەی لێیان نەکردووە یان لێیان دەرنەچووە.

٤ -قوتابی خۆی بەرپرسە لە هەر هەڵەیەك کە بکرێت لە کاتی خۆ تۆمارکردنی بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرز، بۆیە پێویستە زۆر بە وریایی پرۆسەی خۆتۆمارکردن  ئەنجام بدات.

٥- کۆلێژەکانی زانکۆمان سەرپشکن لە ڕێکخستنی پرۆسەی خۆتۆمارکردن بۆ تاقیکردنەوەکانی کۆتایی وەرز، بە مەرجێك پێچەوانەوە نەبێت لەگەڵ ناوڕۆکی ئەم ڕێبەرە و پێواژۆی بۆلۆنیای پەسەند کراو لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و هەر ڕێنمایی  و بریارێکی تری تایبەت بەو بوارە.

٦- بەشی زانستی لە هەر کۆلێژێك بەرپرسە لە ئاشناکردنی قوتابیان بە پرۆسەی خۆتۆمارکردن بۆ تاقیکردنەوەکانی کۆتایی وەرز.

٧- ڕێگە بە قوتابی نادرێت خۆی تۆماربکات لە تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرز لەو مۆدیولانەی، کە ڕێژەی ئامادەنەبوونی (10%)ی چالاکی فێربوونی ڕاستەوخۆی تێپەڕاندووە، ئەمەش وەك هەوڵ بۆی هەژمار ناکرێت.

## تەوەری دەیەم

## کرێی خوێندنی پارێل لەزانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

١- دیاریکردنی بڕی تێچووی خوێندن لەسەر بنەمای ژمارەی کرێدیتی خوێندن دەبێت کە کۆلێژەکان دیاری دەکەن و زانکۆ پەسەندی دەکات.

٢- قوتابی لەسەری پێویستە بڕی تێچووی ژمارەی کرێدیتی تۆمار کراوە لە کاتی خۆ تۆمارکردنی لە مۆدیوڵەکانی هەر وەرزێك بدات.

٣- قوتابی بە هەر هۆکارێك بچێتە  دۆخی پاراڵێل حوکمەکانی برگەی (1و2) سەروی لەسەر جێبەجێ دەبێت.

٤- بڕی پارەی دیاریکراو بۆ هەر کرێدیتێك لە لایەن کۆلێژەکانەوە لە قوتابی پاراڵێل وەردەگیرێت.

٥ -ئەگەر قوتابی پاشگەزبوونەوە یان ڕاستکردنەوەی ئەنجامدا لەو مۆدیوڵەی کە خۆی تیادا تۆمارکردووە لە ماوەی دیاریکراو بۆ ڕاستکردنە و پاشگەزبوونەوە، ئەوا ئەو بڕە پارەیەی، کە تایبەت بووە بەو مۆدیوڵانە بۆی دەگەڕێندرێتەوە بەپێی ژمارەی کرێدیتەکانی مۆدیوڵەکە.

٦- ئەگەر قوتابی دوای ماوەی دیاریکراو بۆ پاشگەزبوونەوە یان ڕاستکردنەوە لە مۆدیوڵ پاشگەزبوونەوە یان ڕاستکردنەوەی ئەنجامدا، ئەوا ئەو بڕە پارەیەی کە تایبەت بووە بەو مۆدیوڵە بۆی ناگەڕێندرێتەوە.

٧- سەبارەت بەو قوتابیەی کە خۆی پاڕاڵێلە و گواستنەوەی کرێدیت ئەنجام دەدات بۆ زانکۆمان و کرێدیت لە زانکۆکەمان تۆمار دەکات، دەبێت تێچووی کرێدیت لەو کۆلێژەی زانکۆمان بدات خۆی تیادا تۆمارکردووە.

## تەوەرەی یازدەم

## ڕۆڵی قوتابی لە پرۆسەی هەڵسەنگاندن و بەشداریکردن لە چالاکیەکانی فێربوون

١. بەو پێیەی لە گرنگترین سیماکانی سیستەمی بۆلۆنیا بریتیە لەوەی، کە قوتابی ڕۆڵێکی فراوانی پێبدرێت و بکرێتە سەنتەری فێربوون لە بواری خوێندنی باڵادا، هەربۆیەش پێویستە قوتابی بە شێوەیەکی چالاکانە بەشداری بکات لە هەموو چالاکیەکانی شێوازی فێربوونی ڕاستەوخۆ وەك: (وانەکان بە هەردوو بواری کار و هەر چالاکیەکی تر کە پەیوەست بێت بە پرۆگرامی خوێندنی کۆلێژەوە) لە هەر مۆدیوڵێك مۆدیوڵێك.

٢. قوتابی پێویستە زۆر چالاکانە بەشداری لە چالاکیەکانی تر بکات، کە پێی دەدرێت لەلایەن مامۆستای بابەتەوە و ڕۆڵی خۆی بگێڕێت و بەئەرکی خۆی هەڵبستێت لە ناو پۆل وەك: (بەشداری کردنی چالاکیەکانی ناو پۆل لە ئامادەکردن و پێشکەشکردنی وانەکان و گفتوگۆ کردنی بابەتەکان و پێشکەشکردنی سمنار و ڕاپۆرت و تاقیکردنەوەی ڕۆژانە...هەرچالاکیەکی تر کە پەیوەست بێت بە پرۆگرامی خوێندنی کۆلێژەوە). هەروەها کاربکات و ڕۆڵی هەبێت لە چالاکیەکانی تری دەرەوەی پۆل وەك: ئەرکی ماڵەوە و سەردانی مەیدانی بۆ شوێنی کار و دامەزراوەکانی دەرەوەی زانکۆ و هەر چالاکیەکی زانستی تر لە دەرەوەی چوارچێوەی پۆل.

٣. ئەو چالاکیانەی لە هەر مۆدیوڵێك پێویستە ئەنجام بدرێن، مامۆستای مۆدیوڵ لە کارنامەی مۆدیوڵەکە ئاماژەیان پێدەدات و لە لایەن بەشی زانستیەوە پەسەند دەکرێن.

٤. هەڵسەنگاندنی قوتابی لە پرۆسەی فێربووندا بەپێی سیستەمی بۆلۆنیا لە زانکۆماندا لەسەر بنەمای هەژمارکردنی کۆششەکانی مۆدیوڵ و تاقیکردنەوەی کۆتایی و شێوازە جیاجیاکانی تری هەڵسەنگاندن دەبێت کە لە ماوەی وەرزی خوێندندا لە لایەن کۆلێژەوە دیاریکراون.

٥. هەڵسەنگاندن بۆ مەشق و ڕاهێنانی قوتابی و پرۆژەی دەرچوونی کۆتایی بەو شێوازە دەبێت، کە لە لایەن کۆلێژەوە دیاری دەکرێت.

٦. پێویستە قوتابی بەو پەڕی دەستپاکی و بە لەبەرچاو گرتن و پاراستنی پێوەرەکانی دەستپاکی ئەکادیمی و زانستی ئەو ئەرکانە ئامادەبکات کە لە لایەن مامۆستای مۆدیوڵەوە پێی دەسپێردرێت.

٧. ئەگەر سەلمێنرا قوتابی گزی کردووە و دەستپاکی زانستی و ئەکادیمی نەپاراستووە لە ئامادەکرنی ئەرکێک لەو ئەرکانەی لە لایەن مامۆستاوە پێیسپێردراوە بەجۆرێک کە خۆی ئەرکەکەی ئەنجام نەداوە یان بە شێوەیەك لە شێوەکان دەرکەوت، کە بە ڕێگای نادروست و بە ڕێگای کەسانی تر یان بە ئامادەکراوی ئەرکەکەی پێشکەشکردووە، ئەوا مافی مامۆستای بابەتە نمرەی تەرخانکراوی بۆ ئەو ئەرکە پێنەدات. لە حاڵەتیك، کە قوتابی ئەم کارەی دووبارە کردووە مافی مامۆستایە ڕێگای پێنەدات بەشداری تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرز بکات.

## تەوەری دوازدەم

## ڕۆڵی قوتابی لە پێش دەستپێکردنی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی وەرز و بەرجەستە کردنی پێداویستیەکانی بەشداریکردن لە تاقیکردنەوەکان

١- بۆ ئەوەی قوتابی بتوانێت بەشداری لە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی وەرز بکات پێویستە پێش ئەوە سەرجەم پێداویستیەکانی ئەو مۆدیوڵەی ئەنجام دابێت، کە مامۆستای مۆدیوڵ لێی داواکردووە، بە پێچەوانەوە مامۆستا دەتوانێت ڕێگەی پێنەدات و ناتوانێت بەشداری لە تاقیکردنەوەی کۆتایی ئەو مۆدیوڵە بکات، لەو حاڵەتەشدا قوتابی بە کەوتوو هەژمار ناکرێت، بەڵکو دەرفەتی زیاتری پێدەدرێت تاوەکو باشتر خۆی ئامادە بکات.

٢- پێداویستیەکانی هەر مۆدیوڵێك بریتین لەوەی کە قوتابی لە سەرەتای وەرز خۆی تۆمار کردبێت و بەشدار بووبێت لە سەرجەم چالاکییەکانی ناو و دەرەوەی پۆل و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی ناوەندە وەرز و کویز و سیمنار و ڕاپۆرت و تاقیکردنەوەی ڕۆژانە و دیراسەتکردنی کەیس... هەرچالاکیەکی تر، کە پەیوەست بێت بە پرۆگرامی خوێندنی کۆلێژەوە. جگە لەوەش پابەندی تەواوەتی دەوامی ڕۆژانە بووبێت لەو مۆدیوڵە و ڕێژەی نەهاتنی

تێنەپەڕاندبێت و پێشتر بە هۆی گزیکردنەوە بەکەوتوو هەژمار نەکرابێت، و لە ماوەی دیاریکراودا خۆی بۆ تاقیکردنەوە لەو مۆدیولە تۆمارکردبێت.

٣- قوتابی پێویستە پابەندی دەوام بێت لە ڕۆژی دەست پێکردنی وەرزی خوێندن تاوەکو کۆتاییەکەی لە هەموو ئەو مۆدیولەی کە خۆی تیادا تۆمارکردوون، بە پێچەوانەوە ئەو قوتابیەی کە ڕێژەی نەهاتنی (10%)ی تێپەڕاندووە بێبەش دەکرێت لە خۆتۆمارکردن و بەشداریکردن لە تاقیکردنەوەی کۆتایی.

٤- پێداویستیەکانی مۆدیوڵ بۆ ئەو قوتابیەی، کە لە ساڵانی پێشوو ئەو مۆدیوڵەیان خوێندووە، بەڵام لەو وەرزی مەبەست تەنیا ناویان بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی تۆمار کردووە بریتیە لەوەی، کە ئەو قوتابیە لە ساڵانی پێشوو سەرجەم پێداویستییەکانی هاوشێوەی خاڵی (2)ی سەرەوە ئەنجام دابێت و خۆشی تۆمار کردبێت بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرز لە وەرزی مەبەست بۆ تاقیکردنەوە و لەلایەن مامۆستای پەیوەندار دورنەخرابێتەوە لە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکە.

٥ -پێداویستیەکانی مۆدیوڵ بۆ ئەو قوتابیەی کە بەشێوەی پاراڵێل دەخوێنێت، جگە لەو خاڵانەی سەرەوە بریتیە لەوەی، کە کرێی پاراڵێلی لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا دابێت.

٦ -پێداویستیەکانی مۆدیوڵ لە لایەن کۆلێژەوەکانەوە بە شێوەیەکی ورد و زانستییانە دادەڕێژرێت بە مەرجێك پێچەوانەوە ئەم ڕێبەرە و پێواژۆی بۆلۆنیا و ڕینمایی و بڕیارەکانی تایبەت بەو بوارە نەبێت.

## تەوەری سێزدەم

## قوتابی لە پرۆسەی تاقیکردنەوەکان (ماف و ئەركەكانی)

### یەکەم: بەشداری لە تاقیکردنەوەکان

١- قوتابی مافی هەیە لە هەر مۆدیوڵێك تا چوار هەوڵ(جار) تاقیکردنەوە ئەنجام بدات، جگە لە (پرۆژەی کۆتایی دەرچوون) و (مەشقی هاوینە لەو کۆلێژانەی کە پێویستی بە ئەنجامدانیەتی). ئەگەر لە هەر چوار هەوڵ(جار)ی تاقیکردنەوەکە نەیتوانی سەرکەوتوو بێت، ئەوا کۆششی سفر دەبێتەوە و دەبێت ئەو بابەتە یان مۆدیوڵەی بەپەڕالێل وەربگرێتەوە و مافی دوو هەوڵی تاقیکردنەوەی پێدەدرێت.

٢ -سەبارەت بەو قوتابییەی کە لە بنەڕەتدا خۆی بە شێوەی پاڕالێل دەخوێنێت و تا چوار هەوڵ(جار) نەیتوانی لە تاقیکردنەوەکان سەرکەوتوو بێت ئەوا کۆششی سفر دەبێتەوە و ئەو بابەتە وەردەگرێتەوەو مافی دوو هەوڵی تاقیکردنەوەی پێدەدەرێتەوە، لەبەرامبەردا ڕێژەی (30%)ی بڕی تێچووی کرێدیتی تۆمارکراو بۆ خوێندنی ئەو مۆدیوڵە دەخرێتە سەر قوتابی و دەبێت بیدات.

٣- ئەو قوتابییەی، کە دوای چوار هەوڵ(جار) و دوو هەوڵ(جار)ی پاڕالێل کە لە خاڵەکانی (1و2)ی سەرەوە ئاماژەی بۆکراوە نەیتوانێت سەرکەوتوو بێت ئەوا سڕینەوەی ناو (ترقین قید)ی بۆ ئەنجام دەدرێت و لە خوێندنی زانکۆ دوور دەخرێتەوە و (Termination)ی بۆ دەکرێت.

٤- دوورخستنەوەی قوتابی (Drop) لە تاقیکردنەوەی کۆتایی بە هۆی ئەوەی، کە ڕێژەی نەهاتنی (10%)ی تێپەڕاندبوو، یان پێداویستیەکانی تری مۆدیوڵەکەی ئەنجام نەدابوو لە تاقیکردنەوەی ڕۆژانە و ئەرکی ماڵەوە و ناو پۆل و سمنار و ڕاپۆرت ... هەرچالاکیەکی تر، کە پەیوەست بێت بە پرۆگرامی خوێندنی کۆلێژەوە، وەک هەوڵ(جار)ی ئەنجام دانی تاقیکردنەوە لەسەری هەژمار ناکرێت.

٥- قوتابی پێویستە ئەوە بزانێت، کە بەشداری کردنی لە سەرجەم چالاکیەکانی ناو و دەرەوەی پۆل گرنگیەکی یەکجار گەورەی هەیە و ڕۆڵی خۆی بەتەواوەتی تێیاندا بگێڕێت، چونکە ئەو قوتابیەی، کە بەشداری سەرجەم کار و چالاکییەکانی هەر مۆدیولێکی نەکردبێت مافی مامۆستایە بەشداری پێ نەکات لە تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرز.

٦- کاتێك مامۆستای مۆدیوڵ ڕێگە بە قوتابی نادات بەشداری تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرز بکات بە هۆی ئەوەی، کە سەرجەم چالاکیەکانی مۆدیوڵەکەی تەواو نەکردووە، ئەوا پێویستە قوتابیەکە ئەو مۆدیوڵە دووبارە وەربگرێتەوە بە خوێندن و بە تاقیکردنەوەوە.

٧- ڕێگەنەدان بە بەشداریکردنی قوتابی لە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی بە هۆی تەواونەکردنی سەرجەم چالاکییەکانی مۆدیوڵەکەی بە هەوڵ(جار)ی لەسەری هەژمار ناکرێت.

٨ -قوتابی مافی هەیە گازندە پێشکەشکەشی بەش بکات لەسەر بەشداری پێنەکردنی لە تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرز لە لایەن مامۆستای مۆدیوڵ.

٩- قوتابی مافی هەیە کشانەوە (Withdraw) پێشکەشکەشی بەش بکات لە تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرز لە هەر مۆدیولێکی ئەو وەرزە لە ماوەیەکی دیاریکراودا، کە لە لایەن بەشەوە دیاریدەکرێت، کە بە شێوەیەکی گشتی چەند رۆژێك پێش دەستپێکردنی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی وەرز دەبێت، لەو دۆخەشدا کشانەوەی قوتابی بە هەوڵ(جار) لەسەری هەژمار ناکرێت ونمرەی کۆششی بۆ هەژماردەکرێت.

١٠. کاتێک کە تۆمارکردنی قوتابی بۆ تاقیکردنەوە لە هەر مۆدیولێک ئەنجامدرا و مامۆستای پەیوەندار قبوڵی کرد و دووری نەخستەوە (Drop) ئەوا مانای ئەوەیە کە سەرجەم چالاکییەکانی بە ئەنجام گەیاندووە.

١١- ئەگەر قوتابی لە کاتی تاقیکردنەوەی کۆتایی نەیتوانی بەشداری بکات، بەهۆی هاتنە پێشی دۆخی لەناکاوی تایبەت بەو قوتابیە لە دەرەوەی ویستی خۆی، ئەوا مافی هەیە داوای وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی بکات لەو حاڵەتەشدا سەرۆکایەتی بەش سەرپشك دەکرێ لەپەسەندکردنی یاخود پەسەندنەکردنی داواکاریەکەی.

١٢- بابەتی مۆڵەت پێدانی قوتابی بۆ بەشدارینەکردن لە تاقیکردنەوەی کۆتایی لە لایەن کۆلێژەوە رێك دەخرێت بەمەرجێک پێچەوانەی یاسا ورێنماییە کارپێکراوەکان نەبێت.

١٣- سەرەڕای بوونی هەر ڕێنمایی و گشتاندنێکی تری تایبەت بە تاقیکردنەوەکان، ڕێوشوێنەکانی بەڕێوەچوونی تاقیکردنەوەکان لە لایەن لیژنەی تاقیکردنەوەکانەوە دەردەکرێت کە لە ڕێگەیانەوە پرۆسەی تاقیکردنەوەکان ڕێك دەخرێت و پێویستە قوتابی پێوەیان پابەند بێت.

١٤- ئەگەر هەر مۆدیولەک تەقیکردنەوەی تیۆری و پراکتیکی هەبێت قوتابی دەبێت لە هەر دوو تاقیکردنەوەکە ئامادە بێت و بە پێچەوانەوە بە کەوتوو هەژمار دەکرێت.

## دووەم: گزیکردنی لە تاقیکردنەوەکان و هەڵسەنگاندنەکان (Cheating in Exams and Assessments)

١- ئەگەر قوتابی لە تاقیکردنەوەکان بە هەموو شێوەکانی (ڕۆژانە، ناوەندەوەرز، کۆتایی وەرز) گزیکرد، ئەوا لە گشت ئەو وانە (مۆدیولانەی) لەو وەرزە خۆی تێدا تۆمارکردوون بە کەوتوو هەژمار دەکرێت.

٢- ئەو قوتابیەی، کە بە هۆی گزیکردنەوە بە کەوتوو هەژمار کراوە لە وەرزێك دەبێت جارێکی تر لەمۆدیولەکانی ئەو وەرزە خۆی تۆمار بکاتەوە و دووبارەیان بکاتەوە.

٣- ئەگەر هاتوو قوتابیەك چەند مۆدیوڵێکی لە وەرزەکانی پێشووی خوێندن بوو، بەڵام تاقیکردنەوەی لێیان ئەنجام نەدابوو، بەڵکو لەو وەرزەی، کە گزیکردنەکەی لەسەر سەلمێنرا خۆی بۆ تاقیکردنەوە لەو وانانە تۆمارکردبوو ئەوا لەو وانانەش بە کەوتوو هەژمار دەکرێت، بەڵام پێویست ناکات ئەو مۆدیوڵانە دووبارە بکاتەوە تەنیا تاقیکردنەوەیان لێ دووبارە دەکاتەوە.

٤- ئەگەر قوتابی بۆ جاری دووەم لە تاقیکردنەوەکانی (ڕۆژانە، ناوەندە وەرز، کۆتایی وەرز)گزیکرد، ئەوا سڕینەوەی ناو (ترقین قید)ی بۆ ئەنجام دەدرێت.

٥- ئەو قوتابیەی، کە سڕینەوەی ناو (ترقین قید)ی بۆ دەکرێت بەهۆی گزی کردنەووە مافی گەڕانەوەی بۆ خوێندن بە شێوەی پاڕالێل نابێت.

## سێیەم: گازندەگرتنی قوتابی لە ئەنجامی تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرز

١- قوتابی مافی گازندەگرتنی هەیە لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی وەرز.

٢- ئەگەر قوتابی ناڕازی بێت لە ئەنجامی تاقیکردنەوەیەك یان چەند تاقیکردنەوەیەك، بە جۆرێك دڵنیابێت، کە ئەنجامەکانی زۆر باشترن لەوەی ڕاگەیەندراوە ئەوا مافی هەیە داواکاری پێشکەش بە لیژنەی تاقیکردنەوەکان بکات بۆ پێداچوونەوە بە تێنووسی تاقیکردنەوەکان.

٣- بۆ هەردوو بڕگەی (1و2) ی سەرەوە لیژنەی تاقیکردنەوەکان ماوەیەك دیاری دەکات، کە پێویستە قوتابی لەو ماوەیەدا گازندە بگرێت و داواکاری بۆ پێداچوونەوە بە تێنووسی تاقیکردنەوەکان پێشکەش بکات، لە دوای تێپەڕبوونی ئەو ماوەیە قوتابی ئەو مافەی نابێت.

٤- پێشکەشکردنی گازندە لە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی وەرز و پێشکەشکردنی داواکاری بۆ پێداچوونەوە بە تێنووسی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی وەرز لە لایەن قوتابیەوە لە بەرامبەر بڕێك پارە دەبێت، کە لە لایەن زانکۆوە دیاری دەکرێت و بڕەکەی لە گشت کۆلێژەکان هاوتا دەبێت.

## تەوەرەی چواردەیەم

## سیستەمی نمرەدانان (Grading System)

## چۆنیەتی دیاری کرنی پەیوەندی نێوان نمرە و ئاستی قوتابی

١- ئاستی قوتابی لە هەر مۆدیولێک لە سەر بنەمای نمرەی بەدەستهاتوو لەم مۆدیولەدا دیاریدەکرێت. بەم شێوەیەی لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

| ئاست | | نمرە |
|---|---|---|
| نایاب | Excellent | 90 - 100 |
| زۆرباش | Very Good | 80 - 89 |
| باش | Good | 70 - 79 |
| ناوەند | Medium | 60 - 69 |
| پەسەند | Pass | 50 - 59 |
| کەوتوو | Fail | 0 - 49 |

٢- سەرەڕای خاڵی ژمارەیەکی سەرەوە ڕەچاوی دۆخی هەندێک لە کۆلێژەکان دەکرێت تاوەکو بتوانن کار لەسەر دانانی سیستەمێکی باوەڕپێکراوی نمرەدانان و دیاریکردنی ئاستی تایبەت بەخۆیان بکەن بە مەرجێک ناکۆک نەبێت لەگەڵ یاسا ورێنماییەکان و پێواژۆی بۆلۆنیا.

٣- نمرەی دەرچوون بەشێوەیەکی گشتی لە سەرجەم کۆلێژ و بەشەکانی زانکۆکەمان بریتیە لە (50 لە 100 پەنجا لە سەد، بەو مەرجەی قوتابی بەشداری لە تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرز کردبێت. لەگەڵ ئەوەشدا ڕەچاوی نمرەی دەرچوون لە هەندێك کۆلێژ و بەش لە زانکۆمان دەکرێت، کە نمرەیەکی بەرزتری دیارکردووە بۆ دەرچوون.

## تەوەرەی پازدەم

## بەخشینی بڕوانامە بە قوتابی لەزانکۆی سەلاحەدین-هەولێر (Degree Award)

یەکەم: قوتابی تەنیا لەکاتی بوونی ئەو مەرجانەی خوارەوە پاڵێوراو دەبێت بۆ بەخشینی بڕوانامەی زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

١-کۆکردنەوەی (کرێدیت)ی پێویست بۆ ئاستی (cycle) ی خوێندن.

٢- لە هەموو مۆدیوڵە داواکراوەکان دەرچووبێت.

٣ - داواکاری پێشکەشی کۆلێژ بکات بۆ بەخشینی بڕوانامە و کۆلێژ پەسەندی داواکاریەکەی بکات.

٤- هیچ مەرجێکی تر لە یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان نەبێت، کە بۆ ئەم مەبەستە پێویست بێت لە قوتابی بێتەدی تا بڕوانامەی پێ ببەخشرێت.

دووەم- پێدانی بڕوانامەی دەرچوون لە کۆتایی گشت وەرزەکانی خوێندن دەبێت، پێدانی پشتگیری دەرچوون لە دوای دەرچوون لە کۆتایی هەر وەرزێک دەدرێتە قوتابی.

سێیەم- ڕیزبەندی قوتابیان لەسەر بنەمای تێکرای نمرەی قوتابی دەبێت بۆ کۆی گشتی کرێدیتەکانی (ECTS) کە لە ماوەی خوێندنی لە زانکۆ وەریگرتووە وتێیدا دەرچووە و بەپێی ئەم هاوکێشەیەی خوارەوە ڕێکدەخرێت:

$$\textbf{تێکرای نمرەی دەرچوون} = \frac{\text{کۆی گشتی \{(نمرەی مۆدیوڵ) X (ژمارەی کرێدیتی مۆدیوڵ-ECTS)\}}}{\text{کۆی ژمارەی کرێدیتەکان}}$$

## تەوەرەی شازدەیەم

## ماوەی خوێندن لەزانکۆی سەلاحەدین بە گوێرەی سیستەمی بۆلۆنیا (Duration of study)

١. ماوەی خوێندن لە هەر ئاستێکی خوێندن(Cycle) لە زانکۆکەماندا بریتیە لە یەك و نیو (1.5) بەقەد ماوەی ئاسایی خوێندنی پرۆگرامەکە .

٢. ئەگەر قوتابی میچی خوێندنی لە ماوەی دیاریکراو بۆ هەر ئاستێك تێپەڕاند ئەوا دەتوانێت بە شێوەی پاڕاڵێل بەردەوامی بە خوێندن بدات تا نیو (0.5) بەقەد ماوەیی ئاسایی خوێندنی پرۆگرامەکە.

٣. قوتابی مافی دواخستنی وەرزی خوێندنی هەیە، و مافی دواخستنی خۆێندنەکەشی بۆپرۆگرامەکانی ئاستی کورت مەودا (Short Cycle) و ئاستی یەکەم (First Cycle) بریتیە لە نیو (0.5) بە قەد ماوەی ئاسایی خوێندنی پرۆگرامەکە (ئەم بابەتە لە تەوەری دواتردا بە وردی باسکراوە).

٤. دواخستنی خۆێندن بۆ پرۆگرامەکانی ئاستی کورت مەودا (Short Cycle) لە زانکۆکەماندا بۆ یەك (1) وەرز لەسەر میچی خوێندنی قوتابی هەژمار ناکرێت، ( بەڵام ئەوجۆرە خوێندنە لە زانکۆی سەلاحەددین نیە).

٥. دواخستنی خوێندن بۆ پرۆگرامەکانی ئاستی یەکەم (First Cycle) لە زانکۆکەماندا بۆ دوو (2) وەرز لە سەر میچی خوێندنی قوتابی هەژمار ناکرێت.

## تەوەرەی حەڤدەیەم

## مافی قوتابی لە دواخستنی خوێندن و دابەزین بە گوێرەی سیستەمی بۆلۆنیا لە زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر

١. پرۆسەی گواستنەوە و دابەزین لە زانکۆمان لە کۆتایی هەرساڵێکی خوێندن ئەنجام دەدرێت .(هەروەها دابەزین لە کاتی دەرجوونی ئەنجامەکانی زانکۆ لاینیش دەبێت).

٢. قوتابی دوای ئەوەی بۆ خوێندنی بەکالۆریۆس ناوی لە زانکۆی سەڵاحەدین- هەولێر هاتەوە، بۆی هەیە بۆ ماوەی (6) شەش وەرزی خوێندن دواخستن ئەنجام بدات، کە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

أ- دوو وەرز بە ئارەزووی قوتابی دەبێت، کە لە سەر میچی خوێندن هەژمار ناکرێت.

ب- دوو وەرز لە دەسەڵاتی ئەنجوومەنی کۆلێژ دەبێت و لەسەر میچی خوێندن هەژمار دەکرێت.

ج- دوو وەرز لە دەسەڵاتی ئەنجوومەنی زانکۆ دەبێت و لەسەر میچی خوێندن هەژمار دەکرێت.

د- بە پێچەوانەی خاڵەکانی (أ، ب، ج)ی سەرەوە ئەوا قوتابی سڕینەوەی ناو (ترقين قيد) دەکرێت، و دواتر دەتوانێت بە شێوەی پاڕاڵێل بگەڕێتەوە بۆ خوێندن.

٣. قوتابی دوای ناو گەڕانەوەی لە زانکۆی سەڵاحەدین- هەولێر و پەیوەندیکردنی بە زانکۆ بۆی هەیە هەردوو وەرزی ساڵی خوێندن یان تەنها یەک وەرز دوابخات. ئەگەر یەك (1) وەرزی دواخست ئەوا لە ساڵەکانی دواتردا ئەو وەرزە دەخوێنێتەوە، بەڵام ئەگەر دواخستنەکە لە هەر وەرزێک بوو ئەوا پێویستە ئەوە ڕەچاو بکرێت کاتێك لەو وەرزەی قوتابی دواخستنی تێدا کردووە مۆدیوڵی تەواوکار(پێش مەرج-Prerequisites) بوونی هەبوو، نابێت لە وەرزەکانی دواتردا ئەو وانانە بخوێنێت، کە پێویستیان بە خوێندنی مۆدیوڵ تەواوکارەکە (پێش مەرجەك)ەکە هەبووە.

٤. گواستنەوە تەنها لە نێوان زانکۆمان و ئەو زانکۆیانە ئەنجام دەدرێت، کە کار بە سیستەمی بۆلۆنیا پرۆسێس دەکەن. بەهیچ شێوەیەك گواستنەوە لە نێوان دوو سیستەمی لێك جیاواز لە نێوان زانکۆمان و زانکۆیەکی تر ئەنجام نادرێت. وەك: لە سیستەمی سالانە بۆ سیستەمی بۆلۆنیا، و بە پێچەوانەشەوە.

٥. هەر بابەتەتێك سەبارەت بە گواستنەوە و دابەزین قوتابیان بۆ زانکۆکەمان لەم ڕێبەریەدا ئاماژەی پێنەکرابێت بە پێی ڕێنمایی و گشتاندنە بەرکارەکانی ئەو بوارە، کە لە لایەن وەزارەت و زانکۆمانەوە دەرچوون مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

## تەوەری هەژدەیەم

## حوکمە گشتییەکان

١- سەرجەم بەش وکۆلێژەکانی زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، کە پەیرەوی سیستەمی بۆلۆنیا دەکەن پابەند دەبن بە جێبەجێکرنی ئەم ڕێبەرە. ئەو بەش و کۆلێژانەش، کە تاوەکو ئێستا بەتەواوەتی نەهاتوونەتە ناو سیستەمەکە بەپێی خشتەیەکی کاتی (زمني)، کە لە لایەن سەرۆکایەتی زانکۆوە دیاری دەکرێت پێوەی پابەند دەبن.

٢- کۆلێژەکان بەرپرسن لە ڕێکخستنی سیمنار و وۆرک شۆپی تایبەت بە ناوەڕۆکی ئەم ڕێبەرە بۆ مامۆستایان و قوتابیان بە هاوکاری و هەماهەنگی سەرۆکایەتی زانکۆ (بەڕیوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری).

٣- ئەم ڕێبەرە لەدوای گشتاندنی لە لایەن سەرۆکایەتی زانکۆوە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

٤- ئەم ڕێبەرە دەکرێت ساڵانە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت و گۆڕانکاری و هەمواری پێویستی بۆ بکرێت لەلایەن سەرۆکایەتی زانکۆ (بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری) بە هەماهەنگی لایەنە پەیوەندیدارەکانی زانکۆمان و پاشان گشتاندنی پێ بکرێتەوە.

## دەرئەنجام

ئەم ڕێبەرە وەك بنەمایەکی گرنگ بۆ گۆڕانکاری بنەڕەتی لە سیستەمی خوێندنی باڵا لە زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر دادەنرێت. بەپێی ئەم ڕێبەرە، زانکۆ دەتوانێت چوارچێوەیەکی ڕوون و یەکگرتوو دابنێت کە ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان بە پرۆسەی زانست و فێرکردن دیاری بکات، لە کۆلێژەکان و بەشە زانستییەکانەوە تا مامۆستایان و قوتابیان.

یەکێك لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم ڕێبەرە، ڕوونکردنەوەی میکانیزمەکانی کارکردن و هاوکاریکردنە لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی زانکۆدا. ئەمەش وایکردووە کە مامۆستایان ڕۆڵی خۆیان لە پرۆسەی نوێکردنەوەی بەرنامە ئەکادیمییەکاندا باشتر بگێڕن، هەروەها قوتابیان زیاتر ئاگادارین لە مافەکانیان و بەرپرسیارێتییەکانیان لە چوارچێوەی سیستەمی نوێی خوێندندا.

هەروەها ئەم ڕێبەرە دەبێتە هۆی باشترکردنی جۆریەتی(کوالیتی) خزمەتگوزاری ئەکادیمی لە زانکۆدا. بە دیاریکردنی ڕێکارە ڕوونەکان و ڕێوشوێنە ستانداردەکان، لیژنەی تاقیکردنەوەکان و تۆمار دەتوانن کارەکانیان بە شێوەیەکی کاریگەرتر و دادپەروەرانەتر ئەنجام بدەن، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادکردنی متمانەی قوتابیان و مامۆستایان بە سیستەمەکە.

لە کۆتاییدا، ئەم ڕێبەرە هەنگاوێکی گرنگە بۆ ئاراستەکردنی زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر بەرەو ستاندارده نێودەوڵەتییەکانی خوێندنی باڵا، بەتایبەتی لە چوارچێوەی پرۆسەی بۆلۆنیادا. ئەمەش دەرفەتی باشتر دەخاتە ڕوو بۆ درەستکردنی پەیوەندی و هێنانەکایەی هاوکاری لەگەڵ زانکۆکانی ئەوروپا و جیهان، هەروەها بۆ دانپێدانانی خوێندن و بڕوانامەکانی زانکۆمان لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیدا و ئاسانکاری دەکات لە ئاڵوگۆڕ و جوڵەی قوتابیان و ستافی ئەکادیمی زانکۆمان لە گەڵیاندا.

## پاشکۆی ژمارەی ناسێنەر و کۆدی تایبەت بە کۆلێژەکانی زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

| University Code | College | Code | Department | Code |
|---|---|---|---|---|
| S | Science | S01 | Biology | S0101 |
| | | | Chemistry | S0102 |
| | | | Physics | S0103 |
| | | | Mathematics | S0104 |
| | | | Earth Sciences and petroleum | S0105 |
| | | | Environmental Science and Health | S0106 |
| S | Engineering | S02 | Civil Engineering | S0201 |
| | | | Electrical Engineering/Electronics & Communication | S02021 |
| | | | Electrical Engineering/Power & Renewable Energy | S02022 |
| | | | Electrical Engineering/Control & Computer | S02023 |
| | | | Mechanical and Mechatronic Engineering | S0203 |
| | | | Architectural Engineering | S0204 |
| | | | Software Engineering | S0205 |
| | | | Damp and Water Resource Engineering | S0206 |
| | | | Geomatics (Surveying) Engineering | S0207 |
| | | | Chemical and Petrochemical engineering | S0208 |
| | | | Aviation Engineering | S0209 |
| S | Arts | S03 | Sociology | S0301 |
| | | | History | S0302 |
| | | | Geography | S0303 |
| | | | Archeology | S0304 |
| | | | Philosophy | S0305 |
| | | | Media | S0306 |
| | | | Social Work | S0307 |
| | | | Psychology | S0308 |
| S | Languages | S04 | Kurdish | S0401 |
| | | | Arabic | S0402 |
| | | | English | S0403 |
| | | | Persian | S0404 |
| | | | French | S0405 |
| | | | Turkish | S0406 |
| | | | German | S0407 |
| | | | Chinees | S0408 |
| | | | Translation | S0409 |
| S | | S05 | Animal Production and Health | S0501 |
| | | | Food technology | S0502 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | Agricultural Engineering Sciences | | Field Crops and Medicinal Plants | S0503 |
| | | | Plant Protection | S0504 |
| | | | Soil and Water | S0505 |
| | | | Forestry | S0506 |
| | | | Horticulture and Landscape Design | S0507 |
| | | | Fish Health and Production | S0508 |
| S | Administration and Economics | S06 | Administration | S0601 |
| | | | Economic | S0602 |
| | | | Statistics and Informatics | S0603 |
| | | | Accounting | S0604 |
| | | | Finance and Banking | S0605 |
| | | | Marketing Management | S0606 |
| S | Education | S07 | Biology | S0701 |
| | | | Chemistry | S0702 |
| | | | Physics | S0703 |
| | | | Mathematic | S0704 |
| | | | Arabic Language | S0705 |
| | | | Kurdish Language | S0706 |
| | | | English Language | S0707 |
| | | | Physiology and Educational Science | S0708 |
| | | | Special Education | S0709 |
| | | | Syrian Language | S0710 |
| S | Law | S08 | Law | S0801 |
| S | Political Sciences | S09 | Political system and public Policy | S0901 |
| | | | International Relation & Diplomacy | S0902 |
| S | Physical Education and Sport Sciences | S10 | Physical Education & Sport Science | S1001 |
| S | Basic Education | S11 | English Language | S1101 |
| | | | Mathematic | S1102 |
| | | | Social Sciences | S1103 |
| | | | Kurdish Language | S1104 |
| | | | General Sciences | S1105 |
| | | | Kindergarten | S1106 |
| | | | Arabic Language | S1107 |
| S | Islamic Sciences | S12 | Islamic Studies | S1201 |
| | | | Sharia | S1202 |
| | | | Islamic Education | S1203 |
| | | | Preaching and Religious Media | S1204 |
| S | Fine Arts | S13 | Plastic Art | S1301 |
| | | | Music Art | S1302 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | Cinema and Theater Art | S1303 |
| S | Education-Shaqlawa | S14 | Biology | S1401 |
| | | | Physics | S1402 |
| | | | Kurdish Language | S1403 |
| | | | Arabic Language | S1404 |
| | | | Physical Education | S1405 |
| | | | English Language | S1406 |
| S | Education-Makhmour | S15 | Kurdish Language | S1501 |
| | | | Arabic Language | S1502 |
| S | Veterinary Medicine | S16 | Veterinary Medicine | S1601 |
| S | College of Computer Science and Informatics | S17 | Computer Science | S1701 |
| | | | AI | S1702 |
| | | | IT | S1703 |

# Guidelines for the Implementation of the Bologna Process at Salahaddin University - Erbil (2025–2026)

